

باسکاڵ مەشعەلانی بۆ دەستوور:
کوردەکان ئیمێڵم بۆ دەنێرن.. 12



کچان مەیلیان بۆلای کوڕانی
کوردستان دەگێڕنەوە.. 13



بەسەیرکردنی فیلم کارتۆن
ژمارەی پیوانەیی دەشکێنێت.. 22


# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

ژمارە (٢٣)
چوارشەممە، ٢٠١٠/٣/١٧
(٢٤) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net




پاری بخوێنەرەوە

پاشکۆیەکی وەرزشیی رۆژنامەی دەستوورە،
رۆژانی دووشەممە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

بیۆنس یارمەتی
ئالوودەبووەکان دەدات.. 23

# پارتی پاشەکشەی جەماوەریی دەکات

## ژمارەی دەنگی رکابەرەکانی ١٠٠ هەزار زیادیکردووە



⭘ تایبەت بە دەستوور

بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن هێزە رکابەرەکانی پارتی کە پێکهاتوون لەگۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو، لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ١٠٠ هەزار زیاتر دەنگیان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا بەدەستهێناوە.

زانا رۆستایی بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا کۆمەڵی ئیسلامی لەدهۆک ٢ هەزار دەنگی هەبوو، لەهەولێریش ١٨ هەزارو ٥٠٠ دەنگمان هەبوو، بەڵام لەهەڵبژاردنی ٣/٧ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆمەڵی ئیسلامی لەدهۆک توانی ٤ هەزار دەنگ بهێنێت و لەهەولێریش ٦٢ هەزارو ٣٠٠ دەنگمان هێناوە».

وتی «چاوەڕوان دەکەین لەموسڵ نزیکەی ٢ هەزار دەنگێک بەدەستبهێنین».

لەلایەکی ترەوە بەشیر محەمەد بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەدەستووری راگەیاند لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا یەکگرتووی ئیسلامی لەپارێزگای دهۆک ٣٣ هەزار دەنگی هێنا، لەپارێزگای هەولێریش یەکگرتوو ٣٠ هەزارو ٥٠٠ دەنگ.

بەشیر محەمەد وتی «لەهەڵبژاردنی ٣/٧ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەپێی ئەو ئەنجامانەی تائێستا راگەیەنراوە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان توانیویەتی لەپارێزگای دهۆک زیاتر لە٥٨ هەزار دەنگ بەدەستبهێنێت، ئەمە جگە لەدەنگدانی تایبەت و دەرەوە، لەپارێزگای هەولێر یەکگرتووی ئیسلامی توانیویەتی ٥١ هەزار دەنگ بەدیاریکراوی بهێنێت».

د.بورهان یاسین سەرۆکی لیستی گۆڕان لەپارێزگای دهۆک لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند ئەو ژمارانەی تائێستا بۆیان دەرکەوتووە جگە لەدەنگدانی تایبەت و دەرەوە لیستی گۆڕان توانیویەتی لەپارێزگای دهۆک نزیکەی ٢٦ هەزار دەنگ بەدەستبهێنێت، وتی «بەرێژەی ٩٠٪ دەنگەکانمان زیادی کردووە، چونکە لە٧/٢٥ لیستی گۆڕان لەپارێزگای دهۆک ١٤ هەزارو ٦٠٠ دەنگی هێنابوو».

شۆرش حاجی پاڵێوراوی لیستی گۆڕان لەپارێزگای هەولێر وتی بەپێی ئەو ئەنجامانەی تائێستا راگەیەنراوە لیستی گۆڕان توانیویەتی ١٠٠ هەزار دەنگ بهێنێت، لەکاتێکدا لە٧/٢٥ ١١٧ هەزار دەنگیان بەدەستهێنابوو.

حاجی ئاماژەی بەوەدا کەمبوونەوەی دەنگەکانیان بەهۆی شاری کۆیەوە بووە کە لیستی گۆڕان پێیوایە ساختەکاری کراوە، نوێنەرەکانی ئیمزایان لەسەر دەنگدانی ئەو شارە نەکردووە.


9 5 2

### پێدەچێت بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکان، یەکێتی و گۆڕان پێکەوە کۆبکاتەوە

هەریەکە لەبەرپرسانی یەکێتی و گۆڕان ئامادەیی خۆیان بۆ دانیشتن لەگەڵ یەکتر دەردەبڕن و پێدەچێت بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانیش ئەو دوو لیستە بۆ بەغدا بەیەکەوە کۆبکاتەوە. ... 02

### ١٠٠ سندوق لەعێراقدا رەتدەکرێنەوە

ئەندامێکی کۆمیسیاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە لەزۆربەی پارێزگاکانی عێراقدا سندوق رەتدەکرێتەوە، بەتایبەتی لەکەرکوک چەند سندوقێک بەهۆی ئەوەی کە دەنگی زیاتر لەژمارەی دەنگدەرانی تێدابووە. ... 03

### ئۆپۆزیسیۆن پشتیوانی تاڵەبانی ناکەن

لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردستان کە لەگۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو پێکدێت، جگە لەکۆمەڵ، ئەوانی تر تائێستا هەڵوێستیان لەبارەی هەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی بەسەرۆک کۆماری عێراق یەکلاییەنەکردۆتەوە، راشیدەگەیەنن ئاشکراکردنی هەڵوێستیان لەوبارەوە بۆ دوای ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان دواخستووە. ... 04

### حیزبە بچوکەکان بارگەیان دەپێچنەوە

ئەو حیزبە بچوکانەی هاوپەیمانی یەکێتی و پارتی بوون، لەم هەڵبژاردنە نەیانتوانی هیچ کورسییەک بهێنن، چاوەڕواندەکرێت بارگەیان بپێچنەوەو رووەو تێکەڵبوون بەحیزبەکانی تر هەنگاو بنێن. ... 05

### «بە بەردەوامی ئازادی رۆژنامەگەری لەژێر هەڕەشەدایە»

نووسەرو رۆژنامەنووس ئاسۆس هەردی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت لەهەرێمی کوردستان ئازادی رۆژنامەنووسی پارێزراو نییە، ئاماژە بەوەشدەدات بەرپرسان راستگۆنین لەگەڵ بەڵێن و وتەکانیان سەبارەت بەسەروەری یاساو ئازادی رادەربڕین، زیادبوونی ئامارەکانی دەستدرێژیکردنە سەر رۆژنامەنووسان وەک بەڵگەیەک دەهێنێتەوە بۆ ترسی دەسەڵات لە ئازادی رادەبڕین. ... 07


# نێچیرڤان بارزانی پۆستی جێگری سەرۆکی پارتی رەتکردووەتەوە

⭘ پ. دەستوور

نێچیرڤان بارزانی لەروونکردنەوەیەکدا، مەسەلەی وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی پارتی رەتکردەوە، لەکاتێکدا ئەو پۆستەی لەلایەن مەسعود بارزانییەوە پێیدراوە.

لەبارەی ئەو هەواڵانەی باس لەوە دەکەن کە نێچیرڤان بارزانی، پۆستی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان وەردەگرێت، نێچیرڤان بارزانی لەروونکردنەوەیەکی بۆ رۆژنامەنووسان رۆژی دووشەممە ٣/١٥ رایگەیاند «مەسەلەکە ئەوە نییە من پۆستی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرناگرم، راستە ئەو پۆستە لەلایەن جەنابی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە، هەروەها لەلایەن مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی پەسەندکراوە، بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی دەستووری نێو خودی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە.»

نێچیرڤان بارزانی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا کە لەماڵپەڕی پەیامنێر بڵاوکرایەوەو دواتر لابرا، وتی «ئێمە لەناو پارتی بەرەو سازکردنی کۆنگرە دەڕۆین و هیوادارین ئەو شتانەی پێویستە بکرێن، لەنێو کۆنگرەدا جێبەجێی بکەین و رەئی لەسەر بدرێت.»

پێشتر دەزگاکانی راگەیاندن، لەهەندێک لەراپۆرتە رۆژنامەوانییەکانیاندا بەپشتبەستن بەوتەی چاودێرانی سیاسی و سیاسەتمەداران، ئەوەیان بڵاوکردەوە کەپێدانی ئەو پۆستە بەنێچیرڤان بارزانی، لەلایەن مەسعود بارزانییەوە، دوای ئەوە هات کەنێچیرڤان بارزانی باسی لەریفۆرم دەکرد لەنێو پارتیدا.



# لە ٧٠٠ برینداری چەکی کیمیایی ٢٧٠ یان لەلێواری مەرگدان

⭘ دانا هەڵەبجەیی

وتەبێژی کومەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە بەتوندی رەخنە لەخەمساردی حکومەت دەگرێت لەئاست دۆسیەکەدا، رایدەگەیەنێت لەکۆی ٧٠٠ بریندار ٢٧٠ کەسیان لەلێواری مەرگدان و کەس بەتەنگیانەوە نایەت، لە١٠ ساڵی رابردوودا ٨٠ بریندار گیانیان لەدەستداوە.

هۆشمەند موراد وتەبێژی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور رایگەیاند هەمیشە لەیادەکاندا داوای بەدەمەوەچونی بەپەلەی برینداران ئاڕاستەی بەرپرسان دەکەن، «بەڵام بەداخەوە کەسێک نییە بەجدی بێتە پێش و بەرنامەو پلانێک بۆ ئەم دۆسیەیە دابنێت کە پەیوەندیدارە بەژیانی سەدان کەسەوە کە ئێستا بەهۆی سەختی برینەکەیان و درێژەکێشانی نەخۆشیەکەیان لەلێواری مەرگدان.

هۆشمەند موراد وتی «بەپێی دوایین راپۆرتی لیژنەیەکی پزیشکی ئێرانی ئێستا ٧٠٠ بەرکەوتوی چەکی کیمیایی لەهەڵەبجە هەیەو ٢٧٠ کەسیان لەکەناری مەرگ نزیکبوونەتەوەو برینەکەیان قوڵبۆتەوە».

موراد دەڵێت بەپێی راپۆرتی ئەو لیژنە پزیشکیە زۆرینەی ئاسەواری ئەو چەکە، لەسەر سنگو چاو جێ ماوە کە ئاسەوارەکەش بەجۆرێکە چارەسەرکردنی مەحاڵە، ئەمەش بەکاریگەری ئەوەی کە ماوەی برینداریەکە زۆر درێژەی کێشاوە.

هۆشمەند وتی «ئەوەندە خەمساردانە مامەڵەیان لەگەڵ دۆسیەی بریندارانداکردوە، ئێمە پێمانوایە شتێک نییە لەهەرێم و عێراقدا بەناوی وەزارەتی تەندروستییەوە دەنا هەر زوو بەهانای ئەو بریندارانەوە دەهاتن».

بەپێی ئامارێکی کۆمەڵەی قوربانیانیش تەنها لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠)ەوە هەتا ئێستا (٨٠) کەس بەکاریگەری چەکی کیمیاوی گیانی لەدەستداوەو چەندانی تریش لەلێواری مەرگدان.

# پارتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی دەکات

پ.دەستوور لەهەولێر

بەهۆی سەرپێچیکردن لەبڕیاری دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، ئەگەری ئەوە هەیە مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە لێکۆڵینەوە لەگەڵ کاکەمین نەجار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی لقی ١٦ی پارتیدا بکات.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لەدەزگای هەڵبژاردنی پارتی بەدەستووری ڕاگەیاند بەوپێیەی لەپارێزگای هەولێر هەر کاندیدێک بەسەر بازنەیەکدا دابەشکرابوو، دەبوایە کادیرانو لایەنگرانی پارتی لەهەر بازنەیەک دەنگیان بەکاندیدی ئەو بازنەیە بدایە، بەپێی بڕیاری دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دەنگدەرانی تایبەت لەهەولێر دەبوایە دەنگیان بەکاندیدێکی لقی ٢ بدایە کە م.نەسرینە، بەڵام کاکەمین نەجار بەرپرسی لقی ١٦ پابەندی بڕیاری دەزگای هەڵبژاردن نەبووە، داوای لەهێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگە کردووە کە دەنگ بدەن بەکاندیدی لقەکەی ئەو کە ئەحمەد چاوشین بوو.

ئەو سەرچاوەیە وتی "ئەو پاڵێوراوە ئامۆزاو خەزوری بەرپرسی لقی ١٦یە، دەنگدەرانی تایبەتی پارتیش لەهەولێر دەنگیان بەکاندیدەکەی لقی ١٦ دابوو لەبەرئەوەی کاتی خۆی کاکەمین نەجار لەناو هێزی پێشمەرگە بووە، بۆیە زۆربەی هێزە پێشمەرگە دەنگیان بەکاندیدەکەی لقی ١٦ داوەو بەمەش کاندیدەکەی لقی ٢ دەنگی پێویستی نەهێناو دەرنەچوو، بەڵام کاندیدەکەی لقی ١٦ کە دەنگێکی چاوەڕواننەکراوی هەبوو بەدەنگی خۆی دەرچوو".

سەرچاوەکە وتی "ئەمە پەیوەندی بەکێبڕکێی نێوان لقی ١٦و لقی ٢ی پارتییەوە هەبووە لەهەولێر، لەبەرئەوەی م.نەسرین کاندیدی لقی ٢ بووەو ئەحمەد چاوشینیش کاندیدی لقی ١٦ بووە، بۆیە پێدەچێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ کاکەمین نەجاردا بکرێت بەهۆی پابەند نەبوونی بەبڕیاری حیزبەوە".



# ١٠٠ سندوق لەعێراقدا ڕەتدەکرێنەوە

فەرمان خێڵانی

ئەندامێکی کۆمیساری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە لەزۆربەی پارێزگاکانی عێراقدا سندوق ڕەتدەکرێتەوە، بەتایبەتی لەکەرکوک چەند سندوقێک بەهۆی ئەوەی کە دەنگی زیاتر لەژمارەی دەنگدەرانی تێدابووە.

سەردار عەبدولکەریم ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕاگەیاند لەزۆربەی پارێزگاکانی عێراقدا کێشە لەسەر سندوق هەیە، ئاماژەی بەوەدا ئەو سندوقانە دەستیان بەسەرداگیراوەو ڕەنگە لەحاڵەتی یەکلاییبونەوەدا ڕەتبکرێنەوە، کێشەکانیش خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە دەنگی زیاتر لەو سندوقانەدا هەیە، لەڕێژەی دەنگدەرانی ئەو وێستگانەی کە سندوقەکەی تێدابووە.

ئەو ئەندامەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وتی "هەرچەندە راپۆرتی کۆتاییمان پێنەگەیشتووە لەسەر ئەو سندوقانەی کە کێشەیان لەسەرە، بەڵام تا ئێستا بەپێی ئەو راپۆرتانەی کە هەن زیاتر لە١٠٠ سندوق لەعێراقدا کێشەیان لەسەرەو ڕەنگە ڕەتبکرێنەوە".

# لەدیالە ئاوارە کوردەکان لەیەکەی نیشتەجێبوون بێبەشدەکرێن

زانیار داقوقی

لەپارێزگای دیالە ٨ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو خێزانانە دروستدەکرێ کە بەهۆی نائارامییەوە بێماڵو حاڵ بوون، بەڵام خێزانە ئاوارە کوردەکان بێبەشکراون.

جەلیل ئیبراهیم ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند ئەو پرۆژەیە خێزانە کوردەکان ناگرێتەوە، وتی "تائێستا لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە هیچ خانوویەکی نیشتەجێبوون بۆ ئاوارە کوردەکان دروستنەکراوە، بەڵام ئێمە وەک ئەندامە کوردەکان لەئەنجومەنی پارێزگای دیالە هەوڵی جدی دەدەین، بەڵکو خێزانە ئاوارەکانی کورد بێبەشنەکرێن".

دیاری حسێن بەرپرسی لقی پارتی لەخانەقین بێبەشکردنی کوردەکان لەو یەکە نیشتەجێبوونانە، بەدووبارەکردنەوەی تەعریب ناودەبات، وتی "ئاوارە کوردەکان جگە لە١٠ ملیۆن دیناری قەرەبوو نەبێت، هیچ هاوکارییەکی دیکەیان لەلایەن حکومەتی عێراقی پێنەدراوە".



# هونەرمەندێك لەسەر پارەی ساختە دەستگیردەكرێت

پ.دەستوور

دوای ئەوەی هونەرمەند (ح.غ) بڕێک دۆلاری ساختەی پێدەگیرێت، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەولێرەوە دەستگیردەکرێتو ئێستا لەزیندانی محەتەی هەولێر زیندانی کراوە.

عەمید عەبدولخالق تەڵعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی هەولێر لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "٣/١٣ ڕۆژی شەممە هونەرمەند (ح.غ) بەبڕێک دۆلاری ساختەوە دەگیرێت، ئێمەش دەستگیرمانکردو ئێستا لەزیندانی محەتەی هەولێر زیندانیکراوە، لێکۆڵینەوەش لەو بارەیەوە بەردەوامەو هێشتا ساغ نەبۆتەوە بەسەریدا، بۆیە ناتوانم زانیاری زیاتر بدەم لەو بارەیەوە".



# ئاوارە گەڕاوەکان لەئێران دەڵێن حکومەتی هەرێم ٣٧ ملیۆن دیناری خواردووین

کامەران کەریم لەشارەزوور

٦٠ هەزار خێزانی ئاوارەبووی وڵاتی ئێران کە گەڕاونەتەوە ناو هەرێمی کوردستان، داوای ئەو ٣٧ ملیۆن دینارە دەکەن کە وەک قەرەبوو لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆ هەر خێزانێکی گەڕاوە خەرجدەکرێت، بەڵام حکومەتی هەرێم ئەو قەرەبووە ناداتە ئاوارەکان.

ئەو خێزانە ئاوارە گەڕاوانە لەناوچەکانی پێنجوێن، سەیدسادق، هەڵەبجەی شەهید، دەربەندیخان، کەلار، خانەقینو سلێمانی نیشتەجێن.

کەریم سۆفی یەکێکە لەو ئاوارانە دەڵێت تائێستا ئێمە هیچ جۆرە قەرەبوویەکمان بۆ نەکراوە، لەکاتێکدا حکومەتی عێراقی ٣٧ ملیۆن دینار خەرجدەکات بۆ هەر خێزانێک کە دەگەڕێتەوە ناو عێراق، وتی "ئێمە نەمانویست حکومەتی خۆمان ناشیرین بکەین، بەڵام ئێمە ناچاردەبین سکاڵا بکەین لای حکومەتی عێراق، زۆر هەوڵمان داوە تائێستا کەس خۆی ناکات بەخاوێنی ئەم هەموو خەڵکە".

عومەر ساڵح ئاوارەیەکی ترەوە وتی "بەداخەوە خەڵکانێک بەناوی ئاوارەوە دەوڵەمەندبوون بێئەوەی ئاوارە ببوون، ڕۆژێک ئێمەیان بانگکردووە بۆ سلێمانی کە پشووی ڕەسمی بووە، پێیانوتوین بڕی ١٦٠٠ دۆلارتان بۆ خەرجدەکەین بۆ هەرخێزانێک کارێکی پێ ئەنجامبدەن لەژێر سەرپەرشتی فەرمانگەی کۆچو کۆچبەران، بەڵام هەمووی درۆو فێڵکردن بوو لەئاوارە".

زاهیر عەلی بەرپرسی بەشی کۆچبەران لەبەڕێوەبەرایەتی کۆچو کۆچبەران لەسلێمانی وتی "پێشتر لەئیدارەی سلێمانی پارچە زەویەکو لەگەڵ ١٠ هەزار دیناری سویسری دەدرا بەهەر خێزانێکی ئاوارە، بەڵام کە ئیدارە یەکی گرتەوە ئەم بەرنامەیە لەسلێمانی وەستا حکومەتی هەرێم تائێستا هیچ ڕێنماییەکی سەبارەت بەو کەسانەی کە ئاوارەبوون گەڕاونەتەوە، دەرنەکردووە".

زاهیر دەڵێت لەمانگی ١٢ی ٢٠٠٩ نووسراویان کردووە بۆ هەولێر داوایانکردووە لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە نووسراو بدرێت بەئەنجومەنی وەزیران کە هەوڵبدرێت لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم هاوکارییەکی ئەو خەڵکە بکات، وتی "بەڵام تا ئێستا وەڵاممان نەدراوەتەوە، ئەم خەڵکە بەهۆی شۆڕشەوە ئاوارەبوون مافی شەرعی خۆیانە هاوکاری بکرێن".



# بۆ بەغداد، دەسەڵات ئۆپۆزیسیۆن پشتگوێ دەخات

## پێدەچێت کورد لەپەرلەمانی عێراق لەدوو بەرەی جیادا بن

دانا هەڵەبجەیی

کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەی مەسعود بارزانی لەگەڵ سەرکردەی لیستە عێراقییەکان بەشێک لەپارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی نیگەران کردووەو دەڵێن پشتگوێ خستنی ئۆپۆزیسیۆن ناچاریان دەکات بەرەیەکی جیا لەبەغداد پێکبهێنن.

دوای دەرکەوتنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن بەشێک لەلیستە گەورەکانی عێراق لەگەڵ مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی سەرکردەی لیستی هاوپەیمانیدا کۆبوونەوە، لیستەکانی تری کوردستان دەڵێن دەبوایە هەموو کورد پێکەوە بەشداری ئەو گفتوگۆیانەی بکردایە.

سەلاحەدین بابەکر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەگرتووی ئیسلامی رایدەگەیەنێت هەر کۆبوونەوەیەکی پێشوەختی لیستی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە عێراقیەکان بەبێ قسەکردن لەگەڵ سێ لایەنە براوەکەی تری هەرێم، ئاکامی باشی نابێت، وتی "ئێمە وەک ئۆپۆزیسیۆن چاوەڕێی موبادەرەی لیستی هاوپەیمانی دەکەین، بەڵام بەداخەوە هاوپەیمانی لەسەر پەراوێزخستنەکانی بەردەوامە، بۆیە ئەو زەمانە بەسەرچووە کە تاک لایەنانە لیستی هاوپەیمانی بڕیار دەربکات".

رایگەیاند ئێستا ئۆپۆزیسیۆن خاوەنی ژمارەیەکی بەرچاو کورسییە لەبەغداو لەسێ لایەنی سەرەکی پێکدێن، بۆیە ناکرێت بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

بزووتنەوەی گۆڕان چاوەڕێی راگەیاندنی ئەنجامەکان دەکات دواتر بەڕوونی هەڵوێستی خۆیان دەردەبڕن.

محەمەد تۆفیق رەحیم وتەبێژی لیستی گۆڕان لەلێدوانێکدا بەدەستووری راگەیاند ئەوان چاوەڕێی راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکەن، پاش ئەوەش هەڵوێستی خۆیان لەسەر مەسەلەکە دەردەبڕن.

وتەبێژی لیستی گۆڕان وتی "دەبوو لیستی هاوپەیمانی پێشتر لایەنەکانیان ئاگادار بکردایە، بەڵام وەک ئاماژەم پێکرد ئێمە پێشمان بوترایە بەشداریمان نەدەکرد تا یەکلاکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان".

سەبارەت بەوەش ئەم پەراوێزخستنە نابێتە هۆی ئەوەی کە لەداهاتوودا کوتلەی کوردی لەبەغداد پارچە پارچە بکات، رەحیم رایگەیاند: پێ ناچێت مەسەلەکە بەو شێوەیەش بێت.

بۆ مەسەلەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، عادل عەبدولمەهدی سەرکردەی دیاری ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقو دواتر ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عێراقییە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا کۆبوونەوە، ئەمەش تووڕەبوونی چەند لایەنێکی تری هەڵبژاردنی لەهەرێمدا لێکەوتەوە، بەجۆرێک هەڕەشەی ئەوە بکەن کە بەرەیەکی تر پێکبهێنن، هەڕەشەی ئەوەشی کرد ئەگەر لیستی هاوپەیمانی لەداهاتووشدا تاک لایەنانە بڕیار دەربکات بەبێ حسابکردن بۆ هێزە براوەکانی تر، ئەوا ئەوانیش ناچاردەبن کە بچنە بەرەیەکەوەو لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا بکەونە گفتوگۆ.

بەبۆچوونی هەندێ لەچاودێرانی سیاسی ئەگەر دۆخەکەش بەو شێوەیە بەردەوام بێت کە تائێستا هاتووەو چارەسەرێکی پێویستی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا لەئەنجومەنی تازە هەڵبژێراوی نوێنەرانی عێراقدا کورد لەدوو بەرەی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە وەرگرتنی یەکێک لەپۆستە سیادییەکانی وەک سەرەک کۆمار بۆ کورد کەوتۆتە مەترسیەوەو بەشێک لەبەرپرسە باڵاکانی هەردوو باڵی سوننەو شیعەش چەند جارێک ئەوەیان دووپات کردەوە کە ئەو پۆستە دەبێت بدرێتە کەسێکی عەرەب.



# پێدەچێت بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکان، یەکێتیو گۆڕان پێکەوە کۆبکاتەوە

پ. دەستوور

هەریەکە لەبەرپرسانی یەکێتیو گۆڕان ئامادەیی خۆیان بۆ دانیشتن لەگەڵ یەکتر دەردەبڕنو پێدەچێت بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانیش ئەو دوو لیستە بۆ بەغدا بەیەکەوە کۆبکاتەوە.

ئازاد جوندیانی بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە، لەلێدوانێکیدا بۆ سایتی دەستوور، رایگەیاند "ئێمە وەک یەکێتی یاخود هاوپەیمانی کوردستانی، هەرشتێک بەرژەوەندی کوردی تیدابێت ئەوە ئێمە ئامادەین کاری لەسەر بکەین".

جوندیانی وتی "ئێمە لەبەغدا بەرژەوەندیو هەرشتێک قازانجی نەتەوەکەمانی تێدابێت ئەوا دەیکەین، ئەگەر بەدانیشتنیش بێت لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا".

هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کەلیستی کوردستانی بەرنامەی خۆی دەبێت بۆ هاوپەیمانێتیو وتی "هەر لایەنێک پابەندی بێت، ئەوە ئێمە هاوپەیمانی لەگەڵدا دەکەین". لەلایکی ترەوە، بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان ئامادەیی بزووتنەوەکەیانی نیشاندا بۆ دانیشتنو نزیکبوونەوە لەگەڵ هەر لیستێک کەبەرژەوەندی نەتەوەیی تێدابێت.

محەمەد تۆفیق رەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، بەسایتی دەستووری وت "ئێمە ئەگەر هاوپەیمانی بەمەبەستی نزیکبوونەوە دەستی هاوپەیمانێتیمان بۆ درێژ بکات، ئێمە ئامادەین هاوپەیمانی دروستبکەین".

تۆفیق وتیشی "ئامادەین لەگەڵیاندا دابنیشین بەمەبەستی تاوتوێکردنی بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانمانو هیچ کێشەیەکمان نییە لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیدا".

# حیزب کێشە بۆ کۆمپانیایەکی نیشتەجێبوون دروستدەکات

فەرمان خێڵانی لەدەربەندیخان

بەڕێوەبەری کارەکانی کۆمپانیای رووناکی لەدەربەندیخان رایگەیاند چەند جوتیارێک بەهاندانی مەڵبەندی یەکێتی، رێگرن لەدەستکردن بەکار لەپڕۆژەیەکی نیشتەجێبووندا کە نزیکەی ٥ مانگە زەوی بۆ تەرخانکراوەو هاووڵاتیان پێشەکیان داوە.

ئەحمەد حەسەن بەڕێوەبەری کارەکانی کۆمپانیای رووناکی لەدەربەندیخان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور راگەیاند "بەشی دووەمی پڕۆژەکەمان کە ٢٠٠ یەکەی نیشتەجێکردنە، پێش چەند مانگێک لەلایەن شارەوانییەوە زەویمان بۆ دیاریکرا، دواتر ٢ جوتیار سکاڵایان تۆمارکردو داوای قەرەبوویان کردبوو، ئێمەش وەک کۆمپانیا قەرەبووی یەکێک لەو ٢ جوتیارانەمان کردەوە، ئەوی تریشیان رەزامەندی دەربڕیوە کە قەرەبووی ئێمە وەربگرێتو دەست لەسکاڵاکەی هەڵبگرێت، بەڵام دواتر چەند جوتیارێکی تر کە زەویەکانیان لەدەرەوەی سنوری ئیشکردنی ئێمەوەیە، پەنایان بۆ حیزب بردووەو داوای قەرەبوو دەکەنەوە بەبیانووی ئەوەی کە گوایە لەداهاتوودا زەویەکانی ئەوانیش دەدرێت بەکۆمپانیایەکی ترو دەترسن قەرەبوو نەکرێنەوە، لەبەر ئەو سکاڵایەی ئەوان لایەنە حکومییەکان لەدەربەندیخان کارەکەی ئێمەیان راگرتووە".

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە داواکارە حکومەت بەدەم چارەسەرکردنو قەرەبووکردنەوەی ئەو جوتیارانەوە بێتو بۆئەوەی کێشەی ئەو ٢٠٠ هاووڵاتییە چارەسەر بکرێت.

رێژین یەکێکە لەو ٢٠٠ هاووڵاتییە بەشداربووەی کە پارەی بەو کۆمپانیایە داوە بەدەستوور دەڵێت پێش نزیکەی ٥ مانگ هەر بەشداربوویەک پێنج ملیۆنو هەندێکی تریش حەوت ملیۆن دیناریان تەسلیم بەو کۆمپانیایە کردووەو پەیوەستنامەش واژۆ کراوە، بەڵام تا ئێستا کە ماوەیەکی زۆر دەکات تەنانەت بناغەکەشیان دانەناوە.

رێژین وتی "دەڵێن مەڵبەندی دەربەندیخانی یەکێتی دەستیان خستۆتە ناو کارەکەوەو ئەو جوتیارانەیان لەکۆمپانیایەکە هانداوە، ئەگینا شارەوانی دەربەندیخان زەویان بۆ ئەو پڕۆژەیە دیاریکردووە، ئێستاش شارەوانی بێهەڵوێستە لەبەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ٢٠٠ هاووڵاتییەو قەرەبووکردنەوەی ئەو جوتیارانە".

رێژین داوای کرد پارەکەیان بۆ بگەڕێننەوەو بەڕێوەبەری کارەکانی کۆمپانیای ناوبراو دەڵێت هەر بەشداربوویەکیش پارەکەی خۆی بوێت بۆی دەگەڕێننەوە.



# ئەژدەر وەهبی بە٩٠ هەزار دۆلارەوە بەرنامەکەی جێهێشت

پ. دەستوور لەهەولێر

بەهۆی نەبوونی سپۆنسەرێکی سەرەکی بۆ بەرنامەی ئەژدەر شۆ، ئیدارەی کۆڕەک تیڤی گریبەستەکەی ئەژدەر وەهبیان هەڵوەشاندەوەو بەرنامەکەیان داخستو ٩٠ هەزار دۆلاریان دا بەئەژدەر وەهبی.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەکۆڕەک تیڤی بەدەستووری راگەیاند بەپێی ئەو گرێبەستەی کە لەنێوان ئەژدەرو کۆڕەک تیڤیدا هەبوو، بڕیار بوو ١٢٠ هەزار دۆلار بەئەژدەر بدەن، لەبەرامبەر پێشکەشکردنی ٣٠ بەرنامەدا، بەڵام لەلایەن کۆڕەک تیڤیەوە گرێبەستەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە، بەهۆی نەبوونی سپۆنسەر بۆ بەرنامەکە، لەبەرامبەردا ئەژدەر وەهبی تەنها ٩٠ هەزار دۆلار وەردەگرێت.

ئەو سەرچاوەیە وتی "ئەژدەر بۆ خۆدزینەوە لەڕاگەیاندنەکان بە٩٠ هەزار دۆلارەوە، دوای ٣ کاتژمێر لەپێشکەشکردنی دوایین بەرنامەیدا دەستبەجێ گەڕایەوە بۆ سوید".

ئەژدەر لەدوا بەرنامەیدا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە بەرنامەکەی لەیەکێک لەکەناڵە کوردییەکانی تردا و لەکاتێکی تردا بەردەوام دەبێت".

info@destur.net



ئاسۆس هەردی؛ نووسەرو رۆژنامەنووس بۆ دەستوور: بەبەردەوامی ئازادی رۆژنامەگەری لەژێر هەڕەشەدایە

لاپەڕە٧

# کورد بێبەرنامە دەچێتە بەغدا

## تائێستا هیچ هەوڵێک بۆ دانانی بەرنامەو گوتارێکی کوردی یەکگرتوو نییە

کاروخ نامیق لەسلێمانی

لیستو قەوارە کوردییەکان تائێستا هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ دانانی بەرنامەیەکی یەکگرتوو، هەمووشیان کۆکن لەسەر ئەوەی کەبەرنامەو گوتارێکی یەکگرتووی کوردی هەبێت لەبەغدا.

لیستە کوردییەکان لەبارەی چۆنییەتی کارکردن لەپەرلەمانی عێراقو بەشداریکردنی کورد لەگفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، تائێستا گوتارێکی یەکگرتوویان نییە.

سیاسەتمەدارێکی کورد دەڵێت دەبێت لیستە کوردییەکان سوود لەهەڵەی هاوپەیمانیەکانی رابردوو وەربگرن، پێشنیاری ئەوەشدەکات کەکوردەکان لەئێستاوە پێش چوونیان بۆ بەغدا بیر لەگوتارێکی یەکگرتووی کوردی بکەنەوە.

تەواوی قەوارەکان لای خۆیانەوە پێیانباشە کوردەکانی بەشدارلەپەرلەمانی داهاتووی عێراق، پێش چوونیان بۆ بەغدا کۆببنەوەو ململانێیەکانی نێوانیان لەبیر بکەن، بەڵام تائێستا هیچ هەوڵێک بۆ کۆبوونەوەو رێککەوتن لەسەر گوتارێکی یەکگرتووی سیاسی کوردی نییە.

هادی عەلی بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بەدەستووری وت "یەکگرتوی ئیسلامی هەر جموجۆڵێکی سیاسی بکات لەچوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان مامەڵە لەگەڵ هەر لایەنێک دەکات". هادی عەلی بەگرنگی زانی لایەنە کوردییەکان گفتوگۆیەک لەنێوانیاندا هەبێو لەسەر ستراتیژێکی هاوبەش رێکبکەونو وتی "بۆئەوەی کورد لەبەغدا بەپێگەیەکی بەهێزترەوە مامەڵە بکات".

لەپەرلەمانی رابردووی عێراقدا، تەنها دوو قەوارەی کوردی بەشداربوون لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، ئەوانیش لیستی هاوپەیمانی کوردستانو



بڵێی دەنگم بەفیڕۆ بروات؟

یەکگرتووی ئیسلامی بوون، بەڵام ئێستا جگە لەو دوو قەوارەیە هەریەکە لەبزووتنەوەی گۆڕانو کۆمەڵی ئیسلامیش زیادیکردووە، بۆیە بەلای لایەنەکانەوە گرنگی بوونی گوتارێکی کوردی زیاتر دەبێت. ئەو بەرپرسەی یەکگرتوو، وتی "ئێستا تەنها لیستی هاوپەیمانی نوێنەرایەتی کورد ناکات، بەڵکو ئێستا لەدەرەوەی هاوپەیمانی نزیکەی ٢٠ کورسی تر هەیە، لەبەرئەوە گرنگە رێککەوتنێک هەبێت".

بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، رەخنە لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان دەگرێت کەتاک لایەنەو هەروەکو جاران هەڵسوکەوت دەکات، "تەنها خۆی بەنوێنەری کورد دەزانێت".

محەمەد تۆفیق رەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان بەدەستووری وت "مەرجی سەرەکی ئێمە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هەر هاوپەیمانیەتییەکو هەر لایەنێک بۆ دروستکردنی حکومەتی عێراق، ئەوەیە ئەو لیستانەی حکومەت پێکدەهێنن چۆن سەیری کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا دەکات".

محەمەد تۆفیق رەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان بەدەستووری وت "دوای ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەردەکەوێت بزووتنەوەی گۆڕان ئامادەیە گفتوگۆ لەگەڵ هەموو لیستەکاندا بکات".

حاکم فەرهاد رەسوڵ سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپارێزگای سلێمانی بەپێویستی دەزانێت لەئێستاوە، گفتوگۆکان دەستپێبکات، چ بۆ رێککەوتنێک لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا، چ بۆ قسەکردن لەسەر پێکهێنانو بەشداریکردن لەحکومەتی داهاتوودا. حاکم فەرهاد وتی"لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ هەرگفتوگۆیەک ئەگەر بکرێت جەختدەکاتەوە لەسەر مافەکانی کورد لەوانە مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکانو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠و مەسەلەی پێشمەرگەو بودجە". هەروەها وتی "بۆئەوەی ئەزموونی رابردووش دووبارە نەبێتەوە، ئەرکی سەرشانی پەرلەمانتارانە شەڕ لەسەر داخوازییە نەتەوەیەکانی کورد بکەن".

ئەگەرچی لایەنەکان هەموویان کۆکن بۆ گفتوگۆو قسەکردن لەگەڵ یەکتر، بەڵام تا ئێستا هیچ هەوڵێکیان بۆ لێکنزیکبوونەوەو دانیشتن لەگەڵ یەکدا نەکردووە، چاوەڕوانیش دەکرێت بەو شێوەیەو بێ بەرنامە بچنە بەغدا.

عەبدولستار مەجید ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بەدەستووری وت "ئێمە وەک کۆمەڵی ئیسلامی بۆ پرسە نەتەوەیەکانو کێشەکانی کەپەیوەندییان بەکوردەوە هەیە هاوهەڵوێست دەبین، بەبێئەوەی چاومان لەپۆستو پلەو پایەبێت".

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵ، نیگەران بوو لەوەی پارتیو یەکێتی ئەو دەستپێشخەرییە ناکەن بۆ کۆبونەوەی لایەنەکانو وتی "هەندێک کات کەپارتیو یەکێتی پێویستیان بەڕای ئێمە دەبێت بۆ خۆیان ئەوە دەبێت بەمحاسەسە، بەڵام دەبێت من چەندە ئەرکم لەسەر شانە بۆ پشتگریکردن لەوان لەهەمانکاتدا ئێمە مافمان دەوێت".

سیاسەتمەداری کورد، مەحمود عوسمان، پێیوایە دەبێت لیستە کوردییەکان لەسەر بنەمای بەرنامە یان رێککەوتنێکی سیاسی بچنە بەغداو لەگەڵ ئەو لایەنانەی حکومەت پێکدەهێنن رێکبکەون.

دکتۆر مەحمود عوسمان دەڵێت کورد دەبێت چاوبخشێنێتەوە بەچۆنیەتی بەشداریکردن لەرابردوودا، بزانێت ئەو کارانەی کردوویەتی کامەی هەڵە بووەو کامەی راست بووە.

مەحمود عوسمان بەنیگەرانییەوە وتی "لەحکومەتەکەی مالکیدا کورد هیچ هەڵوێستێکی نەبوو نەیتوانی ئەو رێککەوتنەی لەنێوانی هاوپەیمانی کوردستانو حکومەتەکەی مالکیدا هەبوو جێبەجێی بکات، کوردیش رۆژێک لەرۆژان وەزیرەکانی نەکشانەوە، کورد هەڕەشەی ئەوەی نەکرد بڵێت ئەوەمان بۆ نەکەن بەشداری حکومەت ناکەین، لەبەرئەوە ئەگەر تۆ هیچ هەڵوێستت نەبێت ئەویش نایکات، بۆیە دەبێت پێشوەخت بەرنامەیەکی توندوتۆڵ لەنێوان لیستە کوردییەکاندا هەبێت، بۆئەوەی ئەو هەڵانە دووبارە نەبێتەوە".

ئەو سیاسەتمەدارەی کورد جارێکی تر جەختی لەسەرئەوە کردەوە "دەبێت لایەنە کوردیەکان پێشئەوەی بڕۆن بۆ بەغدا لەکوردستان رێکبکەونو لەسەر خاڵە سەرەکییەکان یەک هەڵوێست بن، ئەگەر کورسیشیان لەحکومەت بەرکەوت بەرێکەوتن لەنێوان خۆیان دابەشیبکەنو هەوڵبدەن وەک یەک تیم ئیش بکەن".

# حیزبە بچوکەکان بارگەیان دەپێچنەوە

## بەشێک لەحیزبە بچوکەکان تێکەڵ بەیەکێتی دەبنو بەشێکیان رووەو پارتی دەڕۆن

محەمەد حەمەنەجیب لەسلێمانی

ئەو حیزبە بچوکانەی هاوپەیمانی یەکێتیو پارتی بوون، لەم هەڵبژاردنە نەیانتوانی هیچ کورسییەک بهێنن، چاوەڕواندەکرێت بارگەیان بپێچنەوەو رووەو تێکەڵبوون بەحیزبەکانی تر هەنگاو بنێن.

لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بەروونی دەرکەوت جگە لەیەکێتیو پارتی، تەنها بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵو یەکگرتوو لەگۆڕەپانی کوردستان پێگەیان هەیە، باقی حیزبەکانی تر کەزیاتر لە ١٠ حیزبن هیچ کورسییەکیان نەهێناوە.

نەهێنانی هیچ کورسییەک ئەگەرەکانی تێکەڵبوونو پێچانەوەی بارەگاکانیان زیاتر دەکات، بەتایبەت لەئێستادا یەکێتیو پارتی کار بۆ راکێشانی ئەو حیزبانە دەکەن.

ئەو حیزبانەی بوونە هاوپەیمانی یەکێتیو پارتی، لەم هەڵبژاردنەدا، توشی شکستێکی گەورە بوون، بەرپرسانی ئەو حیزبانەش بیانووی جۆراوجۆر دەهێننەوە لەنەهێنانی هیچ کورسییەکدا.

١١ حیزبی کوردستانی، هاوپەیمانیەتی یەکێتیو پارتیان دەکرد، لەم هەڵبژاردنەدا، بەڵام هیچ یەکێک لەو حیزبانە نەیانتوانی دەنگی پێویست بۆ گەیشتن بەپەرلەمانی عێراق بەدەستبهێنن.

قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زحمەتکێشانی کوردستان (باڵی سکرتێر)، بەدەستووری وت "نەهێنانی هیچ کورسییەک بۆ یاسای هەڵبژاردنەکە دەگەڕێتەوە، کە فرە بازنەیی بوو، دەنگەکان دابەشدەبنو کۆنابنەوە، بۆیە لەتوانای ئەو حیزباندا نییە بەتەنها لەیەک پارێزگادا بایی کورسییەک دەنگبهێنن".

بەڕای قادر عەزیز، بوونی ململانێیەکی زۆر توند لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنو هەردوو حیزب کە لەهاوپەیمانیدا بوون، حیزبە بچوکەکان زەرەرمەند بوون.

قادر عەزیزو حیزبی سۆسیالیست پێشتر لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆن بوون، لەهەڵبژاردنی ٧/٢٥داو رەخنەیان لەحکومەتو دەسەڵاتی کوردی دەگرت، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی ٣/٧ گەڕانەوە لای حیزبی دەسەڵات. قادر عەزیز نەیشاردەوە "ئێمە وەکو حیزبە بچوکەکان لاوازبووین"، هەروەها وتی "ئەگەر ئەمڕۆ لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆن نەبیت، خەڵک دەنگت ناداتێ، بۆیە دەبێت تۆ لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆن بیتو داخوازییەکانی خەڵک جێبەجێ بکەیت، حزبێکی رەخنەگر بیت".

تێکەڵبوونو بارگە پێچانەوەی حیزبە بچوکەکان رووەو حیزبەکانی سەر بەدەسەڵات، لەدوای پاشەکشێو دەرکەوتنی قورساییان لەم هەڵبژاردنەدا، ئەگەرەکان زیاتر دەبن.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور پێش هەڵبژاردنی ٧/٢٥ جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی، پێشنیاری تێکەڵبوونی حیزبی زەحمەتکێشان (باڵی قادر عەزیز)و حیزبی سۆسیالیست لەگەڵ یەکێتیدا خستووەتە بەردەم سکرتێری ئەو دوو حیزبە، وەکو پارسەنگێک دوای چونەدەرەوەی بۆ باڵی ریفۆرم لە یەکێتی کەپاشان بزووتنەوەی گۆڕانیان دروستکرد، بەڵام کاتی خۆی ئەو پێشنیارە چیتر گفتوگۆی لەسەر نەکرا.

دەستوور ئەوەی زانیوە، جارێکیترو پێش هەڵبژاردنی ٣/٧، ئەو باسو خواسە سەری هەڵداوەتەوەو یەکێتی جارێکی تر ئەو پێشنیارەی کردووەتەوە، بەڵام هیچ دەنگی نەبوو.

دەرکەوتنی لاوازی پێگەی جەماوەری سۆسیالیستو کێشەکانی ئێستای حیزبەکەی قادر عەزیزو کەمی دارایی ئەو حیزبە، ئەگەری تێکەڵبوونی ئەو دوو حیزبە لەگەڵ یەکێتی زیاتر دەکات. قادر عەزیز لەوبارەیەوە، وتی "ئەم هەڵبژاردنە شتی نوێی هێناوەتە کایەوە، بۆیە حیزبی زەحمەتکێشان پاشەکشەی کردەوە"، هەروەها وتی "دەکرێت ئەمە وێستگەیەک بێت بۆ بەخۆداچوونەوە"، بەڵام چۆنیەتی بەخۆداچوونەوەکەی ئاشکرا نەکرد.

لەلایەکی ترەوە دەستوور ئەوەی زانیوە، کەهەوڵەکانی پارتی بۆتێکەڵبوونی باڵی مەکتەبی





سیاسی حیزبی زەحمەتکێشان لەگەڵ حیزبەکەیاندا بەردەوامە، بەتایبەت ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە لەگەڵ بەرپرسانی پارتیدا لەسەردەمی کابینەی پێنجەمدا بەینیان خۆشبووە.

سەعد خالید ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە بەدەستوری وت "ئێمە نەدوور نەنزیک ئەو باسەمان لەگەڵ پارتیدا نەکردووەتەوەو ئەوەش لەبەرنامەی ئێمەدا نییە".

حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق، لەدوای تێکەڵبوونی هەردوو ئیدارەی سلێمانیو هەولێر لەگەڵ یەکتردا، نێوانیان زیاتر لەگەڵ پارتیدا هەیە، بەتایبەت لەکابینەی شەشەمدا دەرکەوت ئەندامانی ئەو حیزبە بەهەوڵی پارتی سوودمەندبوون لەحکومەت، لەکاتێکدا ئەوان بەدابەزینیان لەگەڵ ٦ حیزبی تری چەپ، تەنها کورسییەکیان بەدەستهێنا، بەڵام جگە لەپێدانی وەزارەتێک وتەبێژی رەسمی حکومەتو راوێژکاری رۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەتیان بەهەوڵی پارتی پێدراوە. ئەبو کاروان ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شوعی کوردستانی عێراق بەدەستووری وت "ئێمە کەموکورتیمان هەیەو پێوستیمان بەوە هەیە لەسەر ئەو کەموکورتییانە بوەستین". هەروەها وتی "ئێمە رێگەچارەی گونجاو دەدۆزینەوەو دایدەنێن".

چاودێرانی سیاسی توانەوەی ئەو حیزبانە لەناو حیزبەکانی تردا، لەئێستادا بەباشترین چارەسەر بۆ ئەو حیزبانە دەزانن، ئاماژە بەوەشدەکەن کەتەنها بوونی چەند بەرژەوەندییەک ئەو حیزبانەی هێشتووەتەوە.

رێبوار کەریم مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی بەدەستوری وت "هەندێک لەو حیزبانە من ئاگادارم بیرۆکەی ئەوەیان هەیەو راوێژ لەگەڵ ئێمەدا دەکەن کەچۆن خۆیان لەناو حیزبێکی تردا بتوێننەوە".

رێبوار وتی "لەبەرئەوە ئەمڕۆ خەڵک دەڕوانێتە کردار، ئەوەندە سەیری بەرنامە ناکات، بۆیە بەلای خەڵکەوە گرنگ نییە ئەوان دەستکاری بەرنامە بکەن یان نەیکەن".

بەڕای ئەو شیکەرەوە سیاسییە، مەسەلەی بوونی ئەو حیزبانە هەندێک بەرژەوەندی هەیەو وتی "کاتێک حیزبێکی وەکو (زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، بزووتنەوە) لەناو پەرلەمانی کوردستاندا کورسییان هەیە واتە بڕێک پارە وەردەگرن، ئەمەش مەسەلەکەیە".

بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، لەهەڵبژاردنی ٧/٢٥دا بەجیا بەشداری لەهەڵبژاردنەکان کردو توانی دوو کورسی بەدەستبهێنێت، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا هیچ کاندیدێکیان نەگەیشتە پەرلەمانی عێراق. حاجی کەمال رەحیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان وتی "بزووتنەوە لەهەڵبژاردنی ٧/٢٥ بەلیستێکی سەربەخۆ دابەزی، دروشمێکمان بەرزکردە کەئەوە دژی هاوپەیمانییە، بەڵام بۆ هەڵبژارنی پەرلەمانی عێراق ئێمە چووینە ناو هاوپەیمانی کوردستانەوە، ئەمەش دژی دروشمەکانی خۆمان بوو".

بەڕای چاودێرانی سیاسی، حیزبێک ئەگەر نەیتوانی لەهەڵبژاردنێکدا دەنگی پێویست بۆ بەدەستهێنانی کورسییەک بەدەستبهێنێت، ئەوا مانای نەبوونی ئەو حیزبەو کۆتایی هاتنی دەگەیەنێت.

بەڵام حاجی کەمال دەڵێت "حیزب لەهەڵبژاردنێکو دووان کاڵنابێتەوە، ئەگەری هەیە لەهەڵبژاردنێکیان سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، بەڵام لەیەکێکی تریاندا سەرنەکەوێت".

بزووتنەوەی ئیسلامی بەنیازە پێداچوونەوەی سیاسی بکاتو پرس بەجەماوەرەکەی بکات. حاجی کەمال وتی "چونکە ناکرێت هەر قیادە بڕیاربدات، ئێستا خەڵک چاوکراوەیە، بۆیە دەبێت بڕیارەکان بدەیتەوە دەست جەماوەر".

برزۆ عەلی عەبدوڵڵا کاندیدی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان لەپارێزگای هەولێر بەدەستووری وت "دەنگ نەهێنانمان بەو مانایە نییە کەئێمە بچوک بووینەتەوە، چونکە هەڵبژاردنی ترمان لەبەردەمدایە، ئەگەر لەدوو سێ هەڵبژاردندا دەنگمان نەهێنا ئەوا مانای ئەوەیە بەرەو بچوکبونەوە دەچین".

رێبوار کەریم وتی "باشترین چارەسەر بۆ ئەو حیزبانە ئەوەیە خۆیان بتوێننەوە لەناوحزبێکی تردا".

# ئۆپۆزیسیۆن پشتیوانی تاڵەبانی ناکەن

## پارتیو کۆمەڵی ئیسلامی دەیانەوێت تاڵەبانی ببێتەوە بەسەرۆک کۆمار

**کاروخ نامیق لەسلێمانی**

لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردستان کە لەگۆڕانو کۆمەڵی ئیسلامیو یەکگرتوو پێکدێت، جگە لەکۆمەڵ، ئەوانی تر تائێستا هەڵوێستیان لەبارەی هەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی بەسەرۆک کۆماری عێراق یەکلایینەکردۆتەوە، ڕاشیدەگەیەنن ئاشکراکردنی هەڵوێستیان لەوبارەوە بۆ دوای ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان دواخستووە.

دوای ئەوەی تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراقو کەسایەتی دیاری سوننە لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا جەختی لەوەکردەوە کە دەبێت سەرۆک کۆمار عەرەب بێت، مەسەلەی دیاریکردنی سەرۆک کۆمار مشتومڕێکی بەرفراوانی لێکەوتەوە. هەر زوو سەرۆکایەتی هەرێم ئیدانەی لێدوانەکەی کرد، دواتریش سەرۆکایەتی هەرێمو لیستی هاوپەیمانی ڕایانگەیاند کە تاڵەبانی کاندیدی ئەوانە بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری، تائێستا چەند لایەنێکی عەرەبیش بەشێوەی ناڕاستەوخۆ پشتیوانیان بۆ تاڵەبانی دەربڕیوە. هەرچەندە هاشمی لەو لێدوانەیدا بەڕەسمی ڕاینەگەیاند کە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری دەپاڵێوت، بەڵام چاودێرانی سیاسی دەڵێن ئەوە ئاشکراکردنی نیەتیەتی بۆ خۆپاڵاوتنی.

هەرچەندە دەستووری عێراق سێ پۆستە سیادییە باڵاکەی وڵاتی دابەشنەکردووە بەسەر پێکهاتەکاندا، تەنها ئەوە نەبێت کەلیستی براوە پۆستی سەرۆک وەزیران وەردەگرێت، بەڵام هەمیشە وادەکەوێتەوە کە شیعەکان سەرۆک وەزیران وەربگرن، بەوپێیەی نزیکەی ٦٠٪ی عێراق پێکدەهێنن، کوردەکانیش سەرۆک کۆمارو سوننەش سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام کوردو سوننە کە هەردووکیان خوازیارن پۆستی سەرۆک کۆماریان بەربکەوێت، کەسیان نایانەوێت پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرن، بەو پێیەش تائێستا هاشمی تاکە کەسە کە نیەتی هەیە ببێتە ڕکابەری تاڵەبانی.

ڕۆژی دووشەممە عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی سەردانی تاڵەبانی کرد، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند کۆمەڵی ئیسلامی چی پێبکرێت بۆ پاراستنی پێگەی تاڵەبانی دەیکات.

ئاماژەی بەوەدا ئەوان کۆکن لەسەر کاندیدکردنەوەی تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری.

هەرچەندە لایەنە سیاسییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری یان هەر پۆستێکی سیادی دیکە، بۆ کورد گرنگەو دەتوانێت لێوەی پارێزگاری لەمافەکانی بکات، بەڵام لەبارەی کاندیدکردنەوەی تاڵەبانییەوە هێشتا یەکهەڵوێستیەکی تەواو نەهاتوەتەوە ئاراوە. هەرچەندە لیستی گۆڕانو یەکگرتوو کە پێدەچێت نزیکەی ١٨ تا ١٩ کورسی پەرلەمان ببنەوە، دوودڵن لەپشتگیری کردنی تاڵەبانیو پشتیوانیکردنیان بۆ هیچ کەسێکی دیکە ڕانەگەیاندووە، خۆشیان هیچ کاندیدێکیان بۆ ئەو پۆستە نییە.



جەلال تاڵەبانی

مەولود باوە موراد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وتی "هەڵبژاردنەوەی مام جەلال کۆدەنگیەکی گشتی لەسەرە، سەبارەت بەئێمەشەوە زۆر خۆشحاڵدەبین کەسایەتی یەکەمی عێراق کە سیادەی عێراق لەودا بەرجەستە دەبێت کوردبێت، هەموومان ئەوەمان پێخۆشە".

مەولود باوە موراد بەدەستووری ڕاگەیاند "مام جەلال کەسێکی ئەزمونکراوە، لەخولی ڕابردوودا هەموولایەک لەسەری کۆک بوون، هەرشتێک لەدەسەڵاتی مام جەلال بووبێت خاڵێک نییە تابڵێیت مام جەلال ئەو خاڵەی نەکردووە، بەڕای ئەو مام جەلال کەسێکە شایستەی ئەو پۆستەیە".

مەولود دەڵێت "لەدابەشبوونی ئێتنیکیو نەتەوەییو مەزهەبی عێراقدا مام جەلال توانیویەتی لەسەرەوەی ئەو دابەشبوونەوە مامەڵە لەگەڵ گشت پێکهاتەکانی عێراق بکات، بەو ئەزمونە سیاسییەی کە هەیەتی".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وتیشی "دڵنیام لەگفتوگۆو دانیشتنەکان هەموولایەک کۆک دەبن لەسەر ئەوەی مام جەلال پاڵێوراوی کوردبێتو هەموو لایەک پشتگیری دەکەن".

محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان بەدەستووری وت "هەتا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی فەرمی ڕانەگەیەنرێت هیچ بڕیارێکمان لەو بارەیەوە نییە، بەهیچ شێوەیەک قسە لەسەر ئەو بابەتە ناکەین، ڕاشیگەیاند "بەشداری هیچ کۆبوونەوەو گفتوگۆیەک ناکەین لەسەر ئەو بابەتە تا ئەنجامی هەڵبژارنەکان بەتەواوی ڕانەگەیەنرێت".

بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن زۆرترین کورسی بەردەکەوێت لەپەرلەمانی عێراق لەناو حیزبە کوردییەکاندا، ڕایانگەیاندووە پشتگیری تاڵەبانی دەکەن.

نێچیرڤان بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند دەبێت یەکێک لەپۆستە سیادییەکان لەعێراق بەر کورد بکەوێت، چونکە کورد پێکهاتەیەکی سەرەکییە لەعێراقدا، وتی "دەبێت هەموو لایەنە کوردییەکانیش ئەو لیستانەی دەچنە بەغدا پشتگیری لەکاندیدکردنی بەڕێز مام جەلال بکەن، بۆئەوەی ئەم چوار ساڵەش ببێتەوە بەسەرۆک کۆماری عێراق".

نێچیرڤان بارزانی دەڵێت بەرژەوەندی کورد لەوەدایە کەئەو پۆستە سیادییە بۆ کورد بێتو بدرێتەوە بەتاڵەبانی، "چونکە مام جەلال لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا پیشانیداوە نەک سەبارەت بەکورد، بەڵکو بەگشتی توانیویەتی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لەیەک نزیک بکاتەوە".

# ماوەی یاسایی پەرلەمانو حکومەتی عێراق تەواوبووە

**دەستوور- زانا ئەحمەد**

دوێنێ تەمەنی یاسایی پەرلەمانی عێراق کۆتاییهاتو هیچ بوارێکیش نەماوەتەوە بۆئەوەی کەئەم پەرلەمانە تەمەنی درێژ بکرێتەوە، لەدوای (٣\١٦)شەوە شتێک نامێنێت بەناوی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە تا ئەو کاتەی ئەنجومەنێکی نوی پێکدەهێنرێت.

پسپۆڕانی بواری یاساش تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە عێراق دەکەوێتە بۆشاییەکی یاساییەوە، هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەعێراق بێبەش نابێت لەو کاریگەریە نەرێنییانەی کە لەئەنجامی ئەو بۆشاییە دەستوورییە دروست دەبێت، بەتایبەت لەکاتێکدا کە پەرلەمان لەتەمەنی یاسایی خۆیدا سەرکەوتوو نەبوو لەسنووردارکردنی دەسەڵاتی حکومەت لەدوای تەواوبوونی کاتی یاسایی خۆی.

سامی ئەتروشی پەرلەمانتاری عێراق بەدەستووری وت "دواخستنی هەڵبژاردن لەماوەی ڕابردوودا کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق".

ئەتروشی ڕاشیگەیاند: بەهۆی ئەوەی کە سیستمی عێراق پەرلەمانییە نابێت بێ پەرلەمان بێت، بەڵام پێشتر (٤٥) ڕۆژ خراوەتە سەر تەمەنی ئەم پەرلەمانە ،بۆیە بەهیچ شێوەیەک ڕێگای درێژکردنەوەی تەمەنی نەماوە.

ئەو پەرلەمانتارە پێشیوابوو یەکێک لەو کێشانەی کە لەعێراقدا هەیە ئەوەیە کە پەرلەمان نەیتوانی لەتەمەنی یاسایی خۆیدا یاسایەک دەربکات بۆ لەقاڵبدانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەپاش کۆتاییهاتنی تەمەنی پەرلەمان کە بەگوتەی ئەو ئەمە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە حکومەت بەویستی چەند کەسێک هەندێک کاری نایاسایی ئەنجامبداتو دەسەڵاتێکیش نەبێت چاودێری بکاتو لێی بپرسێتەوە.

سامی ئەتروشی مەترسی دەستکاریکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراقی بەنمونە هێنایەوە.

عەلی دەباغ وتەبێژی حکومەتی عێراق ڕایگەیاند دەستووری عێراق هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەداوە کە دوای بەسەرچوونی تەمەنی یاسایی پەرلەمان حکومەت ببێتە حکومەتی کار ڕاییکەر.

عەلی دەباغ وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق ڕایگەیاند حکومەت پابەندبووە بەدەرنەکردنی هیچ بڕیارێکی ستراتیژیو گرنگ، وتی "حکومەت بەردەوامە لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەپێی دەستوور."

وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق بەدووریشی زانی حکومەتی ئێستا ببێتە حکومەتی بەڕێکردنی کارەکان، وتی "هەندێک کەسو لایەن چەند لێدوانێکیان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن داوە سەبارەت بەوەی حکومەت ببێتە حکومەتی بەڕێکردنی ئەرکەکان کە دەستووری نین."

ئەوەشی خستەڕوو کە تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی نوێی نوێنەرانی عێراق دەستبەکار دەبێت، حکومەت بەردەوام دەبێت لەکارەکانیو هیچ بەندێکی دەستووری نییە بۆئەوەی حکومەت بکاتە حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان.

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق داوایەکی ئاڕاستەی دادگای باڵای دەستووری کرد بەمەبەستی وەرگرتنی ڕای دادگای فیدراڵی لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان، بەڵام بەگوێرەی زانیارییەکانی دەستوور تائێستا دادگای دەستووری وەڵامی ئەم داوایەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی نەداوەتەوە.



ماوەی یاسایی خۆی تێپەڕاند

د.زانا ڕەئوف مەنمی پسپۆڕی بواری یاساو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات بەپێی یاسا دەبوو تەمەنی پەرلەمان لەسەرەتای ساڵی (٢٠١٠)دا کۆتایی پی بهاتایە، بەڵام کە درێژکراوەتەوە هیچ دەرفەتێک نەماوە بۆئەوەی جارێکی تر تەمەنی زیاد بکرێت.

مەنمی وتیشی "ئێستا ناتەباییەکی زۆر لەنێوان زۆربەی لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا هەیە کە دوور نییە لەداهاتوودا سەر بهاوێژێت بۆ کاری خراپتر".

دەربارەی چارەنووسی هەرێمیش وەک بەشێک لەعێراق ئەو پسپۆڕەی یاسا تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە هەرچەندە هەرێم خۆی خاوەنی سی دەسەڵاتەکەیە، بەڵام بێبەش نابێت لەهەر دەرهاویشتەیەکی خراپ کە لەئەنجامی ئەو بۆشاییە دەستوورییە دروستدەبێت لەعێراقدا، چونکە زۆر دۆسیە هەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەبەغداوە هەیە، بۆیە بوونی کێشەیەک لەوێدا واتە بوونی کێشە لەهەرێمی کوردستانیشدا.

لەخولی هەڵبژاردنی ڕابردوودا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٢٧٥) کورسی پێک هاتبوو کورد توانی دووەم زۆرینەی دەنگەکان لەسەر ئاستی عێراق بەدەستبهێنێت کە (٥٨) کورسی ئەنجومەنی نوێنەران بوو، بەڵام بەگوێرەی ئەو یاسایەی کە پەرلەمانی عێراق دوای مشتومڕێکی زۆری لایەنە سیاسییەکانی نێو پەرلەمان دایڕشتووە ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەرزکردەوە بۆ (٣٢٥) کورسیو لەو چوارچێوەیەشدا (٤١) کورسی بۆ سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دیاریکرا، بەگوێرەی ئەنجامە بەراییەکانیش کورد لەڕیزبەندی هێزی دووەمەوە دابەزیوە بۆ هێزی چوارەم.

هەندێک لەڕۆژنامەنووسانیش دۆخی دوای نەمانی پەرلەمان بەحاڵەتێکی سروشتی دەبیننو ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن لەئێستادا حکومەت بۆتە حکومەتێکی کار ڕاپەڕاندن، بۆیە ناتوانێت بەکارێک هەستێت کە زۆر ستراتیژیو گرنگ بێت.

ڕۆژنامەنووس هێمن باقر پێیوایە لەڕابردوودا حکومەتەکەی مالیکی بەستراوەتەوە بەچەند مەرجێکەوە کە لەبۆشایی یاساییشدا نەتوانێت بەهەندیک کار هەستێت کە پێچەوانەی بۆچوونی لایەنەکانی تری عێراقەوە بێت، وەک ئەوەی مەرجدار کرا بەوەی کە دامەزراندن ڕابگرێت تا دوای هەڵبژاردن.

هەر بەگوێرەی بۆچوونی باقر مالیکی ئێستا ئەوەندە دەنگی بەدەست نەهێناوە کە بتوانێت بەتەنها کابینەی حکومەت پێکبهێنێت، بۆیە لەئێستادا چاوی لەبەستنی هاوپەیمانێتییە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکانی ترداو بەجۆرێک کار ناکات کە پێچەوانەی خواستو ئیرادەی ئەوان بێت، بۆئەوەی ئیتلافێک لەنێوان لیستەکەی عەلاویو کوردو باڵەکەی تری شیعەدا دروست نەبێت کە نوری مالیکی بخەنە دەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکە.

کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش وێڕای ئەوەی چەند جارێک ڕاگەیاندنی ئەنجامی بەرایی لە کاتی خۆی دواخست، بەڵام لەسەر زاری بەرپرسێکی باڵای کۆمسیۆن ئەوە بڵاوکرایەوە کە چاوەڕێدەکرێت کە کۆتایی ئەم مانگە ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان بەتەواوی ڕابگەیەنرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە چاودێرانی سیاسیش بەدووری دەزانن کە کۆمسیۆن لەو کاتەی کەدیاریکردوە بتوانێت ئەنجامەکان ئاشکرابکات وەک چۆن لەڕابردوودا نەیتوانی ئەوە بکات ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پێکهێنانی کابینەی نوێ هێندەی تر لەکاتی خۆی دوابکەوێتو ببێتە هۆی ئەوەی ئەزمەکان زیاتر بکات.

ئارام جەمال بەڕێوەبەری پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن وەک پسپۆڕێکی بواری هەڵبژاردن پێیوابوو ئەو دواخستنەی کە لەئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکرێت گومان لەسەر ساختەکاری ئەنجامەکان زیاتر دەکات، بۆیە بەگوتەی ئەو ئەمجۆرە دواخستنە حاڵەتێکی نۆرماڵ نییە.

وتیشی "بەهۆی شێوازی هەڵبژاردنەکان کە کراوەیەکی مەرجداربوو وای کردوە کە هیچ یەکێک لەقەوارەکان نەتوانن بەتەنها کابینەی نوێ پێکبهێنێت کە ئەمەش پێکهێنانی کابینەی نوێ هێندەی تر لەکاتی خۆی دوادەخات".

ئەمە جگە لەوەی کە هێزە گەورەکان بەشێکیان دووکەرتبوونو هێزی نوێ تر دەرکەوتوون کە گەیشتن بەئەنجامی موبادەرەکان تاڕادەیەک ئاڵۆزتر دەکاتو هێندەی تر تەمەنی حکومەتی (تەسریفل ئەعمال) درێژتر دەکاتەوە.

بەگوێرەی یاساش هەر کیانێکی سیاسی کە زۆرینەی کورسییەکانی هەڵبژاردنی بۆ خۆی مسۆگەر کردبێت ئەوا ماوەی (١٥) ڕۆژی لەبەردەمدایە، بۆئەوەی موبادەرەی کیانێکی سیاسی تر بکات بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێو گەر لەو ماوە دیاریکراوەشدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا ڕێگە دەکرێتەوە بۆ کیانەکانی تر.

# "بە بەردەوامی ئازادی رۆژنامەگەری لەژێر هەڕەشەدایە"

## نووسەرو رۆژنامەنووس ئاسۆس هەردی بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب



**نووسەرو رۆژنامەنووس ئاسۆس هەردی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت لەهەرێمی کوردستان ئازادی رۆژنامەنووسی پارێزراو نییە، ئاماژە بەوەشدەدات بەرپرسان راستگۆنین لەگەڵ بەڵێنو وتەکانیان سەبارەت بەسەروەری یاساو ئازادی رادەربڕین، زیادبوونی ئامارەکانی دەستدرێژیکردنە سەر رۆژنامەنووسان وەک بەڵگەیەک دەهێنێتەوە بۆ ترسی دەسەڵات لە ئازادی رادەبڕین.**

**دەستوور:** لەمماوەیەدادەستدرێژیکردنە سەر رۆژنامەنووسان زیادیکردووە، ئەم حاڵەتانە چۆن دەبینیت، بەتایبەت کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنو نزیکبوونەوە لەهەڵبژاردن ئەم رێگرییانە دروستدەبن؟

**ئاسۆس هەردی:** پێموایە کورد مەسەلەیەکی جوانی هەیە کەدەڵێت"قولی رەشو سپی لەبواردا تاقیدەبێتەوە"، ئێمەش ١٨ ساڵە گوێمان لەدەسەڵاتی سیاسی کوردستان گرتووە کەدەڵێت باوەڕمان بەئازادی رۆژنامەگەریو ئازادی رادەربڕین هەیە، بەڵام ئەم قسەیە کاتێک راستیو ناراستی ساغدەبێتەوە کە لەحاڵەتە هەستیارەکاندا دەسەڵاتی سیاسی بتوانێت بەکردار بیسەلمێنێت کەباوەڕی بەم دروشمە هەیە کەرۆژانە دەیڵێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمجارەش وەک جارانی پێشوو لەهەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەسەڵاتی سیاسی لەتاقیکردنەوەکەدا دەرنەچوو، سەلماندی کە دوو شت زۆرجار دەوترێتەوە ئەوانیش ئازادی رۆژنامەگەریو سەروەری یاسایە باوەڕی بەهیچیان نییە، زیادبوونو بەرزبوونەوەی دەستدرێژیکردنە سەر رۆژنامەنووسان بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو قسەیە.

**دەستوور:** هەمیشە بەرپرسان باسلەوەدەکەن بەیاسا مەودای ئازادی رادەربڕینیان فراوانکردووەو ئازادیان بەرۆژنامەنووسان داوە، لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایت کەدەڵێت ئازادی رۆژنامەنووسی بەیاسا دابین ناکرێت؟

**ئاسۆس هەردی:** کاکە یاسا چییە دەقێکی نووسراوە لەسەر لاپەڕەیەکە، ئەگەر بێتو کەسێک نەبێت بڕوای بەجێبەجێکردنی ئەم دەقە نووسراوە هەبێت، قەناعەتی پێی هەبێت، ئامادەبێت بەرگری لێبکات، ئامادەبێت تائەوکاتانە بەزیانی خۆیەتی نەهێڵێت ئەو مافانەی لەو دەقەدا نووسراوە تەجاوزی بکرێتەسەر، مانای وایە نووسینەوەی ئەم دەقە تەنها بۆ ئیدعایە، بۆ ئەوەیە کە میوانێکی بیانی دێتە ئێرە نیشانی بدەن بڵێن سەیری یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستاندا چەند جیاوازی هەیە لەگەڵ وڵاتانی تردا، زۆرجار باسی ئەوەدەکەن دەڵێن رۆژنامەنووسان یاسا پێشێل دەکەنو تەجاوزەکەن بۆیە دەدرێنە دادگا، کاکی برا لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا تۆ رۆژنامەنووسێکت داوەتەبەر شەق کە هێشتا بابەتەکەی بڵاونەکردووەتەوە، کەهێشتا نووسینەکەی نەچووتەسەر لاپەڕەی رۆژنامە، وێنەگرتنەکەی نەچووەتە سەر کەناڵی تەلەفزیۆن، لەکاتێکدا یاساکە بۆ دوای بڵاوکردنەوەیەو دوای ئەوە لێپرسراوێتی دەکەوێتە سەر شانی رۆژنامەنووس، ئایا ئەوەی بڵاویدەکاتەوە چ لەرۆژنامە یان تەلەفزیۆن یان رادیۆ بێت ئایا پێشێلکاری تێدایە یاخود نا، بەڵام هێشتا رۆژنامەنووسەکە خەریکی بەدواداچوونی رووداوەکەیە دراوەتە بەرشەقو ئازار دراوە، کامێرای لێسەندراوەو بریندارکراوەو دەستگیرکراوە، ئەمە مانای وایە ئەو قسەیەی باسیدەکەن کە لەکوردستاندا یاسا سەروەرەو ئێمە پارێزەری یاساین راست نییە، کامەیە پارێزەری یاسا، بەدەیان رۆژنامەنووس بەرشەقو تێهەڵدان کەوتنو تیایاندا بوو گیراو ئازار درا، نەمانبینی یەکێک لەو چەکدارانە، ئیتر ئایا چەکداری حیزبن یان سەربەهێزەکانی ناوخۆو ئاسایشن، لەسەر ئەوکارانە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەی ئەو یاسایە لە کوێیە؟ ئەی رۆژنامەنووسەکە لەسەر چ پاساوێکی یاسایی شەقی خواردووە، با ئەو بەرپرسانە پێمبڵێن کە رۆژنامەنووسێک دەچێت وێنەدەگرێت یان بەدواداچوون بۆ هەواڵێک دەکات، چیکردووە کە شایەنی ئەوەبێت شەقی تێهەڵبدرێت، بە چ یاسایەک شەقی تێهەڵدەدرێتو کامێراکەی لێدەسەندرێت؟ ئەمە رەفتاری کەسێکە کە باوەڕی بەیاسا نییە، بەمەرجێک یاساکە خۆی نووسیویەتیوە، پەرلەمانی پێشوو نووسیویەتیەوە کە زۆرینەی ئەندامەکانی سەر بەدوو حیزبی دەسەڵاتداربوون، باوەڕی بەم دەقە نییە کە نووسیویەتی، وەک وتم تەنها بۆ ئیدیعا نووسیویەتیەوە، دواتریش باوەڕی بەئازادی رادەربڕینو شەفافیەت نییە، دەترسێت لەوشتەی رۆژنامەنووسەکە بەدوایدا دەچێت، بۆچی کامێراکان لەرۆژنامەنووسان دەسەندرێتو دوای بەتاڵکردنەوەی میمۆریەکەی ئەوکاتە پێیاندەدەنەوە، چونکە شتێک هەیە دەیانەوێت بیشارنەوە، ئەگەر شتێکم نەبێت بیشارمەوە لەکامێرای رۆژنامەنووسان ناترسم، لەپرسیارەکانیان ناترسم، ئەمە روونە، ئەم هەڵمەتی هەڵبژاردنە نیشانیدا کە تەنها بۆ چاوبەستنو خۆجوانکردنە، ئەگینا حەقیقەتی راستەقینەی دەسەڵاتی سیاسی ئێمە ئەوەیە کە لەهەڵبژاردندا دەیبینین.

**دەستوور:** لەهەڵبژاردنی پێشوودا کە ئۆپۆزیسیۆن هەبوو نەدەزانرا هێزی چەندە، بەڵام کەدەرکەوت چواریەکی کورسیەکانی پەرلەمانی بردووە، لەم هەڵبژاردنەدا کێبڕکێیەکە توندتر بوو، پێتوانیە ئەو بەرتەسکردنەوەی ئازادیو دەستدرێژییانەی دەکرێتە سەر رۆژنامەنووسان، بەتایبەت رۆژنامەنووسانی ئازاد بەشێک بێت لەوەی پێیانوابێت ئۆپۆزیسیۆن سودی لەکاری رۆژنامەنووسان وەرگرتووە، هەڕەشەکان بۆ گەمارۆدانی ئۆپۆزیسیۆن بێت؟

**ئاسۆس هەردی:** جا ئەگەر کەسێک باوەڕی بەدیموکراسیو بەئازادی هەبێت لەوەناترسێت رۆژنامەگەری ئازاد بەدوای کەموکوڕیەکانیدا بگەڕێت، بەپێچەوانەوە دەبێت پێشوازی لێبکات، چونکە مەبدەئەکە ئەوەیە رۆژنامەگەری ئازاد چەند دەشێت یارمەتیدەری ئۆپۆزیسیۆن بێت لەهەمانکاتدا دەشێت یارمەتیدەری دەسەڵات بێت، بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانی خۆی ببینیو چاکیبکاتەوە، مەسەلەکە شەڕ نییە لەسەر ئەوەی رۆژنامەگەری ئازاد بەوئیشەی کردوویەتی هاوکاری ئۆپۆزیسیۆنی کردووە، نەخێر مەسەکە لەوەدایە دەسەڵاتی سیاسی ئێمە ئامادە نییە بۆچوونی جیاواز قبوڵ بکات، ئامادە نییە ناشیرینیەکانی خۆی ببینێ، کەسێکیش باسی بکات بەر تێهەڵدان دەکەوێت، لەهەموو شوێنێکی دونیا وایە رۆژنامەنووسان ئیشیان بەدواداچوونی زانیاریو ئەو هەواڵانەیە کە لەوڵاتەکەدا دەگوزەرێت، ئەوەی لەوڵاتەکەدا دەگوزەرێت ئەگەر کەموکوڕی تێدا نەبێت رۆژنامەنووس چیبکات، لەهیچی نەبوو دەتوانێت شت دروستبکات، کێشە لەواندایە نەک رۆژنامەنووسان، رۆژنامەنووس ئەرکی خۆی بەجێدەگەیەنێت.

**دەستوور:** رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسان لەم نێوەندەدا چۆن دەبینیت، ئەو هەموو دەستدرێژیانە هەیە ئەوانیش فێربوون وەک لایەنەکانی تر تەنها ئامارەکان بڵاودەکەنەوە، هیچ هەوڵێکی جدیدتر نییە بۆ ئەوەی دەسەڵات تێبگەیەنن بڵێن ئەمانە هەڵەو پێشێلکاری قورسن، هەستناکەیت پێویستە سەندیکا رۆڵێکی جدی تری هەبێت بۆ بەرگری لەرۆژنامەنووسان؟

**ئاسۆس هەردی:** بەدڵنیاییەوە سەندیکاکان هی هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی بن، کاریان داکۆکیکردنە لەو توێژەی نوێنەرایەتی دەکەن، کاتێک کە ئەو توێژە رووبەڕووی دەستدرێژیو پێشێلکردنی مافەکانی دەبێتەوە پێویستە لەسەر ئەو سەندیکایە یەکەم کەسبێت داکۆکی لەمافەکانیان بکات، داکۆکیکردنی مافەکانیشیان تەنها بەدەرکردنی بەیاننامەیەک نابێت بەڕاستی، راستە ئێستا بەیاننامە دەردەکەن لەچاو جارانی پێشوودا کەهەربێدەنگبوون باشترە، بەبێدەنگی هەموو شتەکان دەڕۆیی، ئەمە هەنگاوێکە، بەڵام بەڕاستی نابێت پشت بەئەوەندە ببەسترێت، سەندیکا پشت ئەستورە بەیاسایەک کە لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، پەرلەمانێکی شەرعی، پشت ئەستورە بەپشتیوانی رۆژنامەنووسان، بەو قسانەی لەدەمی سەرکردەکانەوە دەیبیستین کە هەموو کەسێک پێویستە پابەند بێت بەیاساوە، سەندیکا چەکێکی رۆژنامەنووسانی لەبەردەستدایە دەتوانێت بیانهێنێتە سەر جادەکان، دەتوانێت گوشارێکی سیاسی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی دروستبکات کەیەکجار پێشێلکاری لەشوێنێکدا رویدا ئیتر کەس جورئەت نەکات دووبارەی بکاتەوە، فشارێکی ئەوەندبکات تەنها یەکجار لەژێر فشاری ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنەسەر رۆژنامەنووسان بدرێنە دادگا، ئەوە دەبێتە پێشینەیەک کە کەسێکی تر ئەگەر بەرپرسەکەیشی فەرمانی پێبکات جورئەتی ئەوەنەکات، چونکە دەترسێت دوای ئەوە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام بەداخەوە سەندیکا وەک لەکۆڵ خۆکردنەوەیەک بە بەیانێک کۆتایی بەبابەتەکە دێنێت.

> دەسەڵاتی سیاسی ئێمە ئامادە نییە بۆچوونی جیاواز قبوڵ بکات

**دەستوور:** لەماوەی پێش هەڵمەتی هەڵبژاردندا چەند کۆبونەوەو کۆنفرانسێک بەستران، بەتایبەت لەهەولێر، بەشێک لەرۆژنامەنووسە حیزبیەکان بۆچوونیان وابوو ئەم یاسای رۆژنامەگەریە، دەستگیرکردنو زیندانیکردنی لابردووە، بووەتە هۆی ئەوەی فەوزایەک لەرۆژنامەگەری کوردیدا دروستببێت، ئەوان داوایاندەکرد یاساکە هەمواربکرێتەوەو رێوشوێنی توندتر بگیرێتەبەر، چۆن لەو هەوڵە دەڕوانیت؟

**ئاسۆس هەردی:** لەهەموو کۆمەڵگایەکدا هێزە کۆنەپارێزەکان، عەقڵە داخراوەکان هەمیشە بیر لەوەدەکەنەوە سزاکان توندتر بکرێنو سنورەکانی بەردەم ئازادی بەرتەسکتربکرێنەوە، ئەو فەوزایەی ئەو بەڕێزانە باسیدەکەن خۆیان دروستیانکردووە، لەماوەی ئەم هەڵمەتی هەڵبژاردنەدا ئەو رۆژنامانەی کەراستەوخۆ هی حیزبەکانن، یان ناراستەوخۆ بەپارەی ئەوان دەردەچن کە لەراستیدا پارەی خەڵکە، بیخوێنەرەوە بزانە فەوزا لای ئەوانە یان لای رۆژنامەگەری ئازادە، بزانە تەشهیرو سوکایەتی پێکردن لای ئەوانە یان رۆژنامە ئازادەکانە، بزانە لەبانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کێ زۆرترین سوکایەتی بەکەسایەتیە کوردییەکانو لیستە کوردیەکان کرد، ئەوانەی بەیاساو بەشەرع کاندیدی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم بوون سوکایەتی پێکردوونو بەجاسوس ناویان دەبەن، ئەمە قسەیەکە چاوەڕوانکراوە لەکەسانێک، ئەوان کەباس لەغەرامە دەکەن لەخۆیانەوە سەیردەکەن کە بانکی حیزبیان لەبەردەستدایە، بەلای ئەوانەوە ملیۆنو دوو ملیۆن دنیار وەک هەزار دیناری دەستی ئێمە وایە، لەبەرئەوە بەلایانەوە کەمە، حەقی خۆشیانە ئەوان فێری ئەوە نەبوون پارەی کەم لەگیرفانیاندا بێت، پێموایە گەورەترین کەموکوڕی لەو یاسایەدا هەیە ئەوەیە سزاکە ئێجگار زۆرە، لەهەموو شوێنێکی دنیادا لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێک یەک سزا دەدرێت، بەڵام ئەو یاسایە دەتوانیت سێجار سزا بدات.

**دەستوور:** هەندێک دەڵێن ئەم هەڵمەتەی لەدژی رۆژنامەنووسانکراوەو ئەو نیەتەی هەندێک لەرۆژنامەنووسە حیزبییەکان هەیانە، دۆخێکی دروستکردووە کە ئازادی رۆژنامەنووسی بەرەو دۆخێکی مەترسیدار دەبات، ئازادی رۆژنامەنووسیو رادەربڕین دەخەنە مەترسییەوە، تۆ پێتوایە ئازادی رۆژنامەنووسی لەمەترسیدابێت؟

**ئاسۆس هەردی:** بە بەردەوامی ئازادی رۆژنامەگەری لەژێر مەترسیدایە، هەرکاتێک دەسەڵاتی سیاسی هەستیکردبێت کەبڵاوبونەوەی هەواڵێک کێشەی بۆبنێتەوە، مەرج نییە بەراستەوخۆ بەڵکو لەهەزار رێگاوە پەلاماردراوە، باشترین نمونەش ئەوەیە کەباستکرد لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا، لەوکاتانەدا کەدەسەڵاتی سیاسی دەترسێت دەبینیت چی بەرامبەر رۆژنامەنووسان دەکات، کێشەکە لەوەدایە ئێمە لەوڵاتێکداین یاسا تیایدا سەروەر نییە، دەوڵەتی دامەزراوەی نییە، یاسا دادەنرێت دەڵێت نابێت رۆژنامەنووس بگیرێت، بەڵام بەپێی ئاماری خودی سەندیکا بەدەیان رۆژنامەنووس لەدادگا دەگیردرێن، قەیناکە ئەوانەی لەسەر جادە دەستگیردەکرێن، ئەوانە کەسانێکن لەیاساکە تێناگەن، یان هەرچییەکە، بەڵام دادگا بڕیاری گرتنی رۆژنامەنووسێک بدات لەسەر بڵاوکردنەوەی شتێک لەکاتێکدا یاسا دەڵێت نابێت هیچ کەسێک بگیرێت تەنها سزاکەی غەرامەیە، ئەمە بەچی تەفسیردەکەیت، کەواتە باشترین بەڵگەیە کە ئازادی رۆژنامەنووسی لەکوردستان هەرگیز پارێزراو نەبووەو بەردەوام لەژێر هەڕەشەدایە، ئەوەیشی کەهەیە بەئازایەتی رۆژنامەنووسان دەستکەوتووە، بەتەحەمولی ئەو هەموو گوشارو پەلامارو هەڕەشەو تەشهیرو ناوزڕاندنە دروستبووە کە گەنجە ئازاکانی ئەم وڵاتە هێناویانەتە کایەوە، نەک مەکرەمەیەک بێت لەسەرەوە بەخەڵکی ئێمە بەخشرابێت.

**دەستوور:** لەخولی پێشووی پەرلەماندا پرۆژە یاسایەک هەبوو بۆ دەستگەیشتن بەزانیاریەکان، بەڵام هەردواخرا ئێستا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت ئەو پرۆژە یاسایانە جارێکی تر پێشکەش بکرێنەوە، پێتوایە بۆچی دەسەڵات نایەوێت یاسایەک هەبێت بۆ گەیشتن بەزانیاریەکان؟

**ئاسۆس هەردی:** ئەگەر من لەبری ئەوان بم گوێی نادەمێ هەر یاسایەک بێت پەسەندی دەکەم، خۆ هیچ پابەندنابم پێوەی ئیتر بۆ بترسم لەوەی یاسایەک هەبێت، یاسایەک هەیە دەڵێ نابێت رۆژنامەنووس بگیرێت، کەچی دەشگیرێت، نابێت دەستدرێژیبکرێتە سەر رۆژنامەنووس، بەڵام دەستدرێژی دەکرێتەسەر، ئیتر لەبەرئەوە یاسا هەبێت یان نەبێت چییە.

**دەستوور:** چۆن دەتوانین دەسەڵاتو بەرپرسانی باڵا ناچاربکەین پابەندبن بەیاساوە، ئەو رێوشوێنانە چین، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بەرۆژنامەنووسانەوە هەیە؟

**ئاسۆس هەردی:** رۆژنامەنووس کەسێکی تەنفیزی نیە، رۆژنامەنووس ئەوە نییە ئیش بەدەستی خۆی بکات، رۆژنامەنووس حیزبی سیاسی نیە، ئۆپۆزیسیۆن نییە، رۆژنامەنووسی راستەقینە نە ئۆپۆزیسیۆنە نەدەسەڵاتە نەحیزبی سیاسیە نە هیچ شتێک، بەڵکو رۆژنامەنووس ئەرکێکی روونو ئاشکرای لەسەرشانە، ئەویش ئەوەیە خەڵکی وڵاتەکەی ئاگاداربکاتەوە لەوڵاتەکەیدا چی رودەدات، بەباشو بەخراپ، لەسەر ئەم بارودۆخەی هەیە چەند بیروبۆچوونی جیاوازو چەند پێشنیار بۆ چارەسەرکردنو چەند لێکۆڵینەوە بۆ شیکردنەوەی، ئەمانە هەمووی بواریان بداتێ قسەبکەن، دواتر رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنین کەدەتوانن تەبەنی ئەم وەزعانە بکەنو بەدوایدا بچن، لەنێوانیشیاندا بێگومان رۆژنامەنووسانو سەندیکای رۆژنامەنووسان بێجگە لەداکۆکیکردن لەمافەکانو ئازادییەکانو یاساکان، رۆژنامەنووس ناتوانێت هیچی تر بکات، ئەوپەڕی توانای رۆژنامەنووس کۆکردنەوەی خەڵکو خۆپیشاندانو گوشارخستنەسەر دەسەڵاتی سیاسیە بۆ ئەوەی سنورەکانی یاسا نەبەزێنێتو یاساکان باشتربن، ئەمە ئیشی رۆژنامەنووسە، لەهەموو شوێنێکی دنیادا وایە کۆمەڵگەی مەدەنیە گوشار دەخاتە سەر دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتی سیاسی تەجاوزناکات، نەک لەبەرئەوەی نایەوێت، لەبەرئەوەی ناتوانێت، خەڵک لێی قبوڵ ناکات، ئەمە مەبدەئی دیموکراتیەتو کۆمەڵگای مەدەنییە.

> با ئەو بەرپرسانە پێمبڵێن کە رۆژنامەنووسێک دەچێت وێنەدەگرێت یان بەدواداچوون بۆ هەواڵێک دەکات، چیکردووە کە شایەنی ئەوەبێت شەقی تێهەڵبدرێت

> بزانە لەبانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کێ زۆرترین سوکایەتی بەکەسایەتیە کوردییەکانو لیستە کوردیەکان کرد

# کێ بەهانای بریندارانی چەکی کیمیاییەوە دەچێت؟

## ئێستا لەکۆی (٧٠٠) بریندار (٢٧٠) کەسیان لەلێواری مەرگدان، کەسیش بەتەنگیانەوە نایەت

**سازدانی: دەستوور**

قومریە ئەحمەد حسێن، دانیشتوویەکی شاری هەڵەبجەیە، ئەو ١١ کەسی نزیکی لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەچەکی کیمیاوی گیانیان لەدەستداوە کە ناسراوترینیان عومەری خاوەر بووە، ئەو هەرچەندە دڵخۆشی خۆی بەبەجینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵەبجەو لەسێدارەدانی عەلی کیمیاوی دەردەبڕی، بەڵام نیگەرانی خۆی دەربڕی لەوەی تائێستا گۆڕی ئەو کەسانەیان دیارنییە.

قومریە وتی "بەلەسێدارەدانی عەلی کیمیاوی‌و بەجینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵەبجە زۆر دڵخۆش بووم، بەڵام بەچیدەچێت تائێستا گۆڕی کەسوکاریشمان دیارنییە، تەنها وێنەیەکی عومەری خاوەرو پەیکەرێکیان بۆ دروستکردووە، ئەوە چی لەمەسەلەکە دەگۆڕێت".

قومریە، ئاماژە بەوەدەدات حکومەت نەیتوانیوە وەک پێویست لەئاست خزمەتکردنی قوربانیانی ئەو شارەدا بێت، وتی "ئەو کارانەی حکومەت کردوویەتی دیارە، تانەنەت نەتوانراوە خزمەتی بریندارانی ئەو کارەساتەش بکرێت، تائێستاش بریندارانی ئەو چەکە بەدەست چەندین نەخۆشییەوە دەناڵێنن، چەندین کەس بەو چەکە گیانیان لەدەستداوە رەنگە ئەوەندەش بەبریندای مابێتەوەو تائێستا بەدەست نەخۆشیەوە دەناڵێنن".

حکومەتی عێراق جگە لەهەڵەبجە شاری سەردەشتی کوردستانی ئێرانیشی کیمیاباران کرد، ساڵح عەزیز پور ئەندامی ئەنجومەنی باڵای مافی قوربانیانی کیمیابارانی سەردەشت، ئاماژە بەوەدەدات سەرەڕای ئەو هەموو قوربانییەی خەڵکی هەڵەبجە بەهۆی کیمیابارانی شارەکەیانەوە لەلایەن رژێمی رووخاوی سەدامەوە، بەڵام تەنها یەک تاوانباری ئەو کارەساتە لەسێدارەدراوەو بەجینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵەبجەش تەواوکەری ئەو قەزیەیە نییە، وتی "ئێمە بەجینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵەبجە بەتەواوکەری قەزیەی هەڵەبجە نازانین، دەبوایە قەزیەی هەڵەبجەو سەردەشتو ئەو شوێنانەی چەکی کیمیاویان لێدراوە، ئەوانەی ئەو تاوانەیانکردووە، دەبوایە لەدادگایەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرانایەو هەموو دنیا بیبینیایە، نەک دادگایەکی ناوخۆیی".


ناوبراو، دەڵێت دەبێت ئەو کەیسە ببرێتە دادگایەکی نێوەوڵەتی‌و لەو رێگایەوە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بەسزای خۆیان بگەیەنرێن، نەک لەدادگایەکی ناوخۆییدا کە تەنها لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق سەیری دەکرێت.

هۆشمەن موراد وتەبێژی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بەدەستووری راگەیاند هەمیشە لەیادەکاندا داوای بەدەمەوەچوونی بەپەلەی بریندارن ئاراستەی بەرپرسان دەکەن، "بەڵام بەداخەوە کەسێک نییە بەجدی بێتە پێش‌و بەرنامەو پلانێک بۆ ئەم دۆسیەیە دابنێت کە پەیوەستە بەژیانی دەیان کەسەوە کە ئێستا بەهۆی سەختی برینەکەیان‌و درێژەکێشانی نەخۆشیەکەیان لەلێواری مەرگدان".

موراد وتی "بەپێی دوایین راپۆرتی لیژنەیەکی پزیشکی ئێرانی ئێستا (٧٠٠) بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی لەهەڵەبجەدا هەیە، بەڵام (٢٧٠) کەسیان لەکەناری مەرگ نزیک بوونەتەوەو برینەکەیان قوڵ بۆتەوە".

ئەحمەد عەبدولڕەحمان، یەکێکە لەبەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لەهەڵەبجە، دەڵێت تائێستاش بەدەست کاریگەرییەکانی ئەو چەکەوە دەناڵێنێتو بەردەوام پێویستی بەچارەسەرە، وتی "تائێستا چەندین جار لەلایەن لیژنەی پزیشکیەوە بینراوم، چەند جارێک تیمی پزیشکی ئێرانی سەردانی هەرێمیان کردووە بینیومن، بەڵام تائێستا لەلایەن ئەو تیمە پزیشکیانەشەوە هیچ شتێکی ئەوتۆ نەکراوە".

ئەحمەد، رەخنە لەبەرپرسانی حکومەتی هەرێم دەگرێت بەوەی تائێستا ئەو هەوڵانەی بۆ بریندارانی چەکی کیمیایی داویانە لەئاستی پێویستدا نەبووە، وتی "بەردەوام بریندارانی ئەو چەکە گیان لەدەستدەدەن، حکومەتی هەرێم کۆمەڵێک بریندارانی چەکی کیمیاییان بۆ چارەسەر بۆ ئێران‌و وڵاتانی تر نارد، بەڵام تائێستا چارەسەرێکی هەمیشەیی‌و خزمەتی تەواو بەو بریندارانە نەکراوە، لەکاتێکدا بریندارەکان لەخۆشییەکانی ئەم ژیانە بێبەش بوون".



ناوبراو، پێیوایە لەلایەن حکومەتو کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەشەوە ژمارەی قوربانیان‌و بریندارانی ئەو چەکە بچوککراوەتەوە، تەنها لەرۆژی ٣/١٦دا بیری هەڵەبجەیان دەکەوێتەوە، دەڵێت کاتێکیش باس لەژمارەی قوربانیانی هەڵەبجە دەکرێت دەوترێت ٥٠٠٠ هەزار، بەڵام تەنها ٥٠٠ خانوو بۆ کەسوکاری قوربانیان دروستکراوە.

ئەحمەد، باس لەوە دەکات نەک بریندارەکان، بەڵکو حکومەت نەیتوانیوە خزمەت بەشاری هەڵەبجە بکات، سەیری ناوشارەکەو کۆڵانەکانی دەکەیت، تەنها بەشێکی کەمی خزمەتگوزاری بۆ کراوە کە لەئاستی قوربانیانی هەڵەبجەدا نییە.

دادوەر محەمەد عورەیبی کە لەکەیسی هەڵەبجەدا سەرۆکایەتی چەند دانیشتنێکی ئەو کەیسەی کردووە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رەتیکردەوە لەسێدارەدانی عەلی کیمیاوی پەیوەندی بەکەیسی هەڵەبجەوە بووبێت، وتی "بڕیاری لەسێدارەدانی تاوانبار عەلی کیمیایی کە بەرپرسی یەکەمی کارەساتی هەڵەبجە بوو، لەسەر کەیسی هەڵەبجە لەسێدارە نەدرا، بەڵکو بەهۆی ئەوەی پێشتر چەند کەیسێکی تری وەک ئەنفال‌و راپەڕینی شەعبانیە لەعەممارەو بەسرەو کوشتاری نوێژی هەینی هەبوو، دواتر کەیسی هەڵەبجە هاتەپێشەوەو لەسێدارەدرا".

---

# "حکومەت پلانی بۆ چارەسەرکردنی بریندارانی چەکی کیمیایی نەبووە"

## سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ دەستوور



**لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت خەڵکی هەڵەبجە هێندەی بەجینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵەبجە خۆشحاڵن، هێندە مەسەلەی لەسێدارەدانی تاوانبارانیان بۆ گرنگ نییە.**
**سەرۆکی کۆمەڵەکە خوازیارە مەسەلەی بەجینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵەبجە ببێتە دەرفەتێک بۆ چارەسەرکردنی بریندارانی چەکی کیمیایی.**

**سازدانی: گۆران وەهاب**

**دەستوور:** بەجینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵەبجە چۆن دەتوانێت بقۆزرێتەوە بۆ خزمەتکردنی بریندارانی چەکی کیمیاوی کە بەدەست کۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنن؟

**لوقمان عەبدولقادر:** دەتوانم بڵێم بەجینۆساید ناساندنی ئەو تاوانە لەڕووی دەروونییەوە کاریگەری لەسەر بنەمای قوربانیان‌و بریندارانی هەڵەبجە کردووە، لەهەمانکاتدا ئومێدی بەخەڵکی هەڵەبجە بەخشیوەتەوە کە لەڕێی بەجینۆساید ناساندنەکەوە بتوانن بەشێک لەبرینەکانیان سارێژ ببێتو قەرەبووبکرێنەوە، بەم بڕیارەش خەڵکی هەڵەبجە ئومێدێکیان بۆ گەڕاوەتەوە تا لەڕێی ئەو بڕیارەوە بەشێک لەقوربانییەکانیان قەرەبوبکرێتەوە.

**دەستوور:** تائێستاش بەشێکی زۆر لەبریندارانی چەکی کیمیاوی رۆژانە بەدەست نەخۆشیەوە دەناڵێن؟

**لوقمان عەبدولقادر:** دەتوانم بڵێم کار بۆ بریندارەکان کراوە، بەڵام بەپلانێکی تۆکمەو بەرنامە بۆ دارێژراو نەبووە، ئەو کارانەشی کراوە بەهەوڵو تێکۆشانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بووە، دەبوایە حکومەت پلانێکی تۆکمەی هەبوایەو کلینیکی تایبەتی بکردایەتەوە، چەند تیمێکی تایبەت بکردایە بەنەخۆش‌و بریندارەکانی کیمیاوی، لەکۆبوونەوەماندا لەگەڵ سەرۆکی حکومەت باسی ئەوەمانکردووەو بەڵێنی پێداوین بەپلانێکی تۆکمە کار بۆ بریندارەکان بکات، چاوەڕێی کارەکانی ئەم کابینەیەی حکومەت دەکەین کە مافی ئەو بریندارانە جێبەجێبکات، چونکە ئەو بریندارانە داوای ڤێلاو سەیارە ناکەن، داوای چارەسەرێک دەکەن بۆ ئەوەی کەمێک لەو بارگرانیەی توشیان بووە سوک بێت.

**دەستوور:** دەبێت پەرلەمانی عێراق بڕیاری بەجینۆساید ناساندکە پەسەند بکاتو دواتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاری بۆ بکرێت، ئایا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هیچ بەرنامەیەک بۆ ئەوە دانراوە؟

**لوقمان عەبدولقادر:** ئەو بڕیارەی دادگا کە ئێستا دەرچووە بۆ بەجینۆساید ناساندنی کەسی هەڵەبجە کردنەوەی دەرگایەکی فراوانە، چ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان بێت، یان بەجینۆساید ناساندنی کەیسەکە بەشێوەیەکی فراوان، دەبێت ئەو بڕیارەی دادگا لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەندبکرێت، هەرکاتێک پەرلەمان پەسەندیکرد دواتر حکومەتی عێراق دەبێت قەرەبووی خەڵکی هەڵەبجە بکاتەوە، لەسەر ئاستی دەرەوەش پێویستە کەیسی کیمیاباران بناسرێت بۆئەوەی چیتر کورد دووچاری شتێکی لەو شێوەیە نەبێتەوە، بەجینۆ سایدناساندنی کەیسی هەڵەبجەو ئەنفال پێویستە بکرێتە دەستکەوت بۆ پارێزگاری کردن لەگەلی کورد، پێویستە لەلایەن حکومەتەوە کاری جدی لەسەر بکرێتو بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مەسەلەی جینۆساید بناسێنرێت.

**دەستوور:** لەلایەن حکومەتو نوێنەرانی کوردەوە لەبەغدا چ کارێک کراوە بۆ ئەوەی مەسەلەی بەجینۆساید ناسادنی کەیسی هەڵەبجە ببرێتە دەرەوەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاری لەسەر بکرێت؟

**لوقمان عەبدولقادر:** ئەو بڕیارانەی دادگا دەبنە بنەمایەکی دروست بۆئەوەی لەدەرەوە کار لەسەر بەجینۆسایدی کەیسەکە بکرێت، هەرچەندە هەوڵ لەسەر ئەو مەسەلەیە دراوە، بەڵام هەوڵەکان سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە، ئەگەر ئەو بڕیارە لەپەرلەمانی عێراق پەسەندبکرێت ئەوکاتە دەتوانرێت بەپێ ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەی هەیە کاری جدی لەسەر بکرێت.

**دەستوور:** یەکێک لەهەنگاوە گرنگەکان کارکردنە لەسەر پەلکێشکردنی ئەو کۆمپانیایانەی چەکی کیمیاویان بەعێراق فرۆشتووەبۆ دادگا؟

**لوقمان عەبدولقادر:** ئەوە کارێکی جدی ئەو ئەندام پەرلەمانانەیە کەدەچنە بەغداد، لەڕێگای پەرلەمانەوە حکومەتی عێراقی ناچاربکرێت کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی داوای یاسایی لەسەر ئەو کۆمپانیایانە تۆماربکات، ئەوەش لەسەر ئەو بەڵگانە دەبێت کە لەبەردەستدان.

**دەستوور:** ئەو تاوانبارانەی پەیوەندیان بەکەیسی هەڵەبجەوە هەیە تەنها عەلی کیمیاوی لەسێدارەدراوە، هەرچەندە ئەویش لەسەر ئەو دۆسیانەی پێشتر لەسێدارە دراوە، وەک کۆمەڵەی قوربانیان چ هەوڵێکتان داوە تا حکومەت ناچار بکەن کە تۆمەتبارەکانی تریش سزابدرێن؟


**لوقمان عەبدولقادر:** خەڵکی هەڵەبجەو کەسوکاری قوربانیەکان ئەوەندە دڵخۆشن بەبڕیاری بەجینۆسایدەکە، هێندە بەکوشتنی خەڵکی تر دڵخۆشنین، بەڵام ئەوە شتێکی یاساییە، پێویستە هەرکەسێک لەسەر ئەو کەیسە تۆمەتباربێت رووبەڕووی دادگا بکرێتەوەو لەلایەن دادگاشەوە سزای ئەو تۆمەتبارانە بدرێت، هەربڕیارێکیش لەلایەن دادگاوە دەربچێت ئێمە وەک کەسوکاری قوربانیان پابەندین پێوەی.

**دەستوور:** خەڵکی هەڵەبجە نیگەرانن لەوەی حکومەت رۆژی لەدایکبوونی بارزانی دەکاتە پشوو، بەڵام رۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە ناکاتە پشوو، وەک کۆمەڵەی قوربانیان چی دەڵێن؟

**لوقمان عەبدولقادر:** وەک کۆمەڵەی قوربانیان ١١ی ئەم مانگە سەردانی سەرۆکی حکومەتمان کردو یەکێک لەداواکاریەکانمان ئەوەبوو کە ئەو رۆژە بەرۆژی ماتەمینی بناسرێت، خۆشبەختانە کاری لەسەرکراوە لەسەرتاسەری هەرێمدا ئەو رۆژە کراوە بەڕۆژی ماتەمینی، پێمانباشە لەو رۆژەدا هەموو دەزگاکان تایبەتمەندیەکیان هەبێتو لەو رۆژەدا یادی ئەو تاوانە بکرێتەوە.

**دەستوور:** بۆچی داواتان نەکردووە بکرێتە رۆژێکی پشوو، نەک بەم شێوەیەی ئێستا؟

**لوقمان عەبدولقادر:** دەمانەوێت کارەساتەکەمان بەزیندوویی رابگرین، ئەگەر ببێتە پشووی رەسمی لەوانەیە ئەو رۆژە لەداهاتوودا ئیشی لەسەر نەکرێت، لەنەوەکانی داهاتوودا ئەوە لەبیربکرێت، وەک رۆژی ماتەمینی پێمانباشە یادیبکرێتەوە کە ئەوکاتە لەسەرجەم دەزگاکاندا یادەکە دەکرێتەوە.

هەزاران منداڵ لەزیندانەکانی حکومەتی تورکیادان

لاپەڕە ١١

info@destur.net

# ـردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە دەتوانرێت ـردنەوەی کارەساتی کیمیاباران‌و ئەنفال بگیرێت"

## ــەبدوڵڵا بۆ دەستوور

مەرگەساتانەدا، لەکاتێکدا لەکابینەکانی پێشوودا وەزارەتێک هەبوو بەناوی مافی مرۆڤ‌و ئاوارەو ئەنفالەوە؟

**خەبات عەبدوڵڵا:** کارکردن بۆ پیشاندانی کورد وەکو گەلێکی ستەملێکراو پێش هەر شتێکی تر ئەرکێکی سیاسییە، واتە ئەرکێکە دەکەوێتە سەرشانی سەرکردایەتی سیاسیی کورد، لەنێو ئەوانەشدا دەکەوێتە سەرشانی دەزگاکانی حکومەتی هەرێم، لەبەرئەوەی ئەزمونی کوردیی ئەزمونێکی نوێیەو بەجینۆسایدناساندنی هەردوو کەیسی ئەنفال‌و هەڵەبجەش بڕیارێکی نوێیە، هێشتا لەسەرەتای هەنگاوناندایین.

**دەستوور:** بەڕای تۆ کارنەکردن وەکو پێویست لەسەر ئەو بڕیارە گرنگە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا ئێمە توانیومانە تانوپۆی تاوانەکان وەکو خۆی بخەینەڕوو؟

**خەبات عەبدوڵڵا:** کێشەی ناساندنی ئەو دوو مەرگەساتە بەر لەهەر شتێک پەیوەندی بەکاتی رووداني کارەساتەکانەوەیە، وەک پێشتر باسم کرد، ئەو کارەساتانە لەسەردەمێکدا روویانداوە بەشێکی گەورە لەپانتاییەکانی تاوانەکان ونکراون، راستییەکەی ئەگەر رووخانی رژێمی بەعس نەبوایە لەعێراقداو گۆڕەبەکۆمەڵەکان ئاشکرانەکرانایە، رەنگە ئەو بەشە کەمەی تاوانەکان کە لای جیهان ئاشکرابوون، پێینەزانرایە، لەبەرئەوە ئێمە بۆ ناساندنی هەردوو کەیسی کیمیاباران‌و ئەنفال راستتر وایە قسە لەسەردەمی دوای رووخانی دەوڵەتی بەعسی عێراق بکەین.

**دەستوور:** بەڕای تۆ فاکتەری کات چ رۆڵێکی نەرێنی گێڕاوە لەنەگەیاندنی تانوپۆی ئەو تاوانانە وەکو خۆی بەجیهانی دەرەوە، هەروەک تۆ دەڵێیت پاش ١٥ ساڵ لەرووودانیان، هەردوو مەرگەساتەکە رەهەندێکی نێودەوڵەتییان وەرگرتوە؟

**خەبات عەبدوڵڵا:** لەو بارەیەوە دوو نمونەی زۆر زیندوو هەیە، یەکێکیان پەیوەندی بەجینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە هەیە، ئەوی تریان پەیوەندی بەهۆلۆکۆستەوە هەیە، واتە جینۆسایدی جولەکەکان، لەبەرئەوەی کە جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەکاتێکدا روویدا دەزگاکانی راگەیاندن بەو شێوەیەی سەردەمی هۆلۆکۆست پێشکەوتوو نەبوون، بەشێکی زۆری ئەو تاوانە بەنهێنی‌و لەتاریکیدا روویانداو بەڵگەیان لەپاش بەجێ نەما، لەبەرئەوە ئەرمەنەکان تائێستاش لەهەوڵی بەفەرمی ناساندنی کەیسەکەی خۆیاندان، بەپێچەوانەی جولەکەکانەوە کە راستەوخۆ پاش جەنگی دووەمی جیهان توانییان هۆلۆکۆست وەکو تاوانێکی جینۆساید بەجیهان ئاشنا بکەن، لەو رێیەشەوە بڕیار بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ جولەکەکان بدرێت، لەبەرئەوە فاکتەری کات فاکتەرێکی گرنگە.

کورد رەنگە گەلێکی بەختەوەر بێت لەوەی تەنیا سێ ساڵ پاش روودانی هەردوو تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال، رژێمی بەعسی عێراق تووشی قەیرانێکی گەورەبوو، کورد توانی لەمیانەی راپەڕینەوە بەشێکی زۆری خاکەکەی رزگاربکاتو لەو رێیەشەوە بەشێکی زۆری بەڵگەنامە نهێنییەکانی بکەوێتە بەردەستو ئەمەش بۆ ناساندنی کەیسەکەی رۆڵێکی گەورە وازی بکات.

**دەستوور:** بەرای تۆ دەبوایە حکومەتی هەرێم، کەسوکاری قوربانییەکان‌و رەوەندی کورد لەدەرەوە لەو ماوەیەی روودانی کارەساتەکە تا رووخانی رژێمی سەدام چییان بکردایە؟

**خەبات عەبدوڵڵا:** کورد بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی یادەوەرییەکی لاوازە، رەوەندی کوردی لەدەرەوەی کوردستان رەوەندێکی نوێ‌و لاوازە، لەسەروو هەمووشیەوەو پاش راپەڕینی ١٩٩١ کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا بەکۆمەڵێک قەیراندا تێپەڕی کە ناخۆشترینیان شەڕی براکان بوو، ئەمە وایکرد کورد نەیپەرژێتە سەر پیشاندانی کەیسە گرنگەکانی خۆی‌و لەنێویشیاندا کەیسی جینۆسایدکردنی.

**دەستوور:** دوای ئەوەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەجینۆساید ناسێنراو قالبێکی یاسایی وەرگرت، لەمەولا ئەرکی حکومەتو رێکخراوەکانی پەیوەند بەو کەیسەو حیزبەکان‌و کەسوکاری قوربانییەکان، چییە، بەکورتی کورد دەبێت لەمەولا چی بکات؟

**خەبات عەبدوڵڵا:** پاش ناساندنی هەردوو کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال وەک دوو تاوانی جینۆساید، پێویستە داواکانی کورد چ وەکو نەتەوە یان حکومەت پێش هەموو شتێک مەسەلەی قەرەبوو تێپەڕێنێت، قەرەبووکردنەوە داوایەکی رەوایەو بگرە ئەرکی حکومەتو دەزگا پەیوەندارەکانە کە داوای قەرەبووکردنەوەی مادی‌و مەعنەوی بۆ قوربانیانی ئەو دوو کارەساتە بکەن، دەبوایە لەرووی مەعنەوییەوە دەوڵەتو حکومەتی عێراق داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات، بەداخەوە پێدەچێت کەس کار لەسەر ئەم تەوەرە گرنگە نەکات کە تەوەرێکی مەعنەوییەو نەتەوەی سەردەستی جاران ناچاردەکات بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی تاوانەکە لەئەستۆ بگرێت، لەهەمووشی گرنگترو پشت ئەستوور بەهەردوو بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق دەبێت سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەمیانەی کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان هەوڵی ناساندنی مەرگەساتەکان بەجینۆساید لەسەر ئاستی جیهانیش بدات، چونکە بەپێی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر گروپێکی جینۆسایدکراو مافی خۆیەتی، خۆی بڕیار لەچارەنووسی خۆی بدات بەمافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆشەوە، ئێستا ئیتر پاش ناساندنی ئەنفال لەلایەن هەریەک لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق‌و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و دەستەی سەرۆکایەتی عێراقەوە وەک تاوانی جینۆساید، دەبێت هەوڵبدرێت بەهەمان شێوە کیمیابارانی هەڵەبجەش پاش بڕیاری دادگا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و سەرۆکایەتی عێراقەوە وەکو تاوانی جینۆساید بناسرێن‌و ئینجا کار بۆ ناساندنی جیهانییانەی هەردوو کارەساتەکە بکرێت.

**دەستوور:** ساڵانەو لەهەموو رۆژێکی ١٦ی ئاداردا، یادی هەڵەبجە دەکرێتەوەو تائێستا چەند توانراوە مێژووی ئەو کارەساتە بنووسرێتەوە؟ هەست ناکەن هەڵەبجە هێشتا دوورابیەکی نەتەوەیی وەرنەگرتووە، بەڵکو لەناوچەیەکی جوگرافی قەتیسبووە؟



**خەبات عەبدوڵڵا:** بەداخێکی گەورەوە تائێستا لەمیانەی یادکردنەوەی دووبارەبووەوەی ساڵانەو نووسینی دارشتنەوە یادی دوو کارەساتی گەورەی وەکو ئەنفال‌و کیمیابارانی هەڵەبجە دەکرێتەوە.

بەڕای من بۆ کارکردن لەسەر کارەساتێکی نەتەوەیی گەورەی وەک ئەنفال یان کیمیابارانی هەڵەبجە هیچ شتێک هێندەی خولقاندنی یادەوەرییەکی گەلەکۆمەکی ئەوەی بەئینگلیزی پێی دەوترێت (کۆلێکتیڤ میمۆری) گرنگ نییە، هیچ نەتەوەیەکی گەورە نییە لەجیهاندا خاوەنی یادەوەری گەلەکۆمەکی نەبێت، لەو رێیەوە دەکرێت نەک لەڕووە کۆمەڵایەتییەکەی، بەڵکو بەئاقاری سیاسیش گوتاری نەتەوەیی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

راستییەکەی گوتاری سیاسیی کورد گوتارێکی ئێجگار شەرمنەو زۆر بەئاسانی ئەو جۆرە مەرگەساتانە لەیاد دەکات، وتاری سیاسیی ئێمە بەرامبەر بەعەرەب نەک لەئاستی گەورەیی ئەو دوو کارەساتەدا نییە، بەڵکو زۆرجار بریتییە لەموجامەلەیەکی تەواو بێتام‌و بێناوەڕۆک، لەدوای رووخانی دەسەڵاتی فاشیزمی بەعسەوە، ئەم گوتارە هەوڵیداوە بەبیانووی سارێژکردنەوەی برینەکان‌و سپاردنی سەرجەم خەمە نەتەوەییەکان بەسەردەمێک لەسەردەمەکانی دەسەڵات لەعێراقداو لەنێو ئەوانیشدا بەدەستەیەکی کەمی فەرمانڕەوایان، کارەساتەکە بەرابردوو بسپێرێتو وەکو ئەوەی کۆتایی بەکارەسات هاتبێت، بێئەوەی بزانێت یان بیەوێت بزانێت لەپشت فاشیزمی بەعس‌و دیکتاتۆرێکی وەکو سەدام حسێنەوە کام ناسیۆنالیزمی شۆڤێنزمی عەرەبی چالاک بووەو چەند سەدام حسێنیشی لەدوای خۆی بەمیرات جێهێشتووە.

گوتاری سیاسی کورد چەند دەکات خۆی لەشەڕی شۆڤێنیزمی عەرەبی بدزێتەوە کە لەسەردەمی پێشوودا کارەساتی وەکو کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالی خولقاندووە، کەچی دواجار لەم یان ئەو هەڵوێستدا هەمان ناسیۆنالیزم یەخەی پێدەگرێتەوەو شەڕی پێدەفرۆشێت.

راستییەکەی مەحاڵە عێراقێکی دیموکراسی دابمەزرێت تا ئەو شەڕە یەکلایینەکرێتەوە، واتە شەڕی وردوخاشکردنی یەکجارەکی ناسیۆنالیزمی کۆنەپەرستی عەرەب کە پێشتر بەعس نوێنەرایەتی دەکرد، تەنیا لەو رێیەشەوە دەتوانرێت رێگە لەدووبارەکردنەوەی کارەساتی وەکو کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال بگیرێتەوە.

**دەستوور:** تۆمارکردنی مێژووی ئەو کارەساتە لەلایەن کورد خۆیەوە چۆن دەبینیت؟

**خەبات عەبدوڵڵا:** بەڕای من ئەرکی هەرە گرنگ پاش ناساندنی ئەنفال‌و کیمیابارانی هەڵەبجە بەجینۆساید، بەئێستایی هێشتنەوەیانە، ئاخر ناکرێت چی تر ئەو کارەساتانە بەرابردوو بسپێرین، پێمانوابێت پاش دادگا ئیتر کەیسەکەمان کۆتایی پێهاتووە، کارکردن بۆ بەئێستایی هێشتنەوە لایەنی بەرامبەر واتە نەتەوەی عەرەب تا ماوەیەکی زۆر ناچاردەکات هەست بەگوناە بکات، ئەمەش دەبێتەهۆی رێگەگرتن لەدروستکردنی نەوەیەکی تری تاوانبار، راستییەکەی تەنیا لەم رێگەیەوە دەتوانرێت نەوەیەک پێبگەیەنرێت کە لەلایەکەوە رێزی قوربانییەکانمان بگرێتو لەلایەکی تریشەوە رێگە لەسەرهەڵدانی جەلاد بگرێتەوە، هەڵبەتە زۆرگرنگە کارەساتەکانمان بەشێک بن لەیادەوەریی ئێمە، بەڵام لەوە گرنگتر بوونی کارەساتەکانمانە بەبەشێک لەیادەوەری نەتەوەی ئەنجامدەری تاوانەکان خۆشیان.

# ـەرەبووکردنەوەی قوربانییەکانە"

## ـەکانی داکۆکیکردن لەکەیسی هەڵەبجە بۆ دەستوور

بەتاوانە نێودەوڵەتییەکان ناسراوە.

راستە دادگاکە لەسەر ئاستی عێراق دامەزراوە، بەڵام رەهەندێکی نێودەوڵەتیشی هەیە لەوەدا کە لەژێر سایەی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دامەزراوە ئەوەش گرنگی هەیە، بەڵام ئەگەر لەبەردەم دادگایەکی دادی نێودەوڵەتیدا بوایە بەرای من مەسەلەکە قورساییەکی زیاتر دەبوو، بەڵام ئێمە هەر ئەو دادگایەمان هەیەو کەمتر نییە لەو بەهایەی کەدادگایەکی نێودەوڵەتی هەیەتی.

**دەستوور:** ئێوە وەکو ئەندامێکی دەستەی داکۆکیکردن لەو کەیسە، هەنگاوی داهاتووتان چییە؟

**بەکر حەمەسدیق:** هەنگاوی داهاتوومان بەدواداچوونی مەسەلەی قەرەبووکردنەوەیە، کە یەکێکە لەبڕگە گشتییەکان لەبڕیارەکەی دادگای تاوانی عێراقدا هاتووەو دەڵێت: ئەو کەسانەی زیانیان بەرکەوتووە دەتوانن داوای قەرەبووی مادی‌و مەعنەوی بکەنەوە لەڕێی دادگای تایبەتمەندەوە، واتە قوربانییەکان دەتوانن لە رێی دادگاکانی هەرێمی کوردستانەوە بەگشتی‌و بەتایبەتی دادگای بەدائەی هەڵەبجەوە داوای قەرەبوو بکەنەوە، چونکە تاوانەکە لەئاسمان‌و زەوی ئەو شارەدا روویداوە، بەڵام ئێمە بیرمان لەمیکانیزمێکی تر کردووەتەوەو بڕیارە بەهەمانگی لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان‌و کاروباری ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمدا بیگرینەبەر، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ وەزیری شەهیدان گفتوگۆ دەکەین لەبارەی دیاریکردنی بڕێکی گونجاو و شایستەی قەرەبوو بۆ خەڵکی هەڵەبجەو دەوروبەری.

**دەستوور:** بەرای ئێوە، دەبێت چ میکانیزمێک بگیرێتەبەر لەمەسەلەی بەدەستهێنانی ئەو قەرەبووەدا؟

**بەکر حەمەسدیق:** بەگوێرەی بڕیارەکە دەبێت هەموو ئەوانەی زیانیان بەرکەوتووە داوا تۆماربکەن، کە ئەوەش میکانیزمێکی گونجاو و رەوایە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە زیانلێکەوتووان چەند هەزار کەسێک دەبن‌و دادگاکان ناتوانن بەدەم ئەو هەموو داوایانەوە بچێت. بۆیە بەڕای من ئەگەر پەنابەرینە بەر پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان، ئەوە ئاسانترو گونجاوترو زیاتر دەگەینە ئامانجەکانی خۆمان بەتایبەتی کە حکومەتی عێراق حکومەتێکی مولزەمە ئەو قەرەبووە بدات بەخەڵکی هەڵەبجەو دەوروبەری.

**دەستوور:** ئایا دەکرێت بڕیارەکەی دادگایەکی عێراق بکەینە سەرەتای کارکردنمان بەرەو دادگاییکردنی ئەو کۆمپانیانەی چەکی کیمیاوییان داوە بەرژێم؟

**بەکر حەمەسدیق:** دەتوانین لەڕێی ئەم بڕیارەوە ئەو کارەبکەن، بەڵام ئێمە ئەلتەرناتیڤێکی ترمان لەبەردەستە کەهەنگاوی یەکەمی بەجینۆسایدناساندنی کارەساتی کیمیابارانەکەمان بەدیهێناوە، عێراقیش وەکو دەوڵەتێک بڕیاریداوە ئەو شەڕە لەگەڵ ئێمەدا بکات، حکومەتی عێراق لەسەر زاری وتەبێژەکەیەوە عەلی دەباغ بەئێمەی راگەیاندووە حکومەت ئامادەیە هاوکاریی هەموو گەلانی عێراق بکات بۆ دادگاییکردنی ئەو کۆمپانیایانەی چەکی کیمیاوییان بە رژێمی بەعس فرۆشتووە.

بەڕای من ئەوە کارێکی گرنگە کە حکومەتی عێراق لایەنگری ئێمە بێت‌و بەهاوکاری حکومەتی هەرێم وابکەین داوایەکی یاسایی لەسەر ئەو کۆمپانیایانە تۆماربکەین، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت لەسەر کۆمپانیایەکی ئەڵمانی ئەو داوایە تۆماربکەین، دەبێت داواکە لەدادگایەکی ئەو وڵاتەدا تۆماربکەین‌و بەگوێرەی یاسای ئەو وڵاتە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئێمە رێککەوتننامەی یاساییمان لەگەڵ ئەڵمانیادا نییە، بەڵام لەبارێکدا ئەگەر رێککەوتن لەنێوان عێراق‌و ئەو وڵاتانەی خاوەن کۆمپانیایەکن هەبێت بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی یەکتر، ئەو کاتە دەبێت ئەو وڵاتانە بڕیاری دادگاکانی عێراق جێبەجێ بکەن، لەبەرئەوەی دەبێت بەهاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق‌و لەڕێی وەزارەتی شەهیدان‌و کاروباری ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم داوا لەدادگاکانی ئەو وڵاتانەدا تۆماربکەین.

**دەستوور:** وەکو دەزانن لەدوای روخانی رژێمی پێشووەوە، ژمارەیەک لێپرسراوی عێراق دادگاییکراون‌و بەشێکیشیان بەپێی بڕیاری دادگاکە لەسێدارەدراون، بێگومان ئەمەش بۆئەوەیە تا تاوانباران سزای خۆیان وەربگرن، ئێوە پێتانوایە سەرجەم ئەوانەی دەستیان لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا هەبووە دادگایی کراون؟ ئەو لێپرسراوانەی تری رژێمی بەعس کێن کەپێویستە دادگایی بکرێن؟

**بەکر حەمەسدیق:** وەکو دەستەی داکۆکی لەکەیسی هەڵەبجە پێمانوایە هەریەک لە نزار خەزرەجی‌و عەبدولکەریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی لەساتی کیمیابارانەکە تاوانباری سەرەکین، کە هەموو خەڵکی کوردستان دەیانناسن، لەگەڵ فرۆکەوان تاریق رەمەزان‌و بەکر عەزاوی کە هەردووکیان ئازادکراون. جگەلەوەش دوو کەسی تر کەناویان لەدۆسیەکەدا هاتووەو سەر بەمەنزومەی شیمالی بەعس بوون‌و ئێستا بەئازادیی لەهەرێمی کوردستان دەژین‌و چاوساغی رژێم بوون، هیوادارم حیزبەکان‌و حکومەت هاوکارمان بن لەدەستگیرکردنی ئەو دوو کەسەدا، هەروەها ئەو فرۆکەوانانەی شاری هەڵەبجەیان کیمیاباران کردووەو ژمارەیان لە نێوان ٣٠ بۆ ٤٠ کەس دەبێت.

بەمشێوەیە ئەرکی داهاتووی ئێمە وەکو دەستەی داکۆکیکردن لەکەیسی هەڵەبجە، هەوڵدانە بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیان‌و دادگاییکردنی ئەم تاوانبارانە.



> هەریەك لە نزار خەزرەجی‌و عەبدولکەریم بەرزنجی پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانی‌و لەگەڵ فرۆکەوان تاریق رەمەزان‌و بەکر عەزاوی تاوانباری سەرەکین‌و دەبێت دادگایی بکرێن

# لەهەڵەبجە چی روویدا؟

ئا: محەمەد عەلی کەمال

لەساڵی ١٩٨٨دا هەزاران هەڵەبجەیی لەهێرشێکدا بەگازی کیمیاوی گیانیان لەدەستدا.

نزیکەی ٢٠ فڕۆکە کە فڕۆکەی جۆری مێکیشیان تێدابوو لەدەوروبەری سەعات ١١ی پێش نیوەڕۆی رۆژی (١٩٨٨/٣/١٦) دەستیان کرد بەبۆردومانکردنی هەڵەبجە بەگازی کیمیاوی.

شارەزایان پێیانوایە ئەو مادە کیمیاوییانەی کە لەفڕۆکەکانەوە بەسەر خەڵکی شارەکەدا بەردراونەتەوە، بریتین لەگازی خەردەلو سارینی دژە دەمارو تابونو ڤی ئێکسو سیانید.

هێرشەکەی سەر هەڵەبجە کە ١٥٠ میل (٢٤١کم) لەباکووری رۆژهەڵاتی بەغدای پایتەختی عێراقەوەیە، یەکێک بوو لەدوایین هێرشەکانی جەنگی نێوان عێراق ئێرانو بەدوای داگیرکردنی ئەو شارەدا هات لەلایەن هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی بەهاوکاری هێزە ئێرانییەکان.

پەلامارەکەی رژێمی بەعس بەگازی کیمیاوی دوو رۆژ لەبۆردومانی چرپڕی شارەکە هات بەچەکی هاوەنو گوللە تۆپو موشەکو لەشاخەکانی دەوروبەری هەڵەبجەوە ئاراستە دەکران.

بەپێی وتەی فەرماندەکانی پێشمەرگە کە ئەوکاتە لەناو شارەکەدا بوون، فڕۆکەکان چواردە هێرشی ئاسمانیيان کردووەو هەر جارێکیش حەوت یان هەشت فڕۆکە بوون.

باوەڕ وایە کە فڕۆکەکان هێرشیان کردبێتە سەر ناوجەرگەی شارەکەو هەموو ئەو رێگایانە بۆی دەچن.

ئەوانەی لەو مەرگەساتە رزگاریان بووە، باس لەوەدەکەن دوای بەردانەوەی بۆمبەکان دوکەڵێکی رەنگ سپی بەرزبووەتەوەو دواتر رەنگەکەی گۆڕاوە بۆ رەشو ئینجا زەرد بووە، تا ئاستی (٤٦ مەتر) بەرزبووەتەوە.

بەگوێرەی تۆمارە پزیشکییەکانی نەخۆشخانەکانی ئێران کە زۆرینەی بریندارەکان لەوێ چارەسەری سەرەتاییان کراوە، زۆرینەی بریندارەکان بەدەست هەڵمژینی گازی خەردەلەوە ناڵاندویانەو ئەوانەی کە لەمردن رزگاریان بووە بەهۆی ئەو تێکەڵەیەی گازی کیمیاوی کە رژێنرابوو بەسەر شارەکەیاندا، تووشی کێشەی هەناسەدانو بینین بوونەتەوە.

راپۆرتەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە نزیکەی لەسەدا ٧٥ی قوربانییەکان ژنو منداڵ بوونو ئەو بریندارانەی هێرشەکە کە لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە بینرابوون نیشانەکانی ژەهرواییبوونی گازی خەردەلیان پێوە دیار بووە کە بریتییە لەتێکچوونو ناشیرین بوونی پێستو بەزەحمەت هەناسەدان.

هەندێک لەدانیشتووانی شارەکە بەهۆی داپۆشینی دەموچاویان بەپەڕۆی شێدارو هەڵاتن بەرەو شاخەکانی دەوروبەری هەڵەبجە لەمردن رزگاریان بووە.

هەرچەندە زۆرینەی رەهای بەڵگەکان ئەوەیان نیشاندەدا کە هێرشەکە لەلایەن عێراقەوە دژ بەئێرانو هێزی پێشمەرگەو هاووڵاتیانی هەڵەبجە ئەنجامدراوە، بەڵام لەسەرەتادا وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا لۆمەی ئێرانی کرد.

بەگوێرەی هەندێک بەڵگە، رژێمی سەدام حسێن گازی کیمیاوی لەپێش لێدانی هەڵەبجەشەوە بەکارهێناوە، بەڵام هێرشەکەی سەر هەڵەبجە بەیەکەم هێرشی دۆکیومێنتکراو دادەنرێ کە چەکی کیمیاوی تیادا بەکارهاتبێ.

لەدوای ئازادکردنی عێراق، دادگای باڵای تاوانەکان ژمارەیەک لێپرسراوی رژێمی بەعسی بەتاوانی کیمیابارانەکە دادگایی کرد کەبریتی بوون لەعەلی حەسەن مەجید کە بەعەلی کیمیاوی ناسراوە، هاشم سوڵتان وەزیری بەرگری پێشووتری بەعس، سابر دوری سەرۆکی موخابەرات لەساتی ئەنجامدانی تاوانەکەو چەند لێپرسراوێکی تر.

بەگوتەی لێدوانی یەکێک لەپارێزەرەکانی داکۆکیکردن لەکەیسی هەڵەبجە، هێشتا چەند تۆمەتبارێکی تر ماونو دادگایی نەکراون، لەوانە نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق لەساڵی ١٩٨٨و چەند فڕۆکەوانێکو بەرپرسێکی تری بەعس.

دوای تێپەڕبوونی ٢٢ ساڵ بەسەر ئەو تاوانەدا، هەرچەندە هەردوو لێپرسراوی سەرەکی سەدام حسێنیو عەلی کیمیاوی لەپای تاوانەکانیان لەسێدارەدراون، بەڵام هێشتا هەڵەبجە بەدەست شوێنەوارەکانی کیمیابارانەوە دەناڵێنێتو بریندارەکانیش بەدەست ئازاری برینەکانیانەوە هەر ساڵەو ژمارەیەکیان گیان لەدەستدەدەن.

# "لەرێی وردوخاشک...
# رێگە لەدووبارەک...

## نووسەرو رووناکبیر خەبات ع...

سازدانی: دەستوور



**نووسەرو رووناکبیر خەبات عەبدوڵڵا، پێیوایە مەحاڵە عێراقێکی دیموکراسی دابمەزرێت تا ئەو شەڕە یەکلایینەکرێتەوە، واتە شەڕی وردوخاشکردنی یەکجارەکی ناسیۆنالیزمی کۆنەپەرستی عەرەب کە پێشتر بەعس نوێنەرایەتی دەکرد، تەنیا لەو رێیەشەوە دەتوانرێت رێگە لەدووبارەکردنەوەی کارەساتی وەکو کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال بگیرێتەوە.**

**لەچاوپێکەوتنێکدا کەدەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، خەبات عەبدوڵڵا دەڵێت "پاش ناساندنی هەردوو کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال وەک دوو تاوانی جینۆساید، پێویستە داواکانی کورد چ وەکو نەتەوە یان حکومەت پێش هەموو شتێک مەسەلەی قەرەبوو تێپەڕێنێت".**

..............................

**دەستوور:** کورد تاچەند توانیویەتی وەکو جولەکەکان کە چۆن هاوسۆزی جیهانیان بەلای خۆیاندا راکێشا بەهۆی هۆلۆکۆستەوە، هاوسۆزی جیهان بەدەستبهێنێت لەبەرامبەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە؟

**خەبات عەبدوڵڵا:** لەبەرئەوەی کارەساتەکانی کورد بەتایبەتی ئەوانەیان کەدەچنە خانەی جینۆسایدەوە (بۆنمونە هەڵەبجەو ئەنفال) لەسەردەمێکدا روویاندا کە پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی لەعێراقی بەعس لەئارادا بوو، نەتوانرا لەسەروبەندی کارەساتەکاندا، ئەوەی کەروویاندا بگەیەنرێتە جیهان، لەبەرئەوەش کە بەعس رژێمێکی تۆتالیتار بوو زۆربەی جومگە گرنگەکانی ئەو تاوانانەی بەنهێنیو دوور لەچاوی راگەیاندنەکان ئەنجامداو بەو هۆیەشەوە بەشێکی گەورەی تاوانەکان، لەتاریکیدا مانەوە.

هەروەها لەبەرئەوەی کورد جگە لەحیزبە سیاسییەکانی خاوەنی دەزگای دەوڵەتداریی نەبووە، نەیتوانی تا سەردەمێکی درەنگ ئەو تاوانانە بەجیهان بگەیەنێت، ئەوە راستە کە جولەکەکان تەنانەت پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرایلیش کەیسەکەیان ناسرابوو، بەڵام گەلی جولەکە تەنیا لەسایەی دەوڵەتی ئیسرایلو لۆبییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیانەوە توانییان گەورەیی تاوانی هۆلۆکۆست بەدنیا ئاشنا بکەن، بۆیە لەبەر نەبوونی دەزگای دەوڵەتی، تائێستا نەکراوە تاوانەکانی دژ بەکورد هێندەی گەورەیی تاوانەکان، کورد وەکو گەلێکی ستەملێکراو بەدنیا بناسێنێت.

خۆ ئەگەر داگیرکردنی کوێت روونەدایەو عێراقی بەعس وەکو دەوڵەتێکی بێزراوی لێنەهاتایە، رەنگە پانتاییەکی گەورەی ئەو تاوانانە جگە لەخەیاڵدانی کوردی ئەم پارچەیەی کوردستان ئیتر بۆ هیچ شوێنێکی تر سەری نەکردایە.

**دەستوور:** باستان لەوە کرد کە جولەکەکان دوای ئەوەی قەوارەیەکیان دروستکرد، توانییان هۆلۆکۆست بەجیهان ئاشنا بکەن، ئایا رۆڵی حکومەتی هەرێم وەکو قەوارەیەکی سیاسی چۆن هەڵدەسەنگێنیت لەناساندنی ئەو

# جینۆساید.. دەستەواژەی لەناوبردنی بەکۆمەڵ

دەستوور

دەستەواژەی جینۆساید یان لەناوبردنی بەکۆمەڵ، ئاماژەدانە بەتاوانەکانی کۆمەڵکوژی کەدژی کۆمەڵێک خەڵکو مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدەدرێن کە لەراگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٨ دیاریکراونو پەیوەستە بەمافی تاکە کەسەکانەوە.

ئەم دەستەواژەیە تەمەنی زۆر نییەو ساڵی ١٩٤٤ پارێزەرێکی جولەکەی بەرەگەز پۆڵەندی کە ناوی رافائیل لیمکین دایهێناوە، بەمەبەستی وەسفکردنی سیاسەتی نازییەکان لەکوشتنی بەپلان بۆ دارێژراوی گەلاندا، لەوانە گەلی جولەکە لەئەوروپا، ئەم دەستەواژەیەی لەهەردوو وشەی (جینۆ) کە وشەیەکی یۆنانییەو مانای رەگەز یان هۆز لەگەڵ (ساید) کە مانای کوشتنو لەناوبردنە پێکهاتووە.

ساڵی دواتر، دادگای سەربازیی نێودەوڵەتی لەشاری نۆرمبێرگی ئەڵمانیا تۆمەتی تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئاراستەی ژمارەیەک لەگەورە سەرکردەکانی نازییەکان کرد، ئەم تۆمەتە وشەی (جینۆساید)یشی لەخۆگرتبوو وەکو وشەیەکی وەسفکردن نەک وەکو دەستەواژەیەکی یاسایی.

لیمیکین لەهەوڵەکانیدا بۆ ئاشناکردنی جیهان بەو دەستەواژەیە دوای تاوانی هۆلۆکۆست بەردەوام بوو، لەئاکامی ئەو هەوڵانەشیدا، نەتەوە یەکگرتووەکان رێککەوتننامەیەکی پەسەندکرد کە تایبەتە بەقەدەغەکردنی تاوانەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵو سزادانی ئەنجامدەرانی لە٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨. لەو رێککەوتننامەیەدا جینۆساید بەتاوانێکی نێودەوڵەتی لەقەڵەم دراوەو ئەو وڵاتانەی ئیمزایان کردووە پابەند دەکات بە (رێگرتن لەدووبارەکردنەوەی تاوانی لەو شێوەیەو سزادانی ئەنجامدەرانی). هەروەها جینۆسایدی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: جینۆساید مانای ئەنجامدانی یەکێک لەم کارانەیە کە بەمەبەستی لەناوبردنی تەواوەتی یان بەشێکی گروپێک لەسەر بنەمای نەتەوەیی یان ئێتنیکی یاخود رەگەز یان ئایین ئەنجامدەدرێن، لەوانە: کوشتنی ئەندامانی ئەو گروپە، زیانگەیاندنی جەستەیی یان دەروونی مەترسیدار بەئەندامەکانی، زیانگەیاندن بەرەوشی گوزەرانی ئەو گروپە بەشێوەیەکی ترسناک، لەگەڵ گرتنەبەری هەندێک رێوشوێن بەمەبەستی رێگرتن لەنەوەخستنەوەی ئەو گروپەو گواستنەوەی بەزۆری منداڵەکانی گروپێک بۆ ناو گروپێکی تر.

لەمێژووی مرۆڤایەتیدا زۆر هەوڵی جینۆسایدکردنی گەلان دراوە لەبەرهۆی ئایینی یان نەتەوەیی یان رەگەزپەرستی یان هەر هۆکارێکی تر، پسپۆڕان پێیانوایە ژمارەیەکی زۆر تاوانی کۆمەڵکوژ دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە، لەوانە: کۆمەڵکوژی جولەکەکان کە بەهۆلۆکۆست ناسراوە، برسیکردنی ئۆکرانیا لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە لەماوەی ساڵانی (١٩٣٢و ١٩٣٣)، داگیرکردنی تەیمۆری خۆرئاوا لەساڵی ١٩٧٥ لەلایەن ئەندۆنیسیاوەو ئەو رەشە کوژییەی گروپی خەمیری رۆژ لەماوەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو لەکەمبۆدیا ئەنجامیان دا.

لەساڵانی هەشتاکانی هەمان سەدەشدا، رژێمی بەعس شاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجەی ئەنجامداوە کە لەمانگی ئاداری ئەمساڵو لەلایەن دادگای دادگاییکردنی لێپرسراوانی ئەو رژێمە ناسراو بەدادگای باڵای تاوانەکان، هەردوو مەرگەساتەکە بەجینۆساید ناسێنراوەو بەوپێیەش کورد بووە یەکێک لەو گەلانەی بەگەلانی جینۆسایدکراو ناسراون.

لەساڵی١٩٩٤دا، لەرواندا توتسییەکان ٨٠٠ هەزار کەسیان لەهۆتۆیەکان کوشت، لەبۆسنەو هێرزەگۆڤینیاش سربەکان لەچوارچێوەی تاوانی کۆمەڵکوژیدا چەندین قەسابخانەیان خوڵقاند.

ماوەی چەندین ساڵە، ئەرمەنەکانیش لەهەوڵی ناسینی ئەو کۆمەڵکوژیە دان کە لەساڵانی ١٩١٥ تا ١٩٢٠ لەلایەن عوسمانییەکانەوە لەدژیان ئەنجامدراوەو لەو هەوڵەیاندا تا رادەیەک سەرکەوتووبوون، سیناتی ئەمەریکاو پەرلەمانی فەرەنساو پەرلەمانی سوید، ئەو کۆمەڵکوژیەیان بەجینۆساید ناساندووە.



# "ئەرکی داهاتوومان ق...

## بەکر حەمەسدیق یەکێک لەپارێزەر...

سازدانی: دەستوور

**یەکێک لەپارێزەرەکانی داکۆکیکردن لەکەیسی هەڵەبجە ئاشکرایکرد، هێشتا دوو تاوانباری سەرەکی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دادگایی نەکراون، دووانی تریشیان کە ناویان لەدۆسییەکەدا هاتووەو لەساتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا چاوساغی هێزەکانی رژێمی بەعس بوون، بەئازادیی لەکوردستان دێنو دەچن. پارێزەر بەکر حەمەسدیق لەمیانی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دەستوور دەڵێت هەنگاوی داهاتوویان بەدواداچوونی مەسەلەی قەرەبووکردنەوەیە، ئاماژە بەوە دەدات ئەو کەسانەی زیانیان بەرکەوتووە دەتوانن داوای قەرەبووی مادیو مەعنەوی بکەنەوە لەرێی دادگای تایبەتمەند. باسی لەوەشکرد، دەستەکەیان لەداهاتوودا کار بۆ دادگاییکردنی تاوانبارەکانی تر دەکات.**

..............................

**دەستوور:** مانای بەجینۆسایدناساندنی کەیسی هەڵەبجە، لە رووی یاساییەوە چی دەگەیەنێت؟

**بەکر حەمەسدیق:** گرنگی بەجینۆسایدناساندنی کیمیابارانی هەڵەبجە لە رووی یاساییەوە ئەوەیە، ماف دەدات بەگەلانی جینۆسایدکراو کە داوای یارمەتی لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکەن، واتە رێگەدەدات بەو گەلانە داوای یارمەتی لەنەتەوە یەکگرتووەکانو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکەن، پاشان ئەمە بەهایەکی ئەخلاقیو ناوبانگی نێودەوڵەتیو گرنگی هەیە بۆ ئەو گەلانەی ستەمدیدەن.

خاڵێکی تری گرنگی ئەم بڕیارە لەوەدایە کە وەکو لەپێناسەی خودی جینۆساید هاتووە، جیاوازی نێوان جینۆسایدو تاوانی دژی مرۆڤایەتیشە، ئەوەیە کە ئەو گەلانەی دووچاری جینۆساید دەبنەوە لەبەر هۆکاری نەتەوەییەو پەیوەستە بەمەبەستی ئامانجی جینۆسایدەکەو ئامانجی لەناوبردنی ئەو نەتەوەیە.

لەتاوانی جینۆسایدا پەیوەندی بەپاڵنەری نەتەوەییەوە هەیەو بۆ ئێمە لەڕووی یاساییەوە میللەتی کورد دەباتە ئاستی ئەو میللەتانەی بەمیللەتە چەوساوەکان ناوزەد دەکرێن، ئەوەش هەم لە رووی ئەخلاقییەوە، هەم لە رووی مادییەوە، هەم لە رووی یاساییەوە گرنگەو بایەخی ئەو بڕیارە لەوانەدا خۆی دەبینێتەوە.

**دەستوور:** بەجینۆسایدناساندنی هەڵەبجە لەلایەن دادگایەکی عێراقییەوە بوو، ئایا ئەمە چەند جیاوازی هەیە لەوەی ئەو ناساندنە لەلایەن دادگایەکی نێودەوڵەتییەوە بووایە؟

**بەکر حەمەسدیق:** دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە بڕیارەکەی دەرکردووە بەبڕیارێکی عێراقو بەمەرجی نێودەوڵەتی دامەزراوە، واتە مەرجە نێودەوڵەتییەکان لەم دادگایەدا هەیە، کە هەندێک پێوەری نێودەوڵەتی بۆ پێکهێنانی دادگایەکی ناسراو رەچاوی مافەکانی مرۆڤی تێدا دەکرێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بەتۆمەتبار، ئەو مەرجانە لەو دادگاییکردنەدا هەبووە، سێ پێناسەی بۆ تاوانەکان داناوە، کەبریتین لەتاوانی جینۆساید، تاوانی دژە مرۆڤایەتیو تاوانەکانی تر کە





# هەزاران منداڵ لەزیندانەکانی حکومەتی تورکیادان

## وەزیری داد: ئەو منداڵانەی بەرد دەگرنە پۆلیس بێ سزا نامێننەوە

ئا: محەمەد عەلی خەفاف

لەشارەکانی باکووری کوردستانو لەزۆرینەی خۆپیشاندانو ناڕەزاییو ڕێپێوانەکانی کوردەکانی ئەو وڵاتەدا، منداڵان بەبەرد بەگژ هێزە ئەمنییەکانی تورکیا دەچنەوە، بەفەرمانی حکومەتی ئەو وڵاتەش لەدوای هەر پێکدادانێکی نێوان پۆلیسو منداڵەکان چەندین منداڵ دەستگیر دەکرێنو دەخرێنە کونجی زیندانەکانەوە.

ئەو منداڵانەی دەستگیر دەکرێن هەندێکیان بەچەندین ساڵ زیندانی سزا دەدرێن کە هیچ یاسایەکی مرۆیی نەک پشتگیری لێناکات، بەڵکو ریسواشی دەکەن، لەئێستادا هەزارەها هەزار منداڵ بەتۆمەتی بەرد گرتنە پۆلیس لەبەندیخانەکانی تورکیا زیندانیکراون، هەندێکیان بەچەند ساڵێک کە هێندەی تەمەنیانە زیندانی کراون، بەجۆرێک کە تەنها لەشاری ئامەدو لەساڵی ٢٠٠٨دا بەپێی ئامارە رەسمییەکان ٤٠٠ منداڵو بەپێی نارەسمییەکانیش ٧٠٠ منداڵ دەستگیرکراون، هەر لەهەمانساڵدا لەئەدەنە ٦٧ منداڵو لەشاری وانیش ٣٨ منداڵ دادگایی کراونو خراونەتە زیندانەکانەوە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەکوردستانی تورکیا دەڵێن منداڵەکان لەبەندیخانەکاندا ئەشکەنجە دەدرێنو لەبەرامبەریشدا ناچاردەبن مان لەخواردن بگرن، بێئەوەی کەسێک مانگرتنی ئەوانی بەبای خەیاڵدا بێتو لێپێچینەوەی لێبکات.

لەدوای خۆپیشاندانەکانی ١٥ی شوباتەوە تا ئێستا سەدان منداڵ دەستگیرکراون، تا ئێستاش شەش لەو منداڵانە بەهۆی ئەوەی رووبەڕووی ئەشکەنجەی جەستەیی بوونەتەوە، لەزیندانی ماڵتەپەی شاری ئەستەنبوڵ مانیان لەخواردن گرتووە.

لەشاری ئەدەنەش منداڵانی زیندانییەک بەهۆی خراپی بارودۆخی زیندانەکەیانەوە مانیان لەخواردن گرت، بەبەرپرسانی بەندینخانەکەیان راگەیاندووە تا ئەوکاتەی بارودۆخیان کە بۆتە هۆی تێکچوونی تەندروستیان چاک نەکرێت، مانگرتن ناشکێنن.

### منداڵان لەڕێی ڕێپێوانەوە داوای مافەکانیان دەکەن

بەبەشداری زیاتر لەهەزار هونەرمەندو نووسەری ناسراوی شارەکە، رۆژی ١٤ی ئەم مانگە منداڵانی شاری ئامەد ڕێپێوانێکی هێمنانەیان لەژێرناوی "وەرن با ئاشتبینەوە" سازکردو داوای مافەکانیان کرد کە لەلایەن حکومەتەوە بەردەوام لێیان زەوت دەکرێت، ڕێپێوانەکە بۆ ئیدانەکردنی ئەو رەشبگیرییە بوو کە هێزە ئەمنییەکان بەرامبەر بەمنداڵانی کورد دەیکەنو بۆ ناڕەزایی دەربڕین بوو لەدژی دەستگیرکردنی چەندین سەرۆک شارەوانی ناوچە کوردییەکانو زیادبوونی ژمارەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بوو لەناوچەکە.

ڕێپێوانەکە بەبەرزکردنەوەی چەندین دروشم بەزمانەکانی کوردیو تورکی بەڕێوەچوو کە بریتی بوون لە"وەرن با پێکەوە ئاشتبینەوە"و بەگوتنەوەی "دەنگی چەکەکان مەهێڵنو دەنگی ئاشتی بەرزکەنەوە" درێژەی هەبوو، لەبەر قەرەباڵغی لەهەندێ شوێندا بەشداربووان ناچار دەبوون شەقامە سەرەکییەکانی شارەکە بگرن، لەدوای کۆتاییهاتنی ڕێپێوانەکە ئامادەبووان لەپارکێکی شارەکە کۆبوونەوەو لەگەڵ دەفی ژمارەیەک هونەرمەندا هەمووان پێکەوە هەڵپەڕین، پاشانیش بەناوی منداڵەکانەوە هونەرمەندان لەبەردەمی ناوەندێکی کلتوری شارەکەدا دوو روونکردنەوەیان بەهەردوو زمانی تورکیو کوردی پێشکەشکرد، لەروونکردنەوەکەدا هاتووە "لەدژی هەموو بازرگانانی جەنگ جارێکی دیکە دەنگمان بەرزدەکەینەوە، پێیان دەڵێین با خەڵکی ئەم وڵاتە بەکرانەوەو چارەسەری ساختە چەواشە نەکەن، بۆ ئاشتییەکی راستەقینە پێویستە هەنگاوی پتەو هەڵبگیرێ".

لەدرێژەی روونکردنەوەکەدا هاتووە "ئەو منداڵانەی کە پێویستە چیرۆکیان بۆ بگێڕدرێتەوە، لەنێو زیندانەکاندا سزای لەباڵای خۆیان بەرزتریان بەسەردا سەپێنراوە، بەیاسای سزادانی مەدەنی سزا دراونو بەتاوانباری ترسناکو تیرۆریست ناوبراون، هەروەک ئەشکەنجە دراونو خەیاڵەکانیان کراوە بەژێر گڵەوە، هەرگیزیش بەم جۆرە ئاشتی وەدی نایەت".

لەدوای روونکردنەوەکانیشەوە هونەرمەندان شانۆگەریەکیان پێشکەشی منداڵەکان کردو لەیەکێک لەناوەندە کلتورییەکانی ئامەد پێشانگایەکی تابلۆیان تایبەت بەمنداڵان کردەوەو ئێوارەی هەمان رۆژیش چەندین کۆنسێرتیان پێشکەشکرد.

### وەزیری دادی تورکیا: بەرد هاوێشتن تاوانەو پێویستە سزای هەبێت

سەرەڕای ئەوەی حکومەتی ئاکەپە بەنیازە رابەرایەتی چەند گۆڕانکارییەک بکات لەدەستووری وڵاتەکەیدا کە یەکێکیان بریتییە لەگۆڕینی ئەو یاسایەی سزای ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ پۆلیسدا پێکدا هەڵدەپڕژێن، بەڵام پێناچێت گۆڕانکارییەکە ریشەیی بێتو چارەسەری کێشەکە بکات.

جەودەت یەڵماز وەزیری دادی تورکیا کە یەکێکە لەدەستەی گۆڕینی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەرد هاوێشتن بەتاوان ناودەبات، پێیوایە ئەو تاوانە نابێت هەروا سوکو ئاسان بێسزادانی ئەنجامدەرەکەی تێپەڕێ.

یەڵماز ئاماژەی بەوەدا کە رەشنووسی نوێی یاساکە رەوانەی پەرلەمان کراوە بۆ پەسەندکردن، بەبڕوای وەزیری داد بەکارهێنانی زاراوەی منداڵە بەردهاوێژەکان هەڵەیە، چونکە ئەو پێیوایە ئەو منداڵانە ئەو کارانەیان پێدەکرێت بۆیە پێویستە پێیان بڵێین ئەو منداڵانەی بەرەو تاوان پاڵنراون، وتی "ئێمە بەهەر جۆرو بیانویەک بێت نامانەوێ سایکۆلۆژیای منداڵەکانمان تێکبچێت، چونکە ئەوانە داهاتووی وڵاتن".











# کاردانەوەکانی جینۆساید

فەرایی تنچ

تەماشای ئەو خاڵە بکەن کە لەدوای دوو ساڵ کۆبوونەوەی نهێنی نێوان ئەرمەنستانو تورکیا پێیگەیشتووین، بنمیچەکە بەسەر پرۆسەی نزیک بوونەوەی تورکیاو ئەرمەنستاندا رووخا، نە ئەرمەنستان دەتوانێ هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بنێتو نە تورکیاش، لەهەردوو وڵات ئەوانەی کە حەز دەکەن دۆخەکە بەم جۆرە بەردەوام بێت زۆر بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لێدەکەن، بەڵام شتێک هەیە کە نایبینن، هەردوو وڵات چوونەتە قۆناغێکەوە کە دەرەنجامی جدی لێدەکەوێتەوە، تورکیا لەڕووی سایکۆلۆژییەوە خاڵی لەکۆتایی رستەی نزیکبوونەوە لەئەرمەنستان دانا، لەم هەلومەرجەی ئێستادا نەک خستنە دەنگدانەوەی پرۆتۆکۆلەکان، تەنانەت هێنانە بەر باسیشی مەحاڵە، باڵی ئۆپۆزسیۆنە نەتەوەپەرستەکانی ناوخۆی ئەرمەنستانو ئەوانەی دەرەوەی ئەو وڵاتەش زۆر خۆشحاڵن بەم حاڵەتە، ئەوان هەر لەسەرەتاوە دەیانویست پرۆتۆکۆڵەکان کاتیان بەسەربچێتو ئێکسپایەر بن، بەم جۆرەو لەڕێی بانگەشەکانی جینۆسایدەوە لەمونتەدا نێودەوڵەتییەکاندا هەڵوێست وەردەگرنو وا بیردەکەنەوە کە دەتوانن بەو شێوەیە تورکیا بەرەو رووی رابردووی بکەنەوە، ئەم خاڵەی دووەمیش نیشانەیەکە بۆ مەترسییەکی جدی لەناوچەکەدا.

بەهۆی ئەوەی لەکۆبوونەوەی نێوان هەریەک لەسەرۆک کۆمارانی ئازەربایجانو ئەرمەنستان پێکەوە لەمانگی کانوونی دووەمی رابردوودا نەگەیشتنە چارەسەرێک، لەم رۆژانەی رابردوودا پەیامی چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباغ لەڕێی جەنگەوە راگەیەنرا، لەوانەیە ئەمانە لەبەرچاو نەگیرێنو گرنگییان پێنەدرێت، لەڕاستیدا ئەندامێکی گروپی ناوبژیوانی نێوان ئەرمەنستانو ئازەربایجان بۆ کێشەی قەرەباغ لەڕوونکردنەوەیەکدا هەڕەشەکانی ئازەربایجانی بەجدی وەرنەگرت، بەڵام لەنێوان قسەکانیدا ئەگەری روودانی جەنگێکی لەوشێوەیەشی بەڕستەی "وەبەرهێنە بیانییەکان هەڵدێنو ئابووری ئازەربایجان داتەپێ" گوزارشت لێکرد، ئەگەر بەهۆی بوونی روسیاوە لەناوچەکەدا پێکدادانێک روونەدات ئەوا دواجار ئەمەش گەرەنتییەک نییە، دۆخەکان چاوەڕوانی پریشکەکانی شەڕ دەکەن بۆ تەقینەوە، ئەگەر ئەو پرۆتۆکۆلەی لەنێوان تورکیاو ئەرمەنستاندایە بەرازیکردنی روسیاو ئازەربایجان ئامادە بکرایەو هەموو ئەم کێشەیە لەدەربازبوونی ئیدارەی ئەمریکا لەئاڵۆزییەکانی نێوان تورکیا دەنگدەرانی ئەرمەنی نێوخۆی ئەمریکا بچوایەتە دەرەوە، لەوانەبوو هەوڵەکان گشتگیرتر بوونایە، ئەم روانگەیە لەسویسرا چاوەڕوان نەدەکرا بەو پێیەی ئەو ناوبژیوانی گفتوگۆکان بوو بەمەبەستی ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆڵەکان، هەروەک چاوەڕوانی پەیمانگەلێکی روون لەلایەن ئەمریکاشەوە نەدەکرا، چونکە ئەویش تەنها لەو گۆشەی دەربازبوون لەکێشەکەوە تەماشای دۆخەکەی دەکرد، تورکیا نەیتوانی لەبەرژەوەندییە ناڕوونەکانی ناوبژیوانەکان تێبگات کە دەبنە هۆی پەک خستنی پرۆسەکە.

هەڵەکانی ئەم قۆناغە تائێستاش بەردەوامن، ئەو کاردانەوەیەی لەدوای پەسەندکردنی رەشنووسی ناساندنی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لەئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا نوێنرا، پەرلەمانی سوید وەک لەبڕیارەکەشدا هاتووە بەشێوەیەکی رووکەشانە رەشنووسەکەی پەسەند کردووە، روونکردنەوەی رەقو بانگکردنەوەی باڵیۆزەکان ئەو هەنگاوانەن کە لایەنی بەرامبەر پێش پەسەندکردنەکە ئەژماریی کردوون، ئەمانە هەموو کاردانەوەی کاتین، چەند جاری دیکەو بەهۆی بڕیاری لەوجۆرەوە باڵیۆزەکان بانگکراونەتەوە، بەڵام دواتر گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان.

ئەحمەد داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوە دوای بڕیارەکەی کۆنگرێسی ئەمریکا رایگەیاند "ئێمە ئامادەکاریی خۆمان بەپێی هەر هەلومەرجێک کە بکەوێتەوە، لەپێشترەوە کردووە"، دوو روونکردنەوە ئامادە کرابوو، تورکیا باڵیۆزەکەی بۆئەوەی ئەگەر پێویستی کرد بکێشێتەوە، بەپەلە ناردبۆیەوە بۆ واشنتۆن، ئەمانە تەنها پەیامگەلێکن کە ئاڕاستەی سیاسەتی ناوخۆی پێدەکرێت بەمەبەستی کەمکردنەوەی تورەیی خەڵکو لەوە زیاتر نین.

هەفتەیەک بەسەر بڕیارەکەی کۆنگرێسدا تێپەڕیوە بەڵام تا ئێستا نە روونکردنەوەیەکی هاوبەشی نێوان ئەنقەرەو باکۆ سەبارەت بەوەستاندنی پرۆتۆکۆلەکانی نێوان تورکیاو ئەرمەنستان لەلایەکو لەبارەی کێشەی قەرەباغەوە کە دەبێتە هۆی ئاسانکردنی ناساندنی جینۆساید بڵاونەکراوەتەوە، نە ئاماژەیەکیش هەیە بۆ ئامادەکارییەکی ستراتیژی نێوان هەردوو وڵات تەنانەت ئەگەر بەسەردانێکی وەفدێکی باڵای تورکیاش بێت بۆ ئازەربایجان یان ئامادەکاری پێشوەخت تەنها بەمانای پچڕاندنو تێکدانی پەیوەندییەکان دێت؟ ڕێگە خۆشکردن بۆ کاری لەم جۆرەو پێش لەباربردنی پرۆسەی نزیکبوونەوە لەئەرمەنستان، دەتوانرێ کاردانەوەی وەها بنوێنرێ کە کاریگەری لەسەر قۆناغەکە هەبێت.

**و.لەتورکییەوە: محەمەد عەلی کەمال**
**رۆژنامەی حورییەت**

# "لیستەکەی عەلاوی دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ داهاتووی عێراق"

## د. خالید خەیاتی مامۆستای بەشی زانستە سیاسییەکانی لینشۆپینگی سوید بۆ دەستوور



د. خالید خەیاتی مامۆستای بەشی زانستە سیاسییەکانی لینشۆپینگی سوید لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت ئێران بە ڕێگەی جیاجیا دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدات. ئاماژە بەوەشدەکات ئەو کەسەی کە بڕیارە ببێتە باڵیۆزی نوێی ئێران لەعێراق کەسێکی سەربازییەو ئامانج لێی بۆ نانەوەی پشێوییە لەعێراق.

سازدانی: هیوا سەلیمی

**دەستوور:** هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆتایی پێهاتووەو هێشتا ئەنجامەکانی کۆتایی ئەم هەڵبژاردنە ڕانەگەیەندراوە، بەشێک لەلایەنو ڕەوتە سیاسییەکانی عێراقو تەنانەت بەشێک لەچاودێرانی نێودەوڵەتیش باس لەئەگەری ساختەکاری لەدەنگەکاندا دەکەن، تەنانەت ئێرانیش بەهۆکارێک بۆ ئەم دواکەوتنە تۆمەتبار دەکەن، ڕای ئێوە لەمبارەوە چییە؟

**خالید خەیاتی:** دوایین ڕاپۆرتو زانیارییەکان باس لەوە دەکا کە سکاڵایەکی زۆر لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق بەرەو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەرێکراوە، بەلەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی ئەو سکاڵانامانەو هەروەها لێدوانی چەندین چاودێری نێودەوڵەتی، دەکرێ باس لەواقعیبوونی ساختەکاری لەفۆرمو شێوازی جیاجیا لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکان بەقازانجی چەندین لایەنی تایبەتیو لەوانە لایەنەکانی پێکهێنەری دەسەڵاتی ئێستاکەی عێراق بکرێ، ئەم پێشێلکاریو هەڵمەتە ناتەندروستانە لەئاسانکاری بۆ لیستەکانی سەر بەدەسەڵاتو چەندین شێوازیتردا خۆی دەبینێتەوەو باسکردن لەئەگەری دواکەوتنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان لەئاراستەی ئەنجامدانی ساختەکاریو دەستکاری لەدەنگەکان، بێمانا نییە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم کە لەئاستی عێراقدا بەکوردستانیشەوە، ساختەکاری بەقازانجی دەسەڵاتکراوە، ئەو بابەتە لایەنی تەکنیکیو واقعی مەسەلەکەیە، بەڵام ئەگەر لەلایەنی فەلسەفەی سیاسییەوە لەمەسەلەکە بڕوانین، دەتوانین ئاماژە بەو خاڵە گرنگە بکەین کە عێراق وڵاتێکە تازە پێی ناوەتە پرۆسەی بەدیموکراسی بوون، لەڕاستیدا تازە پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆنی لەم وڵاتە دەستپێکردووەو دووەمجارە کە خولی هەڵبژاردنی گشتی لەو وڵاتە بەڕێوەدەچێ، خەڵکی عێراق کوردیشی لەگەڵ بێ، بەگشتی هەڵگری ئاستێکی بەرز لەفەرهەنگو کلتوری دیموکراتیک نین، وەکو فەیلەسوفی ئەڵمانی یۆرگن هابرماس دەڵێ، بۆئەوەی تۆ مافی کەسێکی دیکە پێشێل نەکەی دەبێ هەمیشە کەسێک بەتفەنگ یان گۆپاڵ لەسەرت ڕاوەستێ، ئەو کەسەی کە بەچەک یان بەگۆپاڵ لەسەرت ڕاوەستاوە لەفەرهەنگێکی نادیموکراتیکدا دەبێ هێزێکی وەک پۆلیس یا عەسکەر بێ، بەڵام لەکلتورو فەرهەنگی دیموکراتیکدا ئەو هێزە چاودێرە نەک پۆلیسو عەسکەر، بەڵکو ویژدانی تاکەکانە، لەو کلتورە دیموکراتیکەی کە باسی لێدەکەین، ویژدان لەهەستو ناخی مرۆڤدا ڕەگی داکوتاوەو دەبێتە بەربەستێک بۆئەوەی مافی لایەنی بەرامبەرت پێشێل نەکەی.

عێراق لەقۆناغێکی هەستیاری تێپەڕبووندایە، دیموکراسی بەمانا ڕاستەقینەکەی جێگیر نەبووەو ئەم چەمکە وەک فەرهەنگێکی گشتی لەنێو خەڵکدا بڵاونەبۆتەوە، هەر بۆیە ئەو حاڵەتە ویژدانییە هێشتا بەرادەی پێویست بەرجەستە نەبۆتەوەو دەکرێ بڵێین بەڵێ ساختەکاری لەئاستی گشتی عێراقدا کراوەو دەکرێ.

**دەستوور:** لەڕۆژەکانی سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە باس لەدەستوەردانی وڵاتانی دەرەکی لەم پرۆسەیەدا دەکرێ، ئێران زیاتر لەهەموو وڵاتان بەدەستێوەردان تۆمەتبار کراوە، بەرای ئێوە تا چەندە ئەم دەستێوەردانانەی ئێران ڕاستە، ئامانجە ستراتیژیەکانی ئێران لەم گەمە سیاسییە چییە؟

**خالید خەیاتی:** سەرەتای وروژاندنی پرسی دەستێوەردانی ئێران لەکاروباری ناوخۆی عێراق بۆ چرکەساتەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێنو دەستێوەردانی ئەمریکا لە٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە، ئێران لەو سەردەمەوە بەسێ شێواز لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا دەستێوەردانی کردووە، یەکەم شکڵی دەستێوەردانی ئێران ڕێگەی شەڕ بوو، ئێران لەبەرئەوەی کە پێی خۆش نەبوو سیستمێکی سیاسی سەرکەوتوو لەعێراقدا پیادە بێو لەعێراقدا سەقامگیرییەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی دروست بێ، بەڕێگەی شەڕ، یانی بەڕێگەی ئاراستەکردنو تەیارکردنی هێزە چەکدارەکانی لایەنگری ئێرانو لەسەردەستی سوپای قودس، ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی لەعێراقدا دەستپێکرد، ئاژاوەنانەوە لەڕێگەی گروپە چەکدارە توندڕەوەکان، هاندانی ئەم گروپانە بۆ توندوتیژیو کارکردن لەسەر تەقینەوەو زۆر شێوازیتر وەک بەربەستێک لەبەردەم سەقامگیری سیاسیی عێراق دەوری نواند، دواتر کە زانی ناتوانێ بەتەواوی بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکاو ڕاستەوخۆ بارودۆخەکە بەقازانجی بەرژەوەندییەکانی بقۆزێتەوە، تاکتیکەکانی دەستێوەردانی گۆڕی، پارادۆکسی مەسەلەکە لەوەدایە کە زەمینەی بەشداریکردن لەپرۆسە سیاسییەکان لەڕێگەی هەڵبژاردنی دیموکراتیک کە ئەمریکا هێنایە ئاراوە، بۆ کەڵکوەرگرتن لەم هەلومەرجە نوێیە ڕەچاوکرا. شێوازی دووەمو خاڵی دووەم، کەڵکوەرگرتن لەهەستی ئایینیو بیروباوەڕی شیعە لەعێراق بوو، بەحوکمی ئەوەی کە سەدی ٦٠ یا ٦٥ی کۆمەڵگای عێراق لەشیعەکان پێکدێت، نزیکایەتییەکی یەکجار زۆر ڕاستەوخۆ لەگەڵ سیستمی سیاسی ئێران بابەتێکی ئاشکراو واقعییە، ئەم مەسەلە پێگەیەکی زۆر بەهێز بوو کە ئێران توانی کەڵکی لێوەربگرێ.

لە٣٠ ساڵی ڕابردووەوە واتە لەسەرەتای شەڕی ئێرانو عێراق کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکان، کۆمەڵێک هێزی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن بەدژی حکومەتی سەدام لەناو شیعەکان سەریانهەڵدا، زۆربەی زۆری ئەو هێزە سیاسییانە لەڕاستیدا دەستپەروەردەو تەیارکراوی دەستی ئێران بوون، وەکو ئەنجومەنی باڵاو...و تەنانەت ئێران ڕاستەوخۆ لەگەڵ حیزبی دەعوەی عێراقیشی تێکەڵاوی هەبووە، ڕێگەی سێیەمی دەستوەردانی ئێرانو بەتایبەت لەهەڵبژاردنەکاندا کەڵکوەرگرتن لەم هێزانە بووەو هەیە، ئێران لەڕێگەی ئەو هێزانەو بەڕێگەی هاوپەیمانی جۆربەجۆری سیاسیی کە لەسەر بنەمای شیعەگەری لەو وڵاتە دروستبووە، پێگەی سیاسیی خۆی بەهێز کردووەو ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ئەو هێزو لایەنانەوە لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەشداری دەکاو دەنگیش بەدەستدێنێو دەکەوێتە پەرلەمانی عێراقیش، لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵێک هێز کە ئەمڕۆ دەنگیان هەیە لەعێراقداو کەوتوونەتە پەرلەمانو لەئایندەدا دەتوانن دەوڵەت لەو وڵاتە پێکبێنن، ڕاستەوخۆ بەشێوازێک بەرژەوەندی ئێران دەپارێزن، بۆنمونە هێزێکی وەکو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی کە ئێستا لەئیئتیلافێکی یەگرتوو لەگەڵ موقتەدا سەدردا کۆبۆتەوە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی سیاسی، ئایدۆلۆژیکو ئابوورییان لەگەڵ ئێران هەیەو ئێمە دەتوانین بڵێین تەنانەت لەنێو لیستی نوری مالکیشدا پێگەی بەهێزی ئێران بوونی هەیەو ڕێگەی دەستوەردانیان بۆخۆیان هێشتۆتەوە، دەتوانن بەو شێوازە مەیدانی بڕیاردانی خۆیان ئاوەڵا بکەنو دەتوانن بەو شێوازە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆیان لەعێراقدا بپارێزن.

**دەستوور:** پێتوانییە بابەتەکە لەداهاتوودا پێچەوانە بێتەوە؟ بەلەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئێران لەعێراقو ئەگەرەکانی بەدەستهێنانی دەنگێکی بەرچاو لەلایەن ئیئتیلافی ئەلعێراقیە بەرابەریی ئەیاد عەلاوی کە نەیاری سەرسەختی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، داهاتووی پەیوەندییەکانی ئێرانو عێراق بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوات؟ ئایا ئەم بابەتە داهاتووی پەیوەندییەکانی ئێرانو عێراق ناخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە؟

**خالید خەیاتی:** خاڵی هەرە گرنگ لەم پرۆسەیەدا، زیندووبوونو بەدینامیک بوونی پرۆسەکەیە، ئەگەر من لەپرسیاری پێشوودا باسی سێ شێوازی دەستێوەردانی ئێران بەڕێگەی شەڕ، بیروباوەڕی ئایینیو پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزە سیاسییەکانم کرد، خودی ئەو سێ خاڵە بەردەوام لەئاڵوگۆڕدا بووە، ئێستاش سەرهەڵدانی لیستی ئەلعێراقیە کە ئەیاد عەلاوی سیمای هەرە ناسراویەتی، ئەو هێزەی کە بەڕاستی هێزێکی لائیکو سیکۆلارەو هەروەها لایەنگری ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکەی لەسەر بنەمای دیپلۆماسییەکی مۆدێرنو هاوچەرخ بنیات بنرێ، بەهەمان شێوە لەگەڵ ئێرانیش، ئەوە دەتوانێ ئەو هاوکێشانەی کە تۆ باسی لێدەکەی لەدژی ئێران بسوڕێتەوە، ئەڵبەت ئەم مەسەلەو ئەم فاکتەرە ناتوانێ بەتەواوی ئێران لەمەیدانی ئەو سیاسەتە وەدەرنێ، بەڵام هەبوونی دەنگێک لەناو پەرلەمانی عێراق کە داوای شەفاف بوون لەسیاسەتی دەرەکی دەکاو ئەو سیاسەتەش دەبێ لەسەر سەرجەمی وڵاتانی دەرەکی بەشێوازی یەکسان جێبەجێ بکرێ، بێگومان ئەوە دەتوانێ نیشانەیەکی بەهێزی پرسیار بۆ ئێران بێتو دەتوانێ لەمەیدانی مانۆڕو مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لەزۆر بواردا پاشەکشەی پێبکاو ئەمەش خاڵێکی زۆر زۆر ئەرێنییە.

**دەستوور:** کێشمەکێشو ململانێی نێوان هێزە دەرەکییەکان لەعێراقو بەتایبەت ئێران، چ کاریگەرییەک لەسەر داهاتووی سیاسیی عێراق دادەنێ؟

**خالید خەیاتی:** وڵاتانی دراوسێی عێراق هەرکامەیان بەشێوازێک هەڵوێستیان لەبەرامبەر عێراقدا بووە، جا ئەو هەڵوێستە چ حاڵەتی فکری سیاسیو چ حاڵەتی دەستوەردان بووبێ، سوریا یەک لەو وڵاتانە بووە کە نەک لەئاستی هێزو توانای ئێران، بەڵام ئەویش لەئاستێکدا دەسەڵاتی هەیەو دەستوەردانی کردووەو دەیکا، دەوڵەتانی عەرەبی وەک سعودیەو هەتادواتر، بەشێوازێک هێشتا عێراقیان بەفەرمی نەناسیوە، ئەمەش بەهۆی هەبوونی دەوڵەتێکی شیعی لەو وڵاتەدا. کۆی هەموو ئەو فاکتەرانە دەمێنێتەوە بۆ دوای پێکهاتنی پەرلەمانو دەوڵەتی داهاتوو، ئەو دەوڵەتەی کە هەڵدەبژێردرێ، وەک ئەوەی کە لیستی عەلاوی داوا دەکا کە دەبێ سیاسەتی دەرەکی عێراق لەسەر بونیادی دیپلۆماسییەکی هاوچەرخ بێ، چەندە ئەو خواستەو ئەو خاڵە بەرجەستە بکرێتەوەو چەندە عێراق بتوانێ بەشێوازێکی مودێرن بەڕێوەببرێت، چەندە بتوانێ شێوازێکی یەکگرتووی یەکسان لەسیاسەتی دەرەکی خۆی پەیڕەو بکا، بەهەمان ڕادەو ئاست دەتوانێ بەرەو سەربەخۆیی سیاسی بچێو تەنانەت بەرەو ئەوەش بچێ کە لە داهاتوودا ببێتە ئەوەی کە لەزانستە سیاسییەکان پێی دەڵێن دەوڵەتی ماف، سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەگەر عێراقی نوێ بتوانێ وردەوردە بۆخۆی ببێتە دامەزراوەیەکو ببێتە پێگەیەک بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی دیموکراسی، لەسۆنگەی تەرتیبکردنو ڕێکوپێککردنی سیاسەتی دەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەڵبەت وڵاتانی دەوروبەریش دیارە چاوەڕێی ئەوە ناکەن، ئەوانیش تاکتیکو ستراتیژی خۆیان دەگۆڕنو بەپێی هەلومەرجی نوێی عێراق، شێوازی دەستوەردانی خۆیان دەگۆڕن، بەڵام زۆر خاڵ بەوەوە گرێدراوە کە دەوڵەتی داهاتووی عێراق چەندە دەیەوێ مامەڵە بکا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، چەندە دەیەوێ سەربەخۆ بێو چەندە دەیەوێ بەچ وڵاتێک ئیمتیاز بدا یان نەیدا، من پێموایە بۆچوونەکەی لیستی ئەلعێراقیەی عەلاوی کە داوای سیاسەتێکی دەرەکی شەفافو یەکسان دەکا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ داهاتووی عێراق.

**دەستوور:** بڕیارە تا چەند هەفتەی تر باڵیۆزی ئێران لەعێراقدا بگۆڕدرێ و حەسەنی دانافەڕ وەک باڵیۆزی نوێی ئێران دەستنیشان کراوە، ئایا دانانی کەسێکی وەک دانافەڕ کە لەڕابردوودا پلەو پایەی سەربازی لەناو ڕیزەکانی سوپای پاسدارانی ئێراندا هەبووە، هێمای گۆڕانکاری لەتاکتیکەکانی ئێران لەعێراقدا نییە؟ ئایا دانانی ئەم کەسە پەیوەندی بەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەو ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقەوە هەیە؟

**خالید خەیاتی:** ئێران بەردەوام لەسیاسەتی دەرەکی خۆیدا بەشێوازێکی دووفاقە هەڵسوکەوتی کردووە، بۆوێنە ئەگەر ئێران کار لەسەر پرۆژەیەکی ئابووری لەوڵاتێکدا بکا، یان ئەوەی دیپلۆماتێک بنێرێ بۆ شوێنێکی دیکە، لەپشتی ئەو پرۆژەیەدا بێگومان پرۆژەیەک یان پلانێکی شاراوەی دیکە بوونی هەیە کە ڕاستەوخۆ گرێدراوە بەبەرژەوەندییە هەرە باڵاکانی دەوڵەتی ئێرانەوە.

حەسەنی دانافەر بەرپرسی پەرەپێدانی تێکەڵاوییەکانی ئابووری (ئێران – عێراق) بووەو هەروەها کەسێک بووە کە لەدانانی کونسوڵخانەی ئێران لەشاری هەولێر ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، کەسێکە کە شارەزایە بەزمانی کوردیو عەرەبیو تەنانەت دەڵێن کە بنەڕتی عێراقیشە، دیاریکردنی دانافەر بۆ ئەم پۆستە دژکردەوەی بەرفراوانی لەلایەن دونیای عەرەبییەوە بەدوادا هاتووە، ئەویش لەبەرئەوەی کە دانانی کەسێکی وەک ئەو کە لەڕابردوودا پێشینەیەکی سەربازی هەیە، بێگومان پەیوەندی هەیە بەشێوازی هەڵسوکەوتی ئێران لەداهاتوودا، شتێکیتر کە گرنگە ئەوەیە کە حەسەنی دانافەر دۆستایەتی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ نوری مالیکیو ئەوە دەتوانێ لەو فاکتەرە سەرەکییانە بێ کە ئێران بۆچی ئەو کەسەی داناوە، ئەوەی کە شیمانە دەکرێ ئەوەیە کە دەوڵەتی داهاتووی عێراق بۆ جارێکیتر نوری مالیکی بێ، ئێران دەیەوێ لەڕێگەی دانافەڕ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوەندی هەرە بەهێزی بڕیاردان تێکەڵاوی هەبێ، بەڵام پرۆژەکانی ئێران بەگشتی تەنانەت لەئاستی کوردستانیش چ ئابووری بێ یا کلتوری، هەمیشە پلانێکی شاراوەی لەپشتەوەدا هەیەو ئیتر هەموو دنیا لەو بابەتە تێگەیشتوون، بۆوێنە لەقەیرانە ئەتۆمییەکەی ئێران، دیپلۆماسی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە ناتوانن بڕوا بەئێران بکەن، چونکە ئێران لەپشت هەر بەرنامەیەکدا، بەرنامەیەکی نهێنیشی هەیەو نمونەی دانانی حەسەنی دانافەریش دەتوانێ نمونەیەک لەو هەڵسوکەوتانەی ئێران بێ کە لە٣٠ ساڵی ڕابردوودا دووبارەبۆتەوە.

> پڕۆژەکانی ئێران لەکوردستان چ ئابووری بێ یا کلتوری، هەمیشە پلانێکی شاراوەی لەپشتەوەدا هەیە

> دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵێك هێز کە ئەمڕۆ دەنگیان هەیە لەعێراقداو کەوتوونەتە پەرلەمانو لەئایندەدا دەتوانن دەوڵەت لەو وڵاتە پێکبێنن، ڕاستەوخۆ بەشێوازێك بەرژەوەندی ئێران دەپارێزن

# زەکەریا لەگەڵ تۆدا کلیپ دەکات



**دەستوور:** لەدوای بڵاوکردنەوەی سروودی بۆ کوردستان، هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵڵا لەوڵاتی تورکیا سەرقاڵی کلیپکردنی یەکێک لەگۆرانییەکانی ئەلبومە نوێیەکەیەتی بەناوی لەگەڵ تۆ.

لەگەڵ تۆ، گۆرانییەکی خێرایەو تێکستی سامی ئەرگوشیو ئاوازو دابەشکردنی خۆیەتیو بڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا لەکەناڵەکانەوە بڵاوبکرێتەوە.

زەکەریا عەبدوڵڵا بڕیارە لەپێش جەژنی نەورۆزدا ئەلبومەکەی بڵاوبکاتەوە، کەئێستا سەرجەم کارەکانی تەواوبووە.

# دەوەن نەوزاد:

# هەتا دەمرم ئەکتەرم

**دەستوور:**
خانمە ئەکتەری لاو دەوەن نەوزاد، لەکاری نواندنەوە روو لەکاری دەرهێنان دەکاتو سەرقاڵی دەرهێنانی کورتە فیلمێکە بەناوی ژن.

دەوەن نەوزاد بەنیازە ئەمجارە لەپاڵ کاری نواندندا، پەی بەنهێنییەکی تری هونەر بباتو وردە روو لەکاری نووسینی سیناریۆو دەرهێنان بکات.

دەوەن نەوزاد لەساڵی ٢٠٠٢ چووەتە ناو بواری هونەرو لەزۆربەی دراماکاندا رۆڵی سەرکەوتووی بینیوە، جگەلەوەش لەبوارە جیاجیاکانی تری هونەری، وەکو (ماکیاژو یاریدەدەری دەرهێنەر)کاری کردووەو ئێستا بەنیازی دەرهێنانی کورتە فیلمی ژنە کەسیناریۆو دەرهێنانی خۆیەتیو بەرهەمی یەکێتی ژنانی کوردستانە.

دەوەن نەوزاد، لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستوور، وتی"ئەم کارە ئەزموونی منە لەبواری دەرهێنانداو دەیسەلمێنم ئەگەر ئافرەت هاوکاری هەبێت ئەوا بێگومان دەتوانێت لەپیاو باشتر کار بکات".

لەبارەی کورتە فیلمەکەوە، دەوەن وتی"ئەم کورتە فیلمە لەهەموو روویەکەوە جیاوازەو توانیومە نوێکاری بهێنمە ناو فیلمی سینەمایی کوردییەوە".

هەروەها دەوەن وتی"چیرۆکی ئەم کورتە فیلمە باس لەکێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆی ژن دەکات، بەتایبەتی ئەو ژنانەی کەئازادن لەهەڵسوکەوتی رۆژانەو ژیانی خۆیانو لەبەرکردنی جلو بەرگیان لەسەر شێوازی مۆدێرن کەبەداخەوە هەمیشە کۆمەڵگا، بەتێڕوانینێکی هەڵە سەیریان دەکات".

ئەو کورتە فیلمە لەلایەن کامێرامان هاوکار فەرهاد بەکامێرای hdp2 کەکامێرایەکی سینەماییە، وێنەی گیراوەو ئەحمەد ناتق کاری مۆزیکی بۆ کردووەو لەلایەن هەردی عوسمانەوە کاری مۆنتاژی بۆ ئەنجامدراوە.

دەوەن نەوزا هەوڵیداوە چەند کەسایەتییەکی نوێ بهێنێتە ناو کورتە فیلمی سینەمایی کوردییەوەو کەسانێک هەڵبژێرێت کەخاوەنی ئەزموون نەبن لەو بوارەدا، بۆئەوەی ببێتە یارمەتیدەرێک بۆیان، تاکو بێنە ناو بوارەکەوە.

دەوەن وتی"هەتا دەمرم ئەکتەرم، کاری دەرهێنانیشم بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام داوە، کەوەکو کچێک لەرێگای خۆمەوە خزمەتی سینەمای کوردی بکەم، بۆیە ئەو کارەشم نەکردووە تاکو پێمبڵێن دەرهێنەر بەڵکو من عاشقی کاری نواندنم کەرێچکەی خۆمە".





# بورهان مەجید خەمێکی تر بۆ "ئەم میللەتە کڵۆڵە" دەهێنێت

**دەستوور:** هونەرمەندی گۆرانیبێژ بورهان مەجید، لەدوای ئەو سەرکەوتنەی کە لەئەلبومی (بۆ سلێمانی) بەدەستی هێنا، لەئێستادا سەرقاڵی تۆمارکردنی دوو گۆرانی نوێیە.

لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور بورهان مەجید وتی"گۆرانییەکی نوێم بەناوی دەستم دامێنت تۆمارکردووە، تێکستی ئیسماعیل خورماڵیو ئاوازی خۆمو مۆزیسیان گۆران کامیلە"

بورهان ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەو گۆرانییەش خەمێکی ترە بۆ "ئەم میللەتە کڵۆڵە"، هەروەها وتی"گۆرانی دووەمم بەناوی جەژنی سەری ساڵی کوردیەو تێکستی هونەرمەند میدیا حسێنو ئاوازی خۆمە، دابەشکردنیشی گۆران کامیلە".

ئاشکراشیکرد کە لەسەر ئەرکی خۆی ئەو دوو گۆرانییە بەرهەمدەهێنێتو لەستۆدیۆی پیانۆ کاری بۆ دەکات.



# فەریدەی چاومەست، دەچێتە حزوری زیرەك

**دەستوور:** هونەرمەندی دوورە وڵات بەرزان سەیدا، لەگەڵئەوەی ئەلبومەکەی ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوەو ١٠ گۆرانی لەخۆگرتووە، بەڵام تاکو ئێستا بەهۆی ئەوەی یارمەتی نەدراوە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریو دەزگا هونەرییەکانەوە، نەیتوانیوە بڵاوییکاتەوەو چاوەڕێی کۆمپانیایەک دەکات تاکو گفتوگۆی لەگەڵدا بکات.

لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور بەرزان سەیدا، وتی"ئەلبومەکەم بەناوی کەشکۆڵێک لەئاوازو هۆنراوەی زیرەکو پارەیەکی زۆرم تێدا خەرجکردووەو لەسەر ئەرکی خۆم بەرهەمم هێناوە".

بەرزان سەیدا وتی"ئێستاش چاوەڕێم لەگەڵ کۆمپانیایەکی هونەریدا رێکبکەوم بۆ بڵاوکردنەوە تا ماندوبوونەکەم بەفیرۆنەچێت".

هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کەشەش گۆرانی لەوئەلبومە لەسەر ئەرکی خۆی کلیپکردووە، باسی لەوەشکرد کە سێ گۆرانی نوێی بەناوی بوکی نەورۆز، گوڵی بەهار، ئەستێرەی شەو لەگەڵ تیپی مۆسیقای شنرۆێ تۆمارکردووە، کەهەرسێکیان ئاوازو هۆنراوەی ئیدریس سابیرەو مۆزیسیان عادل حەسەن حەمە ئەمین، کاری دابەشکردنو ئامادەکردنی مۆزیکی بۆ ئەنجام داوە، عومەر عەبدوڵڵا محەمەد کاری تۆمارکردنی دەنگی بۆ ئەنجامداوەو بەنیازە لەئایندەدا گۆرانی بوکی نەورۆز کلیپبکات.

بەرزان سەیدا یەکەم گۆرانی ساڵی ١٩٨٢ بەناوی فەریدەی چاومەست تۆماری کردوە بۆ tv کەرکوکو بەو گۆرانییەش زۆر ناسرا، کەهۆنراوەی فۆلکلۆرو میلۆدی خۆیو حەمەعەلی عوسمان بوو کەبەیەکەوە دایانناوە.

دوای ئەویش گۆرانی چەپکێ گوڵو رێحانەی وت، کە لەهەمان ساڵدا تۆماری کردووە بۆ tv کەرکوک.

ناوبراو ئێستا لەوڵاتی نەرویج لەگەڵ خێزانەکەی ژیان بەسەردەبات.

# هۆگرو دە گۆرانی نوێ

**دەستوور:** بەهرەمەندی کوردستار، هۆگر کارکردنە لەئەلبومە گۆرانی چوارەمی وەرزی یەکەمی کەریم، ئێستا سەرقاڵی نوێیەکەی، کە ١٠ لەخۆگرتووە.



لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستوور، هۆگر ئاشکرایکرد کەتاکو ئێستا هەشت گۆرانی تۆمارکردووە، تەنها دوو گۆرانی ماوە وتی"سوودم لەتێکستی دەنگ بخاتەسەری، فەهمی نەبیو سەرکەوت هەریەک لە نازم دڵبەند، رەسوڵ وەرگرتووە".

ئاوازی گۆرانییەکانی هۆگر کەمال، لەلایەن هەریەکە لە نەبەزی کەمان، هەڵبەست سەلاحو سالار کۆشارەو دانراوە، ئاماژەی بۆ ئەوەدا کەیەکێک لەگۆرانییەکانی بەزمانی عەرەبی وتووەو وتی"شانازی دەکەم کەبەزمانی عەرەبی گۆرانی دەڵێم". لەبارەی ناوی ئەلبومەکەشییەوە هۆگر هیچ شتێکی ئاشکرانەکردو کاتی بڵاوکردنەوەی ئەلبومەکەشی نەدرکاند. هۆگر کەریم تاکو ئێستا چەند گۆرانییەکی کلیپ کردووە بۆ کەناڵەکانی tvو بڵاویشیکردوونەتەوەو بەشداری لەچەند ئاهەنگێکیشدا کردووە.

# هەڤاڵ لەسلێمانی جێژوانی هەیە



**دەستوور:** بەهرەمەندی دووەمی وەرزی دووەمی کوردستار، گۆرانیبێژ هەڤاڵ محەمەد، لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەلبومی تاقە گوڵ، لەئێستادا سەرقاڵی کلیپکردنی گۆرانی ژووانە، لەسلێمانی.

ژووان یەکێکە لەگۆرانییەکانی ئەلبومەکەیو تێکستی ئەحمەد محەمەدو ئاوازی نیاز محەمەد عەزیزەو لەشاری سلێمانی لەلایەن کامێرامان دلێر جۆڵاوە وێنە گیراوە، ئێستا لەقۆناغی مۆنتاژدایەو بەرهەمی کەناڵی کوردساتە.

# عەزیزە کۆمیدییەکەی هەڤاڵ کۆتاییهات



**سیزار سەلیم:** هونەرمەندی گەنج هەڤاڵ ئیبراهیم بەدەستووری راگەیاند کەنوێترین کلیپی ئێستای لەمۆنتاژدایەو هەفتەی داهاتوو بڵاودەبێتەوە.

هەڤاڵ بۆ کاری کلیپەکەی وتی"عەزیزە کەیەکێکە لەتراکەکانی دواین بەرهەمم ئێستا کاری وێنەگرتنی بەکۆتاهاتووەو لەشاری دهۆک وێنەگیراوەو رووداوەکانی ناو کلیپەکەش کۆمیدین". ئاماژەی بەوەدا کلیپەکەی لەدەرهێنانی حوسێن حەسەنە.

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا هەڤاڵ وتی"لەمانگی نیسانی ئەمساڵ دەچم بۆ ئەوروپا بۆ سازدانی چەند کۆنسێرتێکو چەند کارێکی هونەری".

سەردانەکەی بۆ هەریەکە لەشارەکانی ئەڵمانیاو هۆڵەنداو سویدو چەند وڵاتێکی ترە کەزیاتر لەدوو مانگ لەوێ دەمێنێتەوە.

www.arshivakurdi.org



# باسکاڵ مەشعەلانی بۆ دەستوور:
# کوردەکان ئیمێڵم بۆ دەکەن

سازدانی: سیزار سەلیم

**باسکاڵ مەشعەلانی رایگەیاند حەزدەکات بێتە کوردستانو لەنزیکەوە هەوادارانو جەماوەری خۆی لەکوردستان ببینێت، وتی "چونکە کوردەکان لەرێگەی ئیمێڵەوە زۆر پەیوەندیم پێوە دەکەن".**

**دەستوور لەرێگەی ئیمێڵەوە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ باسکاڵ مەشعەلانی خانمە هونەرمەندی لوبناندا سازکردووە.**

**دەستوور:** باسکاڵ لەمنداڵێکی لوبنانییەوە بۆ ئەستێرەیەکی وڵاتانی عـەرەب، ئەمە چۆن؟

**باسکاڵ:** من لەناوچەی زەلقا لەلوبنان لەدایکبووم، لەناوچەی جونیە گەورەبووم، لەتەمەنی یـەک ساڵیدا بـاوکـم کۆچی دوایـی کـردووە، بوونم وەکو ئەو کەسەی کەئێستا هەم، دایکم هاوکارم بوو، لەدایکم فێری هونەرو ئارام گرتنو خۆشەویستیو لێبوردەیی بووم.



**دەستوور:** سەرەتای کاری هونەریتان چۆن بوو؟

**باسکاڵ:** هەر لەسەرەتاوە دایکم پشتگیری دەکـردمو هـانـیـدەدام لەکارەکانمدا، هەریەکە لـەبـەرێـزان شاعیر ئیحسان مونزریو دکتۆر جەمال سـەلامـەو شاعیر عەبدولرەحمان ئەبەنودی پشتگیریان کردمو هانیاندام.

**دەستوور:** ئەوکات باوەڕت بەوە هەبوو کە بەو شێوەیەی ئێستا بناسرێیت؟

**باسکاڵ:** ئەوە ئاواتی من بوو بەجدی کارم کرد، سوپاس بۆ خوا توانیم بەو ئاواتە بگەم.

**دەستوور:** تۆ کچێکی جوانی، باس لەوە دەکرێ کە زۆر پشت بەجوانییەکەی خۆت دەبەستی؟

**باسکاڵ:** رەنگە ئەوە قسەی ئەو کەسانە بێت کە ئیرەییم پێدەبەن، مـن هەمیشە وتـومـە مـن وەکو مێیینەیەک حەزدەکەم جوانییەکەم دەربخەم.

**دەستوور:** ئەی حەزدەکەی ئافرەتان جوانییەکانیان دەربخەن؟


**باسکاڵ:** تاڕادەیەکی دیاریکراو.

**دەستوور:** هەندێ جار دەڵێن جوانی تەنها رووخسارە، تۆ چ دەڵێی؟

**باسکاڵ:** من هیچ کات لەگەڵ ئەوەدانیم، چونکە بەلای من کەسەکە هونەرمەند بێت یان هونەرمەند نەبێت، گرنگە کەسەکە ناخی جوان بێت.

**دەستوور:** تۆ لەلایەن دایکت پەروەردە کراوی، حەز ناکەی تۆش منداڵێک پەروەردە بکەی؟

**باسکاڵ:** ئەوەی هەندێک جار تەواوی خەیاڵم دەگرێت مەسەلەی بوونە بەدایکو بەخێوکردنی منداڵە کە زۆر حـەزی پێ دەکەم.







**دەستوور:** حـەز بەچیتر دەکەی؟

**باسکاڵ:** زۆر حـــەز بەخوێندنەوەی کـتـێـب دەکــەم، حـــــەزیــــش بەسەیرکردنی فیلم دەکەم.

**دەستوور:** ئەی لەلایەنی وەرزشی؟

**بـاسـکـاڵ:** ئـەوەنـدەی کاتم هەبێت.

**دەستـــوور:** جارێک باستکرد کــەوا بەدێڤد بـێـکـهـام سەرسامی؟

**باسکاڵ:** من تەنها سەرسامبووم بەیاریکردنەکەی.

**دەستوور:** تۆ دیمانەی میدیای کوردیت کردووە، هیچ شتێک دەربارەی کورد دەزانی؟

**باسکاڵ:** زۆر نـا، ئـەوەی دەزانـم لەرێگای هەندێ کەناڵی ئاسمانی بوو کەگوێم لەهەندێ کاری هونەری کوردی گرتووە.

**دەستـــوور:** کوردەکان حـەز بەدەنگت دەکەن، هیچ کەس پەیوەندی پێوە نەکردووی؟

**باسکاڵ:** بە ئیمێڵ، زۆر ئیمێڵم پــێ گەیشتووە.

**دەســـــوور:** جگە لەگۆرانی حـەز بـەبـواری ئەکتەری دەکەی؟

**باسکاڵ:** ئەگەر دەرهێنەر رۆل بـەمـن بـداتو لەگەڵم بگونجێت زۆر حەزدەکەم، حـەزم لـەو فیلمانەیە کە سیناریۆکانیان راستەقینە بێت.

**دەستوور:** دەگوترێت کەسێکی زۆر لەخۆبایی؟

**بـاسـکـاڵ:** ئـــەوەی هـەڵـسـوکـەوتـی لەگەڵ مـنـدا کـردبـێـت دەزانـێـت کـە مـن چـۆنـم، ئـەگـەر من لەخۆبایی بومایە ئەوا بێگومان نەمدەتوانی سەرکەوتوو بم.

**دەستوور:** کامە کاری خۆت زۆر تیایدا سەرکەوتوو بووی؟

**باسکاڵ:** گۆرانی (رجلی حیاتی)و (قبرنی منک)و (اکبر کپربە).

**دەستوور:** تۆ کامە هونەرمەندت خۆشدەوێت؟

**باسکاڵ:** ئەوەی هەمیشە حەزی لـەکاری نوێیەو بـەکـاری نوێیەوە ماندووە.

**دەســـتـــوور:** تـاکـو ئێستا ئەو خەڵاتانەی کە بەدەستت هێناون چین؟

**بـــاســـکـــاڵ:** زۆر خــەڵاتــم بەدەستهێناوە لەوانە خەڵاتی دەبل پلیتنیۆم لەمالیزیا بۆ پڕفرۆشترین بــەرهــەم، خــەڵاتــی باشترین کچە گۆرانیبێژی عـەرەب لەتونس، خەڵاتی باشترین کچە گۆرانیبێژی ساڵ بەپێی راپرسی رۆژنامەیەکی میسری بەناوی (ئەهرام)و لەهاوینی ٢٠٠٨ بەسەرپەرشتی رێکخراوێکی جیهانی خەڵاتی فێستیڤاڵی ئەسکەندەرییەم وەرگرت.

**دەســـتـــوور:** دوایـیـن بەرهەمت کـەبـەنـاوی (بحبک انـا بحبک) بـڵاوکـرایـەوە کە ماوەیەکی زۆر لەرادیۆو تەلەفزیۆنەکان پلەی یەکەمت بەدەستهێنا، ئەو ئاستە باشە تاچەند هاندەربوو بۆ بەرێزت بۆ کاری باشتر؟

**بـاسـکـاڵ:** بێگومان ئـەوە وایـکـرد کـە من زیاتر هەوڵبدەمو ماندوو بم تاکو کـاری باشترو ئاستبەرزتر پێشکەشبکەم.

**دەســتــوور:** پێش مـاوەیـەک لەلایەن وەزیـری رۆشنبیری تونس خەڵاتکرای، ئەو خەڵاتکردنە چی بوو؟

**باسکاڵ:** بۆ دووەمجار لەلایەن رۆژنامەیەکی تونسی بەناوی (اخبار)، وەک باشترین گۆرانیبێژی هاوینی ٢٠٠٩ خەڵاتکرام.

**دەستوور:** لەدوایین پرسیارم دەمەوێت بڵێم ماوەیەک باس دەکرا کە دەتەوێت بێیتە کوردستان، ئەوە بەکوێ گەیشت؟

**باسکاڵ:** من زۆر حەزدەکەم هەوادارانم لەکوردستان لەنزیکەوە ببینم، ئەگەر لەگەڵ کۆمپانیاو لایەنەکانی تر رێککەوتین، ئەوا من دێم بۆ کوردستانو زۆریش حەزم لێیەتی.







# "ڕێزو سوپاس" مامۆستایان نیگەراندەکات

## مامۆستایان دەڵێن لەسەرمیزاجی شەخسیو برادەرایەتی سوپاسو پێزانین دەدرێت

**کامەران کەریم لە شارەزوور**



مامۆستایان داوا دەکەن بەدادپەروەری سوپاسو پێزانین بدرێت

مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان گلەیی دەکەن لەشێوەی پێدانی ڕێزو سوپاس لەلایەن بەڕێوبەرەکانەوە، دەڵێن بەمیزاجی شەخسی سوپاسو پێزانین دەدرێت بەمامۆستایان، سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەیی لەپەروەردەی شارەزوور پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کەچەندین حاڵەتی لەو جۆرە هەبووە.

سۆز عەلی مامۆستای بنەڕەتیە لەوارماوا ئاماژە بەوە دەدات ڕێزو سوپاس، چونکە لەدەست بەڕێوبەرەکانە ئەوانیش بەئارەزووی خۆیانو ئەوەی ناسراویان بێت سوپاسی بۆ دەنووسن.

م. سۆز وتی "زۆر لەوانە شایانی پێدانی ئەو ڕێزە نین".

م. کاوان فایەق لەقوتابخانەیەکی بنەڕەتی لەهەڵەبجەی تازە مامۆستایە بۆ دەستوور وتی "زۆرێک لەو سوپاسانە کە دەدرێ لەسەر میزاجی بەڕێوبەرەو زیاتر شەخسییە، ئەگینا مامۆستایان باش دەزانن ئەو سوپاسانە کە دەدرێ زۆر ناعەدالەتیو ناپەروەردەییانەیە".

"ڕێزو سوپاس" بەو مامۆستایانە دەدرێت کەلەلایەن سەرپەرشتیارە پەروەردەییەکەیەوە هەڵسەنگاندنی بۆکراوەو پلەیەکی باشی هێناوە، یاخود لەلایەن بەڕێوبەری قوتابخانەوە بەرزامەندی سەرپەرشتیاری ئیداری قوتابخانەکان لەبەرامبەر ئەنجامدانی کارێکی خزمەتگوزاری بەقوتابخانەکە دەدرێت بەمامۆستایان.

"ڕێزو سوپاس" کار دەکاتە سەر ساڵی خزمەتو بەهەر ڕێزو سوپاسێک مانگێک خزمەتی مامۆستاکە زیاتر دەبێت، بەوپێیە ئەگەر مامۆستایەک ١٢ سوپاسو پێزانینی بۆ بێتەوە ئەوا یەک ساڵ دەچێتە سەر خزمەتەکەیو کاریگەری دەکاتەسەر موچەکەی.

م. شۆڕش جەلال سەرپەرشتیاری کارگێڕی لەپەروەردەی شارەزوور لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا ڕێزو سوپاس لە دوو حاڵەتدا دەدرێ یەکەم لەفۆرمی هەڵسەنگاندندا، ئەو مامۆستایەی کە سەرپەرشتیارەکەی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات ئەگەر پلەی نایابی هێنا، واتە نمرەی (٩٠بۆ١٠٠)بێت، لەفۆرمی هەڵسەنگاندنی ساڵانە سەرپەرشتیاری خۆی لێی ڕازی بوو ئەوا لە کۆتایی ساڵدا سوپاس وەردەگرێ، شێوازی دووەم بەدەر لەکاری مامۆستایی بۆ نموونە مامۆستایەک وەستایە تەئسیسی بەلوعەی مەکتەب بکات، یاخود چاکی بکاتەوە، ئەو کاتە بەڕێوبەرەکەی پێشنیاری بۆ بکاتو سەرپەرشتیاری کارگێڕی پەسەندی بکات سوپاس وەردەگرێ.

سەرپەرشتیاری کارگێڕی لەپەروەردەی شارەزوور وتی "بەدەر لەو دووحاڵەتە هیچ حاڵەتێکیتر نییە بۆ پێدانی سوپاس".

م. سەباح جەعفەر سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەی شارەزوور کە زۆربەی سوپاسەکانی مامۆستایان دەچێتە لای بەدەستووری ڕاگەیاند "ئەمساڵ ٤سوپاس دراوە بە مامۆستا کە هەقیان نەبووەو ئێمە ئاگادار نەبووین". سەباح جەعفەر وتی"ئەو مامۆستایەی گلەیی هەیەو دەزانێ شایانی سوپاسەو بۆی نەکراوە دەتوانێ سەردانمان بکات بۆ ئەوەی بێبەش نەبێت، بەدواداچوونی بۆ دەکەین، چونکە ئێمە کارناکەین لەسەر میزاجی بەڕێوبەر یاخوود برادەری".

# پەروەردەی گەرمیان بەینی لەگەڵ خوێندنی پیشەییدا نییە

**هونەر ئیحسان لە گەرمیان**

بەهەردوو قەزای کەلارو کفری تەنها یەک ئامادەیی پیشەییان هەیەو ئەویش لەباخچەیەکی ساوایاندایە، کەبەهۆی کەڵەکەبوونی کێشەو گرفتەکانیەوە چەندین قوتابی وازیان لەخوێندن هێناوە.

ئامادەیی پیشەیی کەلار بینای نییە، پێشتر لە بینای ئامادەیی شەهید ئارامدا بوو، ئێستاش لەناو باخچەیەکی ساوایاندایە، ئامادەیی پیشەیی کفریش بینایەکەی دراوە بە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفریو ئێستا ئامادەیی پیشەیی لە کفریدا داخراوەو خوێندکارەکانی بۆ خوێندن ڕوودەکەنە کەلار.

عەلی ئیحسان خوێندکاری سێیەمی بەشی کارەبایە، ئاماژەی بەوەدا بەهۆی نەبوونی بیناو کەمی ژمارەی پۆلەکان زۆرجار دەبێتە هۆی نەخوێندنی وانە پراکتیکیەکانو کەمی مامۆستای پسپۆر لە وانەکاندا، وتی "کاریگەریی خراپی کردووەتە سەرمان".

نەبوونی بینای تایبەتو کەمی کتێبو کەمی مامۆستای پسپۆرو کەمی دەرماڵەی خوێندکارانی دەرەوەی شاری کەلار، لەکێشە سەرەکییەکانی خوێندنی پیشەییە لە گەرمیاندا.

ئیبراهیم حسێن بەڕێوبەری ئامادەیی پیشەیی کەلار ئاماژەی بەوەدا، ئەو بینایەی کە تیایدان بەشێکە لە باخچەی ساوایان، هەر بۆیە هەر پۆلێک ٤٠ خوێندکاری تێدایە، دەڵێت ئەمساڵیش بەشی بازرگانیان کردووەتەوە، ئەگەر شوێنمان هەبێت بەشی کۆمپیوتەریش دەکەینەوە.

بەڕێوبەری ئامادەیی پیشەیی کەلار وتی "ساڵ بە ساڵ لە فراوانبووندایین نەبوونی بیناش کاریگەری کردووەتە سەرمان، هەرچەندە هەموو ساڵێک داوای بینامان کردووە، بەڵام وەڵامیان نەداوینەتەوە".

مامۆستا ئیبراهیم حسێن وتی "لە ساڵی١٩٩٣وە تائێستا یەک کتێبمان وەرنەگرتووە لە وەزارەت، هەموو کتێبەکان کۆپی دەکەین، کێشەی کتێب وەکو کێشەی بینا وایە، لەگەڵ ئەوانەشدا مامۆستامان زۆر کەمە بەتایبەتی مامۆستای پسپۆر لە وانەکاندا".

ڕۆژانە زیاتر لە ٥٠ خوێندکاری قەزای کفریو دەوربەری، ڕوودەکەنە ئامادەیی پیشەیی کەلار، زیاتر لە ٣٠ کیلۆمەتر ڕێگا دەبڕن، بەهۆی نەبوونی ئامادەیی پیشەیی لە قەزای کفریدا.

ئەحمەد جەمال خوێندکاری سێیەمی بەشی کارەبایەو یەکێکە لەو خوێندکارانەی کە ڕۆژانە لە کفریەوە دێت بۆ کەلار، وتی "ئەمە ڕاست نیە کەوا ئێمە بۆ ئامادەییەکی پیشەیی ڕووبکەینە شاری کەلار، خوێندکارمان تێدایە دەرامەتی زۆر کەمەو توانای هاتوچۆکردنی نیە، تەنانەت خوێندکارمان تێدایە قۆناغی سێیەم بووە وازی هێناوە".

حسێن جەمال خوێندکاری قۆناغی یەکەمی کارەبایەو خەڵکی ناحیەی سەرقەڵای کفرییە، دەڵێت "کەمی دەرماڵەو گرانی هاتووچۆو خراپی ڕێگاوبان بە زستانو هاوین، نەبوونی بەشی ناوخۆیی کێشەی سەرەکی ئێمەیە".

دیار ڕزوان خوێندکاری سێیەمی بەشی کارەبایە، وتی "ئێمە حەفتا هەزار دەدەین بە کرێی ئۆتۆمۆبێل هەرچەندە دەرماڵەکەمان تەنها سیو پێنج هەزار دینارە".

بەڕێوبەری ئامادەیی پیشەیی کەلار ئاماژە بۆ ئەوە دەدات ئەو خوێندکارانەی لەدەرەوەی کەلارەوە دێن زیاتر لە٥٠خوێندکارن، دەڵێت شایەنی ئەوەیە کەوا ئامادەیی پیشەیان بۆ بکرێتەوە لە شارەکەی خۆیاندا".

مستەفا ڕەشید بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت پێشتر ئامادەیی پیشەیی لە کفری هەبووە، بەڵام بەهۆی کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە بینای ئامادەیی پیشەیی دراوە بە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، ئێستا هەوڵدەدەین ئامادەیی پیشەیان بۆ بکەینەوە.

مستەفا ڕەشید ئاماژە بەوە دەدات داوایان لە وەزارەت کردووە ئەو کێشانەیان بۆ چارەسەر بکات، بەتایبەتیش کە بینای تایبەت بەئامادەیی پیشەی دروستبکرێت، وتیشی "وەزارەت خستویەتیە بەرنامەی خۆیەوە، بەڵام تا ئێستا بڕیاری دروستکردنی نەدراوە".



ئامادەیی پیشەیی لەباخچەی ساوایاندایە

# جیهانبینی پەروەردە

**فایەق سەعید**

## پەروەردە لەئەجێندای سەرۆك وەزیراندا

لەهەفتەی ڕابردوو لەکاتی پێشوازیکردنی بەڕێز بەرهەم ساڵح لەکۆمەڵێک مامۆستاو کادیری پەروەردەیی لەسلێمانی هەندێ خاڵی ورووژاند کەمن پێم خۆشە بەمەبەستی گەشەسەندنی بواری پەروەردە کەمێک لەسەریان ڕابوەستم، لەم ڕاوەستانەشدا زیاتر تێڕوانینێک بۆ ئاییندە بینا دەکەم تا هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی دکتۆر بەرهەم تاوەکو ئێستا کردوویەتی، چونکە ماوەیەکی زۆر نیە ئەم پۆستەی گرتووەتە دەست، ئەوەی ئەمڕۆش بەنەرمی باسی دەکەم دوای چوار ساڵ ئەگەر بەسەرکەوتوویی بەڕێوەنەچێت بەشێوەیەکی توندتر ڕەخنەی لێدەگرم.

لەو دیدارەدا وەکو هەموو سیاسیەکی دیکە جەخت لەسەر گەشەسەندنی بواری پەروەردە دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی من لەبودجەی پێشنیارکراودا دەیبینم بایەخپێدانەکە بەپێی پێویست نیە، ئێمە ئیشکالیەتێکی گەورەمان لەبینای قوتابخانەکاندا هەیە کەبووەتە ڕێگر لەبەردەم زۆر بواردا، کۆمەڵێک پارە لەو بودجەیەدا بۆ هەندێک شتی ناپێویست تەرخانکراوە یا بۆ دروستکردنی یەک قوتابخانە کەدەکرێت بەهەمان پارە چەندین قوتابخانەی پێدروست بکەین، ئەڵبەتە من لەوتارێکی پێشوتریشدا جەختم لەسەر جیهانبینی پەروەردەیی کاک بەرهەم کردبووەوە لەبەرئەوەی ئەو جیهانبینیە زۆر شت دیاریدەکات.

منو کاک بەرهەم لەئەمریکاو سوید خوێندوومانەو کارمان کردووەو ئەڵبەتە کاریگەری ئەم دوو وڵاتەش بەسەر جیهانبینیمانەوە هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی د.بەرهەم سەرۆکی حکومەتە بۆیە ئەو جیهانبینیەی ئەو ڕۆڵی گەورە لەپرۆژەکانی حکومەتدا دەبینێت.

جیهانبینی ئەمریکاییەکان ئەوەیە کەئەوان گروپێکی بەهێزیان دەوێت وڵات بەڕێوەبباتو بۆ ئەم کارەش ئامادەکاری بۆ دەکەن پارەیەکی زۆری بۆ خەرج دەکەن، بەڵام جیهانبینی سویدییەکان ئەوەیە کەحکومەت دەبێت هەمان دەرفەتەت بۆ هەموو هاووڵاتیان بڕەخسێنێتو چاوی لەوە نەبێت زۆرترین پارە بۆ یەک قوتابخانە خەرج بکات کەتەنها کوڕی بەرپرسو دەوڵەمەندەکان تیایدا بخوێنن.

من دەزانم ئەمە بیرۆکەی نێچیرڤان بارزانیە، بەڵام بۆ لەبودجەی د.بەرهەمدا ڕەنگ بداتەوە، ئەگەر د.بەرهەم هەمان جیهانبینی نیە.

خاڵێکی دیکە لەبەردەم د.بەرهەمدا مەسەلەی گێڕانەوەی ئەو کادیرە پەروەردەییانەیە کەکاتی خۆی بەهۆی ئینتیمای سیاسیانەوە لەکارەکانیان دەرکرابوون، ڕاستە بەرهەم دەستی لەمەدا نیە، بەڵام ئەرکی ئەوە ئەم کارە جێبەجێ بکات، بەڵام ئایا چەند کەس دەرکراون، ئەوەیان من نازانم، چونکە گۆڕانو یەکێتی نیشتمانی پەنا بۆ هەموو شتێک دەبەن تەنها بۆ ئەوەی ئەوی دی ناشیرین بکەن، بۆیە مرۆڤ زۆر ئەستەمە بەوردی ئەوە بزانێت کەکامیان ڕاست دەکەن.

لەدیدارێکی دیکەی د.بەرهەمدا شێرزاد حەسەن هەمان داوای لە د.بەرهەم کردو ئەویش پەیمانی چارەسەرکردنی دابوو.

دوو خاڵی دیکە کەد.بەرهەم لەو دیدارەدا باسی کردبوو بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویو ئاستی زانستی مامۆستایان بوو، من هیوادارم ئەم قسەیەی د. بەرهەم کۆدی چەندین پرۆژە بێت کەبەر لەو دیدارە نەخشەی تەواوی بۆ کێشابێت، چونکە هەردوو ئاستەکە خراپن بەتایبەت ئاستی زانستی.

ئەگەر د.بەرهەم دەیەوێت ئاستی زانستی بگۆڕێت دەبێ ئەو کەسانە بگۆڕێت کەتا ئێستا خەریکی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستینو سەنتەرێک لەکەسانی لێهاتوو لیبراڵ دروستبکات کەکاری ئەوە بێت خولە دیداکتیکیەکان بەڕێوەببەن، هەروەها دەبێ د.بەرهەم کار بۆ ئەوە بکات کۆمەڵێ ئاسانکاری گەورە بۆ ئەو مامۆستایانە دابین بکات کەخاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس نینو دەیانەوێت ئەو بڕوانامەیە بەدەست بێنن.

ڕەنگە خوێنەر ئەوە بەدی بکات کەمن جەخت لەسەر چەند خاڵێک دەکەمەوە بەتەواوی ئەرکی وەزیری پەروەردەیە، من لەمە بەئاگام، بەڵام من بەمەبەستەوە ئەم کارە دەکەم، چونکە سێ فاکتەری دیکە لێرەدا هەیە کەلەبەرژەوەندی کاک بەرهەمدا نین.

فاکتەری یەکەمیان گشتیەو پەیوەندی بەسەرجەمی کابینەکەی بەرهەمەوە هەیە ئەویش ئەوەیە کەپارتی بەشێوەیەکی کۆنسترەکتیڤ پشتیوانی لەم کابینەیە ناکات. فاکتەری دووەم ئەوەیە د.بەرهەم وەزیرێکی پەروەردە کاری لەگەڵدا دەکات کەلەبوارەکەی خۆیدا پیاوێکی نەشارەزاو پەسیڤە، بۆیە ئەگەر بەمشێوەیە بڕوات د.بەرهەم ناتوانێت گەشە بەبواری پەروەردە بدات.

> حکومەت دەبێت هەمان دەرفەتەت بۆ هەموو هاووڵاتیان بڕەخسێنێتو چاوی لەوە نەبێت زۆرترین پارە بۆ یەك قوتابخانە خەرج بکات کەتەنها کوڕی بەرپرسو دەوڵەمەندەکان تیایدا بخوێنن

لەڕاستیشدا سەرۆکی حکومەت بۆیە ٢٠ وەزیری هەیە بۆ ئەوەی کارەکان ڕاپەڕێننو د.بەرهەم مافی خۆیەتی کەسە پەسیفەکانی کابینەکەی بگۆڕێت، بەڵام بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی یەکێتیو پارتی ئەگەر د.بەرهەم کارێکی وابکات قیامەت دەقەومێت، ئەم بڕیارە بەڕێز مەسعود بارزانی جەلال تاڵەبانی داویانە، بەڵام منداڵەکانی ئێمە باجەکەی دەدەن.

فاکتەری سێیەم بریتیە لەوەی بەشێکی یەکجار کەمی بەڕێوبەرە گشتیەکانی پەروەردە ئەکتیڤنو ئەوانی دیکە زۆر پەسیڤنو پێویستە د.بەرهەم بیانگۆڕێت، بەڵام ئایا د. بەرهەم ئەمەی بۆ دەچێتە سەر؟

faiekk@hotmail.com

www.arsivakurd.org

دەستوور ژمارە (٢٣) چوارشەممە، ٢٠١٠/٣/١٧

# عومەری خاوەر سکاڵا دەکات!

## لەماوەی ٥ساڵدا ٥٧کەس بەهۆی کاریگەربوونیان بە چەکی کیمیایی لە هەڵەبجەدا گیانیان لەدەستداوە

مەعاز فەرحان لەهەڵەبجە

روخۆش محەمەدی ٢٨ ساڵ، دوای ئەوەی تارمایی مەرگ دوای خێزانەکەیان دەکەوێتو بەهاری تەمەنی دایکو باوکو خوشکو براکانی هەڵدەوەرێنێت، چاوەکانی ئەویش بیناییان وەکو تەمەنی منداڵی نامێنێتو لەو ساتەوە جوانیەکانی ژیان بەجوانی نابینێت.

روخۆش وتی "چوار جار نەشتەرگەریم بۆ چاوەکانم کردووە، ئەم ساڵ چاوم زەرع کردووە".

چیرۆکی روخۆش بەسەرهاتی سەدان نەخۆشی چارەسەرنەکراوی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیە کە دوای ٢٢ ساڵ بەسەرتێپەڕبوونی ئەو هێرشەدا کە لە١٩٨٨/٣/١٦ لەلایەن رژێمی روخاوی بەعسەوە کرایە سەر دانیشتوانی ئەو شارەو دەوروبەری، تا ئێستاش چارەسەرنەکراونو لەنێو ئازارەکانی نەخۆشی کیمیاباراندا دەتلێنەوەو ژیان دەگوزەرێنن.

روخۆش وتی "دکتۆرێک لەئێران پێی وتم گەر پێشتر چارەسەر بکرایتایە لە نەخۆشیەکەت چاک دەبویتەوە، بەڵام ئێستا زۆر ئەستەمە بەیەکجاری چاک بیتەوە".

روخۆش بەنیگەرانیەوە باسی لەهەوڵەکانی حکومەت کرد بۆ قوربانیانی چەکی کیمیایی، وتی "حکومەت لەسایەی هەڵەبجەدا بووە حکومەت، بەڵام بەداخەوە ئەو ئاوڕی لەهەڵەبجە نەدایەوە".

لە هەڵەبجەدا ئێستاش ئەو توشبووانەی کە بەهۆی هێرشەکەوە



ژمارەی بریندارانی چەکی کیمیایی ٥٠٨ بریندارە

گرفتاری نەخۆشی بوون تارمایی مەرگ بەدوایاندا دەچێتو بۆ یەکجاری جوانیەکانی ژیانیان لێدەستێنێتەوە، ئەم ساڵ دوو لەنەخۆشەکانو ساڵی رابردووش هەشت لەنەخۆشەکان ماڵ ئاواییان لە ژیان کردووە، لەماوەی پێنج ساڵی رابردووشدا ٥٧نەخۆشی دیکە بەهۆی سەختی برینەکانیانەوە گیانیان لەدەستداوە.

بەپێی ئامارێکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ژمارەی بریندارانی چەکی کیمیایی ٥٠٨ بریندارە کە لەلایەن کۆمەڵەکەوە ناویان تۆمارکراوە.

هەڵەبجەییەکان بێجگەلەوەی رۆژانە کەلاوەکانی شارەکەیان بەروخاوی دەبینن لەهەمان کاتدا بەدەست کۆمەڵێک نەخۆشی جۆراو جۆرەوە دەناڵێننو حکومەتی هەرێم بەکەمتەرخەم دەزانن لە ئاست ئاوڕدانەوەکانی لە هەڵەبجە.

کەمال جەلال ٤٠ ساڵ، تائێستا لەرێگەی مەکتەبی سەرۆکی پارتیەوە هەشت جار بۆ تاران سەفەری کردووە، وتی "لە کاتی کیمیابارانەکەوە تائێستا شەوانە دەبێت چوارجار لەماڵ بێمە دەرەوە، چونکە تەنگەنەفەس دەبمو ئەو چەکە کاریگەری لەسەر چاوەکانمو سنگم هەبووە".

سەلاح کەریم ٥٨ساڵ، یەکێکی دیکەیە لەبریندارە چارەسەرنەکراوەکانی کیمیابارانەکەی هەڵەبجە، لەدوکانەکەی خۆیدا بەئاماژەدان بە شوێنی برینەکانیو ئەو پارچە چەکانەی ئێستاش لەقاچەکانیدا بەجێمابوون، بەدەستوری وت" پاژنەکانی پێم بەتەور ببڕێنەوە بەخۆم نازانم، بەچاویلکەش نەبێت ناتوانم بخوێنمەوە".

سەلاح وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات کاتێک سەرمای دەبێت ئازاری قاچەکانی زۆری بۆ دەهێنێت وتیشی "هیچم بۆ نەکراوە کچێکیشم شەهیدە، پێویستمان بەیارمەتی هەیە داوکارم لەحکومەت کە بەپێی پێویست ئاوڕمان لێبداتەوە".

ئەو کارانەی کەبۆ کەسو کاری قوربانیانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کراون وەکو دانیشتوانەکەی ئاماژەی پێدەدەن لە ئاست گەورەیی کارەساتەکەدا نین، ئەوانیش یان برینەوەی موچەیەکی کەم یان یەک خانوویان بۆ دروستکراوە.

ئاوات ئەحمەد ٣٢ ساڵ، کە دایکو باوک خوشکو برایەکی شەهیدبوون بەدەستوری وت "بەس خانوومان بۆ دروستکراوە کە بڕیاربوو کلیلی خانوەکەمان بدەنە دەست، بەڵام خۆمان مەسروفی زیاترمان لە حکومەت تێداکردو تەواومان کرد".

لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاماژەی بەوەدا کە تا دروستبوونی کۆمەڵەکەیان لیژنە هاتووە برینداری بینیووە، بەڵام لەم دواییەدا تیمێکی ئێرانی هاتووە لە ٢١ /٢٠٠٩/٢ هاتنە سلێمانی، وتی "ئێمە وەکو کۆمەڵە بانگێهشتمان کردن کە تایبەت بوون بە نەخۆشیەکانی کیمباران، توانیمان نەخۆشەکانی هەڵەبجەو دەوروبەری هەڵەبجەیان پێبناسێنین".

لوقمان ئاماژە بەوە دەکات ئەو لیژنەیە نەخۆشەکانیان پۆلێنکردووە بەسەر سێ بەشەوە بەشی یەکەمیان کە نەخۆشیەکەیان سەختە ژمارەیان ٩٠ کەسە، بەشی دووەمیان ژمارەیان ١٦٤نەخۆشە نەخۆشیەکەیان زۆرسەخت نیە، بەشی سێیەمیان ٢٥٤کەسە نەخۆشیەکەیان باشە، بەڵام پێویستیان بە چاودێری دکتۆر هەیە.

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاماژەی بەوەدا لەوکاتەوەی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمباران دروستبووە ٥٧ کەس بەهۆی نەخۆشی کیمیابارانەوە مردون، ساڵی پار هەشت کەسو ئەم ساڵیش دوو لەبریندارەکان وەفاتیان کردووە، پێدەچێت نەخۆشی تر هەبن ناویان تۆمارنەکرابێت.

لوقمان هاوکاریەکانی حکومەتی هەرێم بەکەم دەزانێتو بەدەستوری وت "دەتوانم بڵێم وەکو پێویست هاوکاری نەکراوە بەیەک چاو سەیری نەخۆشەکان ناکرێت، ئەوەی کەکراوە لەرێگەی کۆمەڵەکەی ئێمەوە بووە ئەویش بەهاوکاری سەرۆکی هەرێم ٦٩ بریندار بە بەردەوامی دەبرێنە ئێرانو چارەسەری پزیشکی وەردەگرن".

# گوندەکان پشتگوێخراون

## دانیشتوانی ٨ گوندی ناحیەی حاجیاوا تائێستا لەخزمەتگوزاری رێگاوبانو تەندروستیو ئاو بێبەشن

زریان جەوهەر لە حاجیاوا

گوندەکانی ناحیەی حاجیاوا لەخزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی رێگاوبانو بنکەی تەندروستیو ئاو بێبەشنو بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە ئاماژە بەوە دەدەن ئەوەش بەهۆی چەند ئاڵوگوڕێکەوە لەئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەدا، هەرچەندە کەشفی ناوچەکەش کرابوو، بەڵام پرۆژە بۆ ئەو گوندانە ئەنجامنەدراوە.

لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێم بڕیاریداوە کەساڵی ٢٠١٠ بکاتە ساڵی بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵیو بەرەودان بەگوندو گوندنشینان، بوژانەوەی سامانی ئاژەڵو رەنیوهێنانی بەرهەمی ناوخۆ، بەڵام گوندەکان رۆژ بە رۆژ بەرەو چۆڵی دەچن، سەرەڕای ئەمە ئەم دانیشتوانە کەمینانەی کەتاکو ئێستا لەگوندەکان ماون، بە دوودڵی لەو گوندانە ژیان لە نێوان چۆڵکردنو مانەوەدا بەسەردەبەنو بە دەست دەیان گرفتەوە دەناڵێن.

هەریەکە لە گوندەکانی (قاجە، کانیتوان، خەلیفە، مەمیاوە، دووپشکە، نێوەو سەردۆڵو ..هتد سەربە ناحیەی حاجیاوا بەدەست چەندین کێشەو گرفتەوە دەناڵێنن.

مستەفا دانیشتووی گوندی کانیتوانە دەڵێت لەدوای راپەرینەوە تاکو ئێستا حکومەت هیچ گرنگییەکی بە ناوچەی سەردۆڵ نەداوە.

مستەفا وتی "کشتوکاڵ بە چۆڵکردنی گوندەکان نابوژێتەوە، دانیشتووانی گوندەکانیش بە نەبوونی کارەباو ئاو و بنکەی تەندروستیو خزمەتەسەرەتاییەکان جگەلە چۆڵکردن شتێکی تر بەدیناکەن".

"داخدارم لە لێدوانی بەرپرسەکان وەختێک باسی گوندەکان دەکەنو دەڵێن گوندەکان لانەی شۆڕشن، بەڵام بەداخەوە حکومەت لانەی شۆرشی پشتگوێخستووە، لانەکانی شۆرش بەدەست نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن" مستەفا وای وت.

گرنگترین کێشەکانی ئەو گوندانە بریتین لە نەبوونی رێگاوبانو بینای قوتابخانەو بنکەی تەندروستیو تۆڕی ئاو و چەند کێشەو گرفتیتر.

ئەو گوندانە تائێستا بنکەی تەندروستیان نیەو ناچارن بۆ سادەترین نەخۆشی روو لە شارەکان بکەن.

مامۆستا خدر، مامۆستای قوتابخانەی کانیتوانی بنەڕەتی لەو کاتەی پرسیارمان لێکرد تازە دەگەڕایەوە بەرەو ماڵو بە ماندوویيو شەکەتیەوە وتی "ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە قورشێلی دەکەینو هەموو رۆژێک دوو کاتژمێر بە چوونو هاتنەوە تەرخان دەکەین بە هۆی تێکەڵەرێژنەکردنی رێگاکەمان".

م. خدر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەهۆی ئەم ماندووبوونەوە ناتوانین حەقی پێویست بە وانەکە بدەین، سەرەرای ئەوەش کە مامۆستایان مانگانە دوو ئۆتۆمبێل دەگرن تەنها بۆ ئەوەی کە تۆزێک نزیکبنەوە لەم گوندانە، پەرۆشم بۆ ئەو قوتابیانە کە هەموو رۆژێک دەرسیان دەفەوتێت.

فەرحان هاووڵاتیەکی گوندی قاجە بوو دەڵێت گوندەکەیان یەک کیلۆمەترو نیو لە رێگای گشتییەوە دوورە، بەڵام تائێستا حکومەت ئامادەنەبووە بۆیان تێکەڵەڕێژ بکات.

بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە ئاماژە بەوە دەدەن بەهۆی چەند ئاڵوگۆڕێکەوە لەئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەدا دوای ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٨دا کەشفی ناوچەکەش کرابوو پرۆژە بۆ ئەو گوندانە ئەنجامنەدراوە.

رەمک رەمەزان بەرێوەبەری ناحیەی حاجیاوا بەدەستووری راگەیاند "ئەم گوندانە هەشت گوندن لە ناحیەی حاجیاواو سەروچاوە کەوتوونەتە ناوچەی سەردۆڵەوە، تاکو ئێستا رێگاکانیان تێکەڵەرێژ نیە".

بەرێوەبەری ناحیەی حاجیاوا وتی "بەهۆی نەبوونی ئەو رێگایەشەوە تازە توانیومانە قوتابخانە بۆ ئەو گوندانە بکەینەوە لەگەڵ ئەوەی ساڵی رابردوو وشکەساڵی بووە نەبوونی رێگا گرفتی سەرەکی بوو بۆ گەیشتنی کەلوپەلی چارەسەرکای وشکەساڵی".

رەمک رەمەزان دەڵێت "هۆکاری نەبوونی رێگا بۆ کەمی بودجەی پارێزگا دەگێڕمەوە، ساڵی ٢٠٠٨ کەشفی بۆ کرابوو، بەڵام بەهۆی چەند ئاڵوگۆڕییەک لە ئاوەدانکردنەوە ئەو پرۆژەیە جێبەجێنەکرا، ئێستا خراوەتە بەرنامەی ٢٠١٠، منیش هیوادارم جێبەجێبکرێت".



کشتوکاڵ بە چۆڵکردنی گوندەکان نابوژێتەوە

> لانەکانی شۆڕش بەدەست نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن

# کچان مەیلیان بۆ لای کوڕانی کوردستان دەگێڕنەوە

## دیاردەی شووکردنی کچان بەکوڕانی هەندەران ڕوو لەکەمبوونە

ئاکۆ محەمەد لە سلێمانی

سۆلاڤ، ئێستا لەوڵاتی سوید دەژی، ئەمەش دوای ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکدا کرد کەلەوێ دەژیا.

سۆلاڤ وتی " ماوەی چوار ساڵە لە وڵاتی سوید دەژیم، هەژاری تاکە هۆکاربوو وای لێکردم کە تەنها ژیانی هاوسەری لەگەڵ کەسێکدا پێکبهێنم کە لە کوردستان ژیان بەسەر نەبات".

سۆلاڤ ئاماژە بەوە دەدات رۆژێکیان داواکارێکی هاتووە، کە تەنها لە ڕێگای خوێندنگا بینیوویەتی، ئەویش داواکارییەکەی قبووڵکرد، تەنها لەبەرئەوەی کە لە هەندەران دەژیا، وتی "ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئێمە کەسێکی هەژاربووین، هەموو کاتێک بە ئاواتی زۆر شتەوە دەژیاین.

سۆلاڤ داواکارە لە کچان کە وەک ئەو نەبن، بەهۆی هەژارییەوە بڕیاری لەوجۆرەی ئەو نەدەن، چونکە "هەندەران هەموو شتێک نیە".

سۆلاڤ یەکێکە لەو کچانەی بەهۆی هەژاریو پارەوە شووی بەکوڕی هەندەرانی کردووەو ئێستا پەشیمانە.

هاوسەرگیری کچان لەگەڵ کوڕانی کوردی هەندەراندا لەچەند ساڵی رابردوودا بووبووە دیاردە، داواکارییەکانی کوڕانی هەندەران لەسەر زۆربەی کچان رەتنەدەکرانەوە، بەڵام ئێستا دیاردەکە بەرەو کەمبوونەوە ڕۆشتووە.

زۆربەی کچان شووکردن بە کوڕانی هەندەران بۆ مادەو چاولیچکەریو ناوبانگ دەگێڕنەوە، لەگەڵ باشبوونی باری ئابووری کوردستانو ژیانو گوزەرانی هاووڵاتیان، کچان کەمتر حەزیان لە شووکردنە بەکوڕانی هەندەران.

نەرمین عومەر، خوێندکار هۆکاری سەرەکی شووکردنی کچانی بە کوڕانی دەرەوەی وڵات، بۆ مادەو بۆ بوونی ناوبانگ گەڕاندەوە، وتی "ئەو کچانە زۆر بەخراپی بیری لێکدەکەنەوەو وادەزانن تەنها بەئەڵقەیەکو بوونی دەزگیرانی لەگەڵ کوڕێکی هاندەراندا ناو دەردەکاتو دەبێتە جێی سەرنج".

کوێستان دەرچووی زانکۆیە، وەک خۆی دەڵێت زۆر داواکاری هەبوو، بەڵام لە کوردستان بوون، وتی "منی نەفامو نەزان تەنها بیرم لەوە دەکردەوە، کە شوو بکەم بە کوڕێک لە دەرەوەی وڵات بێت، بۆیە هەر داواکارێکم دەهات پێی رازی نەدەبووم، تاوەکو رۆژێک کوڕێک کە لە دەرەوەی وڵات دەژیا هاتە داوامو زۆرم پێ خۆشبوو، بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک پێی رازیبووم".

کوێستان لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەدا دوای چوار ساڵ دەزگیرانی، ئەو لە دەرەوەو ئەمیش لە کوردستان، پێی وتووە "برۆ ئازادبە، من ژنم هێناوە، ناتوانم تۆ بێنمە ئێرەو پێویستە جیابینەوە".

کوێستان وتی"کچان بە قسەی کوڕانی هەندەرانی نەکەن".

کەسوکاری کچانیش، کە پێشتر بەکەمترین ڕێگریو لێپرسینەوە کچەکانیان بەکوڕانی هەندەران دەدا، ئێستا بەو شێوەیە ئامادەنین کچەکانیان بە ئەوان بدەن.

عەلی ئەحمەد باوکی سێ کچە، ئاماژە بەوەدەکات لەبەر بێکاریو نەبوونی زۆرێک لەو گەنجانە چوونە دەرەوەی وڵات، هەندێکیان لەوێش کاری نەشیاو دەکەنو بەشێکی زۆریشیان هەلی خوێندنو زۆر شتی تریان لە دەستداوە لەکوردستان.

باوکی ئەو سێ کچە، وتی "بە هیچ شێوەیەک ئامادەنیم، کچەکانم بە هەندەرانیان بدەم".

شیلان، شووی بە کوڕێکی هەندەرانی کردووەو هێشتا نەگواستراوەتەوە، دەڵێت "من ئەو کەسەم زۆر خۆشدەوێتو هەرچی بڵێت بۆی دەکەمو هیچ جیاوازییەکیش نییە، ئەگەر لەدەرەوەی وڵات بێت یان لە ناوەوەی وڵات، هیچ کەمناکات لە خۆشەویستییەکەم".

هەندێ لە کچان حەزناکەن شوو بە کوڕانی هەندەرانی بکەن، ئەوان هەندەرانییەکان بەکەم هەستو سۆز لە قەڵەمدەدەن.

فرمێسک وتی "من لە ژیانمدا، هەرگیز حەزم نەکردووە شوو بکەم بە کەسێک، کە لە دەرەوەی وڵات بێت، چونکە ئەو کەسانەی لە دەرەوی وڵاتن، هەستو سۆزیان کەمە".

ئاراس ئەبوبەکر پسپۆر لەبواری دەرونزانیدا سەبارەت بەشوونەکردنی کچان بەکوڕانی هەندەران لەم کاتەدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بارودۆخی ئابووریو خوێندنی کوردستان زۆر باش بووەو کچان جاران لەبەر دەربازبوون لەو قەیرانەی کە کوردستانی تێکەوتبوو شووی دەکرد بەکوڕی هەندەران، بەبێئەوەی رەچاوی تەمەن یان ئاستی خوێندن یان خێزان بکات.

ئەو توێژەرە باسلەوە دەکات جاران کچان (٥بۆ٦)ساڵ چاوەڕێی کوڕیان دەکرد کەمافی پەناهەندەیی بۆ دەربچێت، بەڵام لەئێستادا هیچ کچێک چاوەڕێی کوڕێک ناکات بەتایبەتی ئەگەر نەناسراوبێت، یاخود بەپێی ئەومەرجانە نەبێت کە کچەکە دەیەوێت.

ئاراس وتی "لەئێستادا کچان ئەوەی لە کوڕی ئێرەدا دەبینێتەوە زۆر زیاترە لەکوڕانی هەندەرانو ناشیەوێت خۆی بداتە دەست چارەنووسێکی نادیار، بەواتایەکی تر کچان ئێستا هۆشیاریو رۆشنبیریەکی کۆمەڵایەتیو بڕیاردانیان هەیە لە روانگەی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان".



# وێنەو نوکتەکان.. شەڕی ساردی سلێمانیو هەولێرییەکان

عەلی بانیشاری لە هەولێر

بەدەیان وێنەی هەولێری لەمۆبایلی چەندین هاووڵاتی سلێمانیدا بڵاودەبێتەوە کە ئەو وێنانە گوزارشت لەدابونەریتی هەولێرییەکان دەکات، هەولێریەکانیش رەخنە ئاڕاستەی سلێمانییەکان دەکەنو بەگاڵتەچی تاوانباریان دەکەن.

لەڕێگەی چەندین قوتابی زانکۆی سەلاحەدینەوە کە خەڵکی سلێمانی بوون، چەندین وێنەی جیاواز لەدوکانو شەقامەکانی هەولێردا گیراوە، ئێستا لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئەو وێنانە بڵاوبونەتەوە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەکاردێن.

بەپێی ئەو وێنانەی دەست دەستوور کەوتووە، وێنەکان زیاتر لەتابلۆی دوکانەکانو بازاڕەکانو کاتی شت فرۆشتندا گیراوە، جگەلە وێنەکان چەندین نوکتەش لەلایەن سلێمانیەکانەوە لەسەر هەولێرییەکان دەکرێن.

حسێن ئەکرم یەکێکە لەو گەنجانەی سلێمانی کە ماوەی چەند ساڵێکە لە هەولێر دەخوێنێت، وەک خۆی باسی لێوە دەکات، رۆژانە بەدوای ئەو وێنانەدا دەگەڕێت، ئێستا زیاتر لە ١٢٠ وێنەی هەمەجۆی لەسەر شاری هەولێر لەلایەو رۆژانەش بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆشو پێکەنیناوی سەیریان دەکات.

حسێن بەدەستووری وت "ئەوەی لە هەولێر دەبینرێت زۆر جیاوازە سەرەتا ئەو ناونیشانانەم دەبینی دەموت هیچ نیە ئەوە هەڵەیان کردووە، بەڵام ئێستا دەبینم زۆر هەن لەو ناونیشانە سەرسوڕمانانە".

هەروەها وتی"ڕاستە هەندێک شت لەلای هەولێرییەکان ئاساییە، بەڵام لەلای ئێمەی سلێمانییەکان جێگەی رامانەو پێدەچێت ئەوانیش بۆ نووسینی تابلۆکانی ئێمە وابن".

هەولێرییەکان نارەزایی دەردەبڕن بەو وێنانەی کەئێستا وەک چەکێک لەلایەن سلێمانییەکانەوە بەرامبەریان بەکاردێت، سلێمانییەکانیش دەڵێن ئەوەی لە هەولێر دەبینرێت زۆر جیاوازە، رۆشنبیران ئەو وێنانە بەکارێکی قیزەونو بێ بنەما وەسف دەکەنو دەڵێن "شەڕی سارد دەکەوێتە نێوان سلێمانیو هەولێرەوە".

سامان سامی کاتێک وێنەی دوکانەکەی لە مۆبایلی چەند هاووڵاتیەکدا بینی پاش دوو رۆژ تابلۆی دوکانەکەی دەگۆڕێتو بڕێک پارەش زیانی لێ دەکەوێت، سلێمانییەکان بە گاڵتەچی تاوانبار دەکات.

سامان وتی "سلێمانییەکان هەمیشە بە دوای عەیبو عاری هەولێریەکاندا دەگەڕێنو بەگێلو نەفام وەسفمان دەکەن، ئێمەی هەولێری هیچ کات بۆ هیچ ناوچەیەکی کوردستان دابونەریتی خۆمان تێک نادەین".

"ساردەمەنی گەرم، لەسەر خورما نووسراوە (مۆز بە ١٠٠٠)، لەسەر هێلکە نووسراوە زەردێنەی زەرد" نمونەیەکن لەو شتانەی کە بەوێنە لەناو مۆبایلی هەزاران کەسدا بڵاوبووەتەوەو بەشتێکی پێکەنیناویو سەرنجڕاکێشی دەزانن، بەڵام خەڵکی هەولێر ئەمە بەشتێکی زۆر ئاسایی دادەنێن، پێیانوایە پێویست ناکات بەشێوازی تر لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

سامان وتی "ئەوەی نووسراوە ساردەمەنی گەرمو مۆز بەهەزارو زەردێنەی زەرد لای من زۆر ئاساییە".

پسپۆرانی بواری کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەکەن ئەم دیاردەیە بەهۆی یەکتر قبوڵنەکردنو تێکەڵاونەبوونی یەکترەوە دروست بووەو تەنها چارەسەریش ئەوەیە دەبێت سلێمانیو هەولێرییەکان یەکتر قبوڵ بکەن.

موراد حەکیم سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان (هەولێر)و مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەدین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژە بۆ ئەوە دەکات گاڵتەکردن بە دابونەریتی یەکتر یەکێکە لەدیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵگای کوردی، "کوردستان بەدەستیەوە دەناڵێنێت".

سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان وتی "ناکرێت هیچ ناوچەو گروپو لایەنێک هێرش بکەنە سەر دابونەریتی یەکتر، چونکە ئەوە پەیوەندی بەناوخۆی خۆیانەوە هەیە نەک دەرەوە".

لەگەڵئەوەی موراد حەکیم ئاماژە بۆ ئەوە دەدات ئەم دیاردەیە لەسەردەمانی پێشووەوە بۆمان ماوەتەوە دەڵێت "کێشەکە لەوەدایە کە ئێمە یەکتر قبوڵ ناکەینو تێکەڵی یەکتر نابین وەک ئەوەی لەنێوان سلێمانیو هەولێرییەکاندا باوە، کە تێکەڵی یەکتریش دەبن گاڵتە بەدابونەریتی یەکتر دەکەن، تەنها چارەسەریش بۆ ئەم کێشەیە دەبێت سلێمانیو هەولێرییەکان یەکتر قبوڵبکەن".

> پێویستە ئێمە خەڵکی خۆمان لەوە تێبگەیەنین کە گاڵتە بە موقەدەساتی یەکتر نەکەن



کەی نەریتی ناوچەگەرێتی تێدەپەڕێنین؟

# "هۆرمۆنی گەشە لە ٢ ساڵییەوە تا ١٨ ساڵی دەتوانێت باڵای منداڵ زیادبکات"

## د. ئیبراهیم خەسرەو جاف پسپۆڕی نەخۆشیەکانی منداڵان بۆ دەستوور

سازدانی: بێستون فەتاح



**کێشەی گەورەبوونی منداڵو خەمخواردنی دایکو باوک لە بوونی کێشەیەک لە جەستەی منداڵەکانیان، بوونی گیروگرفتی لاوازی منداڵ یان باڵا کورتی منداڵەکانیان، بووەتە جێگەی نیگەرانیو دڵەڕاوکێی دایکانو باوکانو لەو پێناوەدا پەنا بۆ چەندین دەرمان دەبەن، بۆ روونکردنەوەی کاریگەری ئەو دەرمانانەو چۆنێتی بەکارهێنانیان، دەستوور ئەم دیمانەیەی لەگەڵ د.ئیبراهیم خەسرەو جاف پسپۆڕی نەخۆشیەکانی منداڵان لە نەخۆشخانەی منداڵانی فێرکاری سلێمانی ئەنجامدا.**

..............................

**دەستوور:** لەکام حاڵەتەدا منداڵ لەباری جەستەییەوە بەئاسایی گەشەی کردووە؟

**د. ئیبراهیم:** باڵا یان کێش، یان قەبارەی سەر، ئەو سێ بەشەی جەستە لەمنداڵدا زۆر گرنگن، هەموو منداڵێک کاتێک لە دایکدەبێت دەفتەرێکی دەدرێتێ، ئەو دەفتەرە خشتەی کوتانەکانی تێدایە، رێنمایی دەکات لەچ کاتێکدا ببرێت بۆ کوتان، هەروەها لەو دەفتەرەدا خشتەیەکی نەخشەیی تێدایە







کەکێشی منداڵەکە بەرامبەر باڵای منداڵەکەو قەبارەی سەری منداڵەکەی بەپێوانەکراوی تێدا تۆمارکراوە، دەبێت منداڵ بکێشرێتو باڵای بپێورێ تا بزانرێت بەوردی چەند سانتیمەترەو تەمەنیشی چەندە دوایی بخرێتە ئەو چارتەی ئەو خشتەیەی بۆی دانراوە بزانرێت منداڵەکە ئاساییە یان نا، ئەگەر سروشتی بوو ئەوە هیچ دڵەڕاوکێیەک دروست نابێ.

ئێمە زۆرجار منداڵمان بۆ دەهێنن، باوکو دایکیان وا هەست دەکەن منداڵەکەیان زیاد ناکات، بەڵام کاتێک کێشانو پێوانەی بۆ دەکەین دەبینین منداڵەکە لە ئاستی سروشتیدایەو هیچ کێشەیەکی نییە، بەس لەبەرئەوەی دایکەکە هەموو رۆژێک منداڵەکەی دەبینێو لەبەرچاویدایە وا هەست دەکات کێشی زیادناکات، یان منداڵێکی هاوتەمەنی منداڵەکەی خۆیان دەبینن دەکەونە حاڵەتی دڵەڕاوکێوە، ئێمە بەو دایکو باوکە بەڕێزانە دەڵێین تێکڕای پێوانەیی هەیە، بۆ نمو نە منداڵێک هەیە تەمەنی (٣) ساڵە باڵای (٨٠) سانتیمەترە هەر بەئاسایی دادەنرێت منداڵێکی تر هەر هەمان تەمەنی هەیە (٧٥) سانتیمەترە ئەویش هەر ئاساییە، چونکە لەو خشتەی تێکڕاییەدا سانتیمەترێکی دەستنیشان کراو نییە، کە بڵێین ئەگەر ئەو سانتیمەترە نەبێت ئەوا منداڵەکە باڵای کورتە، لەبەرئەوە دەبێت باڵای بپێورێو بخرێتە سەر ئەو خشتەیە بزانرێت دەکەوێتە کوێی ئەو خشتەیە، ئەگەر کەوتە نێوان ئەو دوو هێڵەوە کەپێی دەوترێ (گرین زۆن) واتە ناوچەی هێڵی سەوزو ئاسایی ئەوا ئەو منداڵە ئاساییەو پێویستی بەدڵەڕاوکێ نییە، بەڵام ئەگەر هاتو بەپێی ئەو پێوەرە دەرکەوت لە ئەنجامی کێشانو پێوانەی ورد ئەو منداڵە کورتەباڵایە ئەوا زۆر گرنگە خەمی لێبخورێتو هۆیەکەی بدۆزرێتەوە.

**دەستوور:** هاووڵاتیان دەیانەوێت بەپێی ئارەزووی خۆیان باڵاو کێشی منداڵەکانیان دیارییبکەن، هەر بۆیە بیر لەبەکارهێنانی چارەسەری هۆرمۆنی دەکەنەوە، ئایا تا چەند دەتوانرێت ئەم چارەسەریانە بەکاربهێنرێت؟

**د. ئیبراهیم:** بوونی ئەم دیاردەیە کێشەیەکی گەورەی لەنێو هاووڵاتیاندا دروستکردووە، ئەو هاووڵاتیانەی باسیان دەکەیت، خویانگرتووە بە مەسەلەی هۆرمۆنی گەشەوە، هۆرمۆنی گەشە ئێستا لەنەخۆشخانەی منداڵاندا هەیە کەبەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەکارهێنراوە، بێگومان هەندێک منداڵ ئەوانەی کە لەڕاستیدا ئەو نەخۆشیانەیان هەبووە سوودیان لەم چارەسەرە وەرگرتووە، بەڵام ئەوانەی کەوانەبوون، واتە هۆکارێکی تر هەبووە بۆ کورتە باڵاییەکەیان سودییان لێوەرنەگرتووە، بەڵکو بۆ هەندێکیان زیانی هەبووە، وا باشە کە ئەو دایکو باوکانە بیر لەو مەسەلانە نەکەنەوە هەتاکو نەزانن هۆی کورتە باڵایی منداڵەکانیان چییە.

هۆیەکی زۆر سەرەکی بریتییە لەهۆکاری بۆماوەیی، واتە ئەگەر دایکەکە یان باوکەکە کورتە باڵابن ئەوا منداڵەکەیان کورتە باڵا دەبێت.

**دەستوور:** هۆڕمۆنی گەشە پێویستە لە چ تەمەنێکدا بدرێت بە منداڵ؟

**د. ئیبراهیم:** ئەم هۆڕمۆنە لەدوای تەمەنی دوو ساڵییەوە باشە، چونکە تا تەمەنی دوو ساڵی گەشەی منداڵ پشت بەجۆری خواردن دەبەستێتو پشت نابەستێت بە هۆڕمۆنی گەشە، ئەوانەی پێش ئەو تەمەنە ئەو هۆڕمۆنەیان بەکارهێناوە سوودیان لەخواردن وەرنەگرتووە، چونکە هەندێک منداڵ هەیە وەکو پێویست خواردنیش دەخوات، بەڵام سوودی لێنابینێت یان ئەوەتا سکچوونی پێدەگرێت یان دەیڕشێنێتەوە، بەکورتی کارلێکی هەرسی بەسەردا نایەت، تامی ناکات یان نەخۆشییەکی هەیە یان ئەنزیمێکی کەمە یان ئەو هۆڕمۆنەی کە پەیوەندی بە خواردنەوە هەیە کەمە، بۆیە منداڵ پێویستە تا تەمەنی دووساڵی پشت بە خواردن ببەستێت، بەڵام لەدوای دوو ساڵی ئەو هۆڕمۆنە رۆڵی دەبێت، دەستدەکات بە ئیشی خۆی بۆ بەرزکردنی باڵای منداڵەکە ئێمە دەبێ لەدوای دوو ساڵی چاودێری گەشەی باڵای منداڵ بکەین هەرکاتێک بینیمان کە باڵای لەخوار ئاساییەوەیە ئەوا دەبێت بۆ هۆکارەکەی ئەو باڵا کورتیە بگەڕێین کە بێجگە لە هۆکاری هۆڕمۆنی گەشە چەندین هۆکاری تر هەیە، بە واتایەکی تر ئەوە نییە هەر منداڵێک کورتە باڵا بوو هۆڕمۆنی گەشەی بدرێتی، ئەم هۆڕمۆنە تا تەمەنی حەڤدەو هەژدە ساڵی کاردەکاتو دەتوانێت باڵای منداڵ زیادبکات تابالای دەگاتە باڵای کەسێکی ئاسایی، لەو کاتەدا دەبێت بوەستێنرێت، گەر بەردەوام بیدرێتی بەبرێکی زۆر دەشێت باڵای زۆر لە باری ئاسایی بەرزتر بێت، بۆیە پێدانی ئەم هۆڕمۆنە کاری دکتۆرە ئەو دەتوانێت برو کاتی پێدانو پێنەدانی ئەو هۆڕمۆنە دیارییبکات، چونکە ئەو دەزانێت کەی دەیداتێو بۆ ماوەی چەند دەیداتێ، زۆرپێدانی لەوانەیە ببێتە زیادبوونی باڵای زیاد لە ئاسایی.

**دەستوور:** لاوازی گەشەی باڵا پەیوەندی بەم هۆڕمۆنەوە هەیە، یان چارەسەری تایبەتی تری هەیە؟

**د. ئیبراهیم:** لاوازی گەشە زیاتر پەیوەندی بە کێشەوە هەیە، بۆ نموونە منداڵ هەیە کورتەباڵایەو کێشی زۆرە، بەپێچەوانەشەوە منداڵ هەیە باڵای بەرزە، بەڵام کێشی کەمە بەهەمان شێوە ئەویش بەپێی کێشو باڵا خشتەمان هەیە، سەیری دەکەین ئەگەر کێشەکەی کەمتر بوو ئەوا نیشانەیەک هەیە کە پێی دەڵێین بەدخۆراکی، ئەم نەخۆشییە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر گەشەو داهاتووی منداڵەکە، گەر وێنەی بخەینە بەر چاومان گەشەی کەسانی گەورە وەک منداڵ نییە، گەورەکان خواردنەکانیان تەنها بۆ راپەڕاندنی کارو چالاکییەکانیانە، بۆ نمونە ئەوانەی کە مان لەخواردن دەگرن بۆ ماوەی چەند رۆژێک ئاساییین پاشان تووشی بەدخۆراکی دەبن، بەڵام منداڵ خواردنی بۆ گەشەو چالاکییەتی هەر بۆیە ئەگەر منداڵ هەر لە یەکەم رۆژی منداڵبوونیەوە خواردنی باش نەبێت، ئەوا زوو تووشی بەدخۆراکی دەبێت، چونکە ئەو خواردنە تەنها بۆ چالاکیەکانی رۆژانەی نییە، بگرە بەشێکی زۆری بۆ گەشەیەتی.

**دەستوور:** کەواتە لاوازی پەیوەندی بەگەشەوە هەیە؟

**د. ئیبراهیم:** نەخێر بەپێچەوانەوە، بەداخەوە زۆرێک لە هاووڵاتیان بەهەڵە لەلاوازی تێگەیشتوون، هەندێک لەدایکان دێنەلامان دەڵێن منداڵەکانمان لاوازن دەمانەوێت قەڵەوبن، بەگشتی زۆربەیان ئارەزوویان لە منداڵی قەڵەوە، لەلای ئێمەی پزیشک بەپێچەوانەوە لاوازی ئاساییەو نەخۆشی نییە، بەڵکو قەڵەوی خۆی لەخۆیدا چەندین نەخۆشی لەگەڵدایە، هەتا لە گەورەشدا سەیر بکرێت ئەوانەی کێشیان زیادە چەندەها نەخۆشیان هەیە یان مەترسی بوونی نەخۆشیان لێدەکرێت، لە منداڵیشدا زۆر نەخۆشی تر هەیە وەک ئێسکەنەرمەو قەسەباتو رەبۆو چەندینیتر، هەموویشی لەئەنجامی قەڵەوییەوەیە، بەڵام لاوازییەکەیان تەندروستە، زۆر لاواز نەبن بەرادەیەکی بەرچاو حاڵەتەکە زۆر بە ئاسایی دادەنرێت، کێشەیان نییەو هیوادارم ئەو دایکو باوکانە دووربکەونەوە لەوەی بیانەوێت منداڵەکانیان بە زۆر قەڵەوبکەن، بەڵکو باشترە ئەو دەرمانانەیان بدەنێ کە ئارەزووی خواردنیان دەکاتەوە، چونکە ئەو دەرمانانە کاریگەری لەسەر مێشکو وریاییان دەبێت، هەرچەندە بۆ ماوەیەک گێژیان دەکات.

**دەستوور:** ئایا گەشەی پەلەکانی خوارەوە واتا پێیەکان چۆن دیاریدەکرێت، جیادەکرێنەوە لەگەڵ گەشەی گشتی منداڵەکە؟

**د. ئیبراهیم:** بەراستی گەشەی منداڵ بریتییە لە دوو بەش یەکێکیان گەشەی پەلەکانی خوارەوەیەتی ئەویتریشیان گەشەی قەدییەتی، هەندێک حاڵەت هەن کەتەنها قاچەکان کورت دەبن وەکو نەخۆشی غودەی دەرەقیو کەمرژینی هۆڕمۆنی غودەکەو ئێسکە نەرمە، دەبینین قاچەکانیان کورتن ئەوەش بەڕاستی دایکان یان باوکان زۆر بەزەحمەت دەتوانن ئەوە دەستنیشان بکەن، واتە دەزانن کە منداڵەکانیان کورتەباڵان، بەڵام نازانن کوێیان کورتە باڵایە، ئەویش پزیشکی پسپۆڕ دەتوانێت پێوانەی بکاتو حاڵەتەکە دەست نیشانبکات، بۆ نمونە بەپێوە باڵای چەندەو بەدانیشتنانەوە باڵای چەندە، ئەوکاتە بۆی دەردەکەوێ کە ئایا درێژی پەلەکان ئاساییە یان نا، ئەگەر ئاسایی نەبوو ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەخۆشیانەی کەدەبنە هۆی کورت بوونی پەلەکان، واتا دوو جۆر کورتە باڵاییمان هەیە کە هەندێکیان هەموو بەشەکانی لەشی کورتە، بەڵام زۆرێک هەن لەکورتە باڵاکان کەتەنها قاچەکانیان کورتەو قەدیان ئاساییە کە ئەمانەش دوو حاڵەتی جیاوازن.

# کاریگەری مانەوەی شیر لەسەر ددانی منداڵ

## د. هۆشەنگ خالد ـ پسپۆڕی نەخۆشیەکانی دەموددان

دەستوور

ئەم دیاردەیە کە دەبێتە هۆی داخورانو کلۆربوونی ددانەکانی منداڵی شیرەخۆر، تەنها هۆکار بۆ ئەم کلۆربوونە بریتییە لە مانەوەی شلە شەکرەکان لەسەر رووەکانی ددانی منداڵەکە بۆ نمونە منداڵێک دەخەوێت بە یارمەتی بوتڵی شووشە کە شیر یان شلەی شیرینی تێدایە یان کاتێک منداڵەکە بۆ ماوەیەکی درێژ شیری دایکی بمژێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی کلۆربوونی ددانەکان بەخێراییو پاشان تێکدانی ددانەکان، ئەمەش بەشێوەیەکی خراپ کاردەکاتە سەر دروستبوونی ددانە هەمیشەییەکان، زۆربەی جار ددانەکانی پێشەوەی شەویلاگی سەرەوە تووشی ئەم حاڵەتە دەبن کە دەتوانرێت بەئاسانیو بەئاشکرا ببینرێت لە کاتی پێکەنیندا.

چەند دیاردەیەکی هەڵە لەلایەن دایکو باوک

ئەم چەند پرسیارە لەخۆت بکە دەربارەی بەکارهێنانی بوتڵی شیر:

١. ئایا بوتڵی شووشەی شیر یان شەربەت بە منداڵەکەت دەدەیت کاتێک بێزارو بێ تاقەت دەبێت.

٢. ئایا رێگە بە منداڵەکەت دەدەی بوتڵە شووشەکە لەناو دەمی بهێڵێتەوە کاتێک دەیەوێت بخەوێت.

٣. ئایا لەکاتی شیرپێدانی سروشتی (شیری دایک)منداڵەکەت دەخەوێت.

٤. ئایا بۆ ماوەیەکی زۆر شیری خۆت دەدەیتە منداڵەکەت.

ئەمانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا هەموویان زیان دەبەخشن بە ددانی منداڵ بەهۆی بوونی شەکر لەناو شیرو شلەی شیرین کە بەکتریا هەڵدەستێت بە گۆرینی ئەم شەکرانە بۆ ترشی، ئەم ترشەش دەبێتە هۆی کلۆربوونو رزاندنی شانەکانی ددان، بڕی شەکرەکە تەنها هۆکاری ترسناک نییە، بەڵکو درێژی ئەو ماوەیەی کە ئەم شەکرەمەنیانە لەسەر رووی ددانەکە دەمێنیتەوە، بۆیە هەڵەیەکی گەورەیە بهێڵرێت منداڵ بخەوێتو بوتڵە شیرەکەی لەناو دەم دابێت، بۆیە ئەگەر بکرێت دوای شیرپێدانی سروشتی یان بوتڵە شوشەکە، ددانی منداڵەکە بەلۆکەیەکی تەڕ (پەمۆ) بسڕیت بۆ ئەوەی پاشماوەی شەکرەکە لەسەر رووی ددانەکە لاببریتو هەر کاتێک تەمەنی منداڵەکە گەیشتە ئەو رادەیەی کە بتوانێت ددانی خۆی بشوات پێویستە لەلایەن دایکو باوکی فێربکرێت لەچۆنێتی بەکارهێنانی فڵچەو هەویری ددانی تایبەتی منداڵ.

چی بکرێت بۆ ریگەگرتن لەم دیاردەیە:

١. شیر یان شلەی بێ شەکر بدرێت بە منداڵەکە.

٢. دوای هەر شیرپێدانێک یەکسەر ددانی منداڵەکە بسڕەو پاکی کەرەوە.

٣. هەوڵبدە لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ددان لەناو دەمی منداڵەکە ددانەکانی بە فڵچەو هەویری ددان بشۆیت.

منداڵەکە ببە لای پزیشکی ددان لەتەمەنی ٦ مانگ بەرەو ژوور بۆ چارەسەر کردنو دانانی ماددەی فلۆراید کە زۆر پێویستە بۆ بەهێزکردنی ددان.



# برێشتو لەچاوەڕوانی گۆدۆدا، بەرهەمی ساموئێل بێکێت

ورنرمیتن تسوای

"بەرتۆڵد برێشت" لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا وتویەتی کە بەنیازە شانۆنامەی "لەچاوەڕوانی گۆدۆدا" دووبارە بنووسێتەوەو بیباتە سەر شانۆ، لەنێو بەرهەمە بەجێماوەکانیدا بەرگێ لەم شانۆنامەیە، چاپی ساڵی ١٩٥٣ دەدۆزرێتەوە کە بەقەڵەمی خۆی پێداچوونەوەی بەسەردا کردووە، لەهەمان یەکەم لاپەڕەدا بۆ ناساندنی کەسەکانی شانۆنامەکە نووسیویەتی:

ئێستراگۆن: Estragon کەسێکی پرۆلت. ڤلادیمیر: Vladimir کەسێکی رۆشنبیر. لەکی: Lucky سەربار. پۆزۆ: Pozzo خاوەن موڵک


بەو چەشنەی زۆربەی هەرە زۆری شانۆناسانیش ئاماژەیان پێداوە، "برێشت" لەکاری پێداچوونەوەو نووسینەوەی دەقی جۆراوجۆرو ئاراستەکردنی گەڵاڵەی نوێ، هەمووکات خاوەنی لێهاتوویی بەهێزو داهێنەرانە بووە، شانۆنامەی "بەعل" هەڵهێنجانێکە لەبەرهەمێکی "یۆست" بەناوی "مرۆڤی تەنها" ، شانۆنامەی "رۆژانی کۆمۆن" لەبەرهەمی شانۆی "شکست" ی "گریک" وەرگیراوە، "دایک" لەچیرۆکی درێژی "ماکسیم گورکی"، چەند نمونەی سەر بەم بابەتەن.

نووسینەوەو رامان لەشێوەی بەڕێوەبردنو بردنە سەرشانۆی "لەچاوەڕوانی گۆدۆدا" ئاوێتەکردنی گەڵاڵەیەک بووە بەرامبەر ئەندێشەی "بەکێت"، ئەوەی زیاد لەهەموو شتێک سەرنجی بۆ لای ئەم شانۆنامە راکێشابوو، ئەو رووگەو لایەنە بوو کە دوو روانگەی کۆمەڵایەتیو فەلسەفی لەهەمبەر یەکتر دادەنا، پاراستنی شێوەو شێوازی ئێبزوردو روانگەی "بەکێت" لەدووتوێی نووسینەوەکەیدا وێڕای دەربڕینی رای خۆی، وەکو ئامانجی کارەکەی لەقەڵەمدەدا.

بەپێی گەڵاڵەکەی برێشت، شانۆنامە دەبوو بۆ چەند بەشی بچوک دابەش ببوایە، پێویست بوو لەکاتی بردنە سەرشانۆو ئیجراکردنی، بێئەوەی گۆڕانێک بەسەر وتووێژەکاندا بێت، چەند دیمەنی فیلمی دیکۆمێنتیو ئیجرای پانتۆمیم کە دەربڕی گۆڕانکارییە گەورەکانی ژیانی کۆمەڵایەتین، ناوە ناوە لەبەرهەمەکەدا نمایشبکرێ.

برێشت دەیویست هاوکات کە کەسایەتییەکانی (بەرهەمەکەی بەکێت) لەچاوەڕوانیدانو وشک وەستاون، پێداگری دەمارگرژانەی ئەندێشەی بەکێت لەمەڕ نەگۆڕیو بێجوڵەیی، بگۆڕێ بۆ بزەی ئەندێشمەندانەی بینەران.

وێناکردنی دۆخو پێگەی تراژیکی بەرهەمی نووسەر بەنیسبەت مرۆڤی لەخۆ نامۆی هەمیشەیی، دەبوایە بەشێوەیەکی دی بکەوتایەتەروو، دەبێ قسە لەوە بکرێت کە مرۆڤ دەتوانێ سەرجەم کۆتو بەندەکانی لەخۆ نامۆبوون، شۆڕشگێڕانە بپچڕێت، دووبارە




درۆو دەلەسە بێکردەییە بەرینەکان بخاتە بەر لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەو بەرەوپێش هەنگاو بنێت. لەراستیدا بڕیاربوو لەبردنە سەرشانۆدا ئەم دوو روانگەو ئەندێشە دژوارەو پڕوپاگەندە بۆ چاوەڕوانی بێکردەیی دەکاتو ئەویدی کە لەتێکڕای بەرهەمەکانیدا گۆڕانی جیهانو دۆخی کۆمەڵایەتی بەحاشاهەڵنەگر دادەنێو لایوایە کە توانا هێزەکیو کردەکییەکانی (بالقوه و بالفعل) مرۆڤ ئەو ئیمکانو دەرفەتەی پێدەدا کە بۆ حاکم بوون بەسەر چارەنووسی خۆیدا هەوڵبدات، شانۆنامەی "لەچاوەڕوانی گۆدۆدا" بۆ برێشت وەکو کەرەسە پێویستەکانی کاری نووسینەوەبوو، بەنیاز بوو کەسەکانی شانۆنامەکە لەئاسمانەوە بێنێتە زەویو کردەو ئاکاریان لەفەزایەکی هەڵقوڵاو لەژیانی کۆمەڵایەتییەوە دەستنیشان بکات.

ریئاکشنێکی دیکە کە سەبارت ئەم بەرهەمەوە هاتەئارا، هی "ژان ئانۆی" بوو، ئەو وێڕای ستایشکردنی شانۆنامەکە، وەکو بەرهەمێکی بەرجەستە، هیچ لەوە نەسڵەمایەوە کە لەشانۆنامەیەک بەنێوی "ژەنەڕاڵ کیشۆت یا دواکەوتوویی عاشق" هەم بونیادی بەرهەمەکەو هەم شانۆیی ئێبزورد بەشێوەیەکی کۆمیکو بەتەنزێکی تاڵو هێرشبەر بەگاڵتە بگرێ، "ئانۆی" لەشانۆنامەکەی خۆیدا لاوێک دێنێتە سەرشانۆ کە دەیەوێ لەیەکێک لەشارە بچوکەکانی فەڕەنساو لەنێو لایەنگرانو هۆگرانی شانۆی ئێبزورددا هاوڕێی شێوەو میتۆدەکانی هۆگرانی "دژە شانۆنامە" بەرهەمێکی شانۆیی بێنێتە سەرشانۆ.

لاوەکە تێبینیەک بۆ ئەم کارە دێنێتەوە "ئەم شانۆنامەم لەپاریس بینیوە، باشترین شانۆنامەیە، دلێرانەو هەژێنەر! یەکەم جار لەمێژووی شانۆییدا، پەردە هەڵدەدرێو هیچ شتێک روونادات، هیچ رووداوێک! یەکێک قەڵەمباز دەداتە سەرشانۆو مرۆڤ هەست بەهیچبوونو بێکەڵکیو پووچبوون دەکات. ئەم قوڵی ئەندێشەیە، دەبێتە هۆی سەرلێشێواویو هاوکات هەژێنەریشە!

ئێمە مرۆڤمان بەهیچەکانییەوەو بێ ناوەڕۆکەکانیەوە بینیوە، سەرەنجام جوڵەیەکی بەخۆدا، چی کرد؟ خۆی خوراند! لاتانوایە ئەم کارە چ مانایەکی لەگەڵدایە؟" پیاوی لاو پێیوایە کە ئەمە هەمان شانۆیی داهاتووە!

لەکۆتاییدا دەبێ بگوترێ کە "برێشت" دەرکەوتنو ئامادەیی شانۆیی ئێبزورد بەئەنجامی لۆژیکی شکستهێنانی ئایدیالۆژیای بۆرژوایی دێنێتە ئەژمار کە بەتایبەت پاش شەڕی دووەمی جیهانی، روون دەرکەوت، بەهەموو ئەمانەوە، ئەو لای وابوو کە شانۆیی سۆسیالیستی بەبێ ئەزمون وەرگرتن ناتوانێ گەشەو شکۆفایی بەدەستبهێنێ، جەختی لەوە دەکردەوە کە تاقیکارییەکان نابێ تەنیا لەبەر ئەزمون وەرگرتن ئەنجامبدرێن، بەڵکو پێویستە وەکو دۆزینەوەی شێوەو شێوازی کار بەمەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەها کارێک بێتە ئەنجامدانو ئەنجامە بەدەست هاتووە گونجاوەکان نمایشبکرێن.

باس لەوە نییە کە بەردەوام پرسیارەکانی رابردوو گەڵاڵە بکەینو لەوەڵامی رەسەنو دەگمەن بگەڕێین، دەبێ زۆر سادە پرسیاری نوێ بێنینە بەرکار، ئەزمون وەرگرتن ئەو ساتە وەختەی خاوەنی ئاسۆو داهاتوو دەبێ کە لەخزمەتی پێشوەچوونی مرۆڤو کۆمەڵگادا بێت، لەراستیشدا ئامانج لەنووسینەوەی شانۆنامەی "بەکێت" بەبوونو ئامادەیی بەرامبەرکێی ئەندێشەیی، گەڵاڵەکردنی پرسیاری تازە بوو.

و: سیروان حسەین

# سەبارەت بەفرانس کافکا



جۆرج لۆکاچ
و: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

فرانتس کافکا نمونەی کلاسیکی نووسەری مۆدێرنە کە تووشی دڵەڕاوکێی کوێرو ترس بووە، دۆخی تایبەتی ئەو بەهۆی ئەو راستییەیە کە شێوازێکی راستەوخۆو روونی بۆ دەربڕینی ئەزمونە سەرەکییەکان بژارکردو بەبێ یارمەتی ئەزمونە فۆرمالیستییەکان ئەم کارەی ئەنجامدا. لەبەرهەمەکانیدا ناوەڕۆک فۆڕمی جوانیناسی هەڵدەبژێرێ، بەم واتایە کافکا دەکەوێتە ریزی نووسەرە مەزنە ریالیستییەکانەوە، لەراستیدا ئەو یەکێکە لەنووسەرە مەزنەکان، لەبەرئەوەی کەمتر نووسەرێک توانیویەتی بەو لێهاتوویییەوە وەسفی زەینی نوێبوونی هەستپێکراوی جیهان بکات.

چۆنییەتی بەرهەمی کافکا قەت بەڕادەی ئەمڕۆ کە زۆربەی نووسەران دەکەونە نێو ئەزمونخوازیی فۆڕمی جوانەوە سەرنجڕاکێش نەبووە، شوێندانەربوونی کافکا هەر تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ سەر راستگۆیی بەگوڕی ئەو کە ئەمەش لەچاخی ئێمەدا زۆر دەگمەنە، بەڵکو بەهۆی ئەو روونییە پۆزەتیڤیشە کە لەدنیای دەئافرێنێ، ئەمە سەرەکیترین سەرکەوتنی کافکایە. کییەر کێگارد دەیوت "تاک هەرچەندە رەسەنتر بێ، زیاتر تووشی سامناکی دەبێ"، کافکا کە لەهزردا کییەر کێگاردێکی نوێیە، ئەم دڵەراوکێیەو جیهانێکی لێکدراو وەسفدەکا کە هەم تەواوکارو هەم هۆکارەکەیەتی.

رەسەنایەتی ئەو لەنێو دۆزینەوەی کەرەستە نوێیەکاندا نییە، بەڵکو لەنێو دەربڕینی تەواو نوێ و هەمیشە سامناکی دنیای ئافرێندراوی و کردەوەی کەسایەتییەکانییەتی لەهەمبەر ئەو دنیایەدا.

ئادۆرنۆ دەنووسێ "ئەو شتەی مرۆڤ سەرسام دەکا سامناکیی بەرهەمەکانی کافکا نییە، بەڵکو راستەقینەبوونی ئەوانە"، ناوەڕۆکی راستەقینەی نووسراوی کافکا، تایبەتمەندیی دڕندانەی دنیای سەرمایەداریی مۆدێرن و لاوازبوونی مرۆڤە لەرووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دنیایەدا، راستگۆیی و نزیکایەتیی ئەو بەدڵنیاییەوە بەرهەمی هێزە ئاڵۆز و دژەکانی کۆمەڵگایە.

ئێستا لەلایەنێکی بەرهەمەکانی دەکۆڵمەوە، کافکا سەردەمایەک دەینووسی کە کۆمەڵگای سەرمایەداریی بابەتی دڵەراوکێی ئەو هێشتا بەلوتکەی کاملبوونی مێژووی خۆی نەگەیشتبوو. ئەو دنیا دڕندانەیەی ئەو باسی دەکرد دنیای تەواو دڕندانەی فاشیزم نەبوو، بەڵکو پاشایەتیی هابسبورگ بوو.

دڵەڕاوکێی هەمیشەیی و وەسف نەبوو لەم دنیا بێزەمان و لێڵ و بێمێژووەدا لەتەوژمێکی فەزای پراگ، بەتەواوی رەنگی داوەتەوە.

کافکا بەدوو شێوە سودی لەدۆخی مێژوویی خۆی وەرگرت. لەلایەکەوە وردەکارییە گێڕانەوەییەکانی دەگەڕێتەوە کۆمەڵگای نەمسای ئەو سەردەمان و لەلایەکی دیکەوە ناراستەقینەبوونی هەبوونی مرۆڤ کە مەبەستەکەی درککردنییەتی، دەتوانرێ بگەڕێنرێتەوە بۆ هەستێکی هاوشێوەی ناڕاستەقینەبوونو نیگەرانیی کۆمەڵگایەک کە ئەو دەیناسی.

بەیەکسان بینینی ئەو کۆمەڵگایە لەگەڵ دۆخی مرۆڤ زیاتر رازیمان دەکا نەک تێڕوانە دواترەکان کە سەرچاوەکەی ئەو دنیا دڕندانەو سامناکەیە کە تێیدا دەبێ زۆر شت بەهۆی ئەزمونخوازیی فۆرمالیستییەوە بسڕینەوە یان بەلێڵی دەرببڕین هەتا ئەو وێنە بێزەمان و بێمێژووە دڵخوازە لەدۆخی مرۆڤ بەدەست بێ.

ئەم تایبەتمەندییە ئەگەرچی هۆی کاریگەریی سەرسوڕهێنەرو هێزی هەرمانی بەرهەمەکانی کافکایە، بەڵام ناتوانێ تایبەتمەندیی لەبنەڕەتدا تەمسیلیی ئەوان بشارێتەوە، لەبەرهەمەکانی کافکادا هێزی سەرسوڕهێنەری وەسفی وردەکارییەکان ئاماژە بەراستەقینەیەکی ئەوپەڕ ئەزمونیی ئیمپریالیزمی کامڵ بوو دەکاو ئەمەش بەهۆی شێوازی کافکاوە لەبێزەمانیدا وێنا دەکرێ، پاژەکان وەکو ریالیزم گرێ پوچکەکانی ژیانی تاکی یان کۆمەڵایەتی دەرناخەن، بەڵکو سیمبولە ئەوپەڕ ئەزمونەکانە کە قەت درک ناکرێن.

هەرچەندە هێزی هاندەر بەگوڕترو دەربەند قوڵتربێ، کەلەبەری تەمسیلیی نێوان واتاو بوون ئاشکراترە، بۆ نووسەر دژوارو ئاڵۆزە، بەڵام دەکرێ کە تێڕوانینی خۆی لەگەڵ خۆی و هاوچەشنەکانی خۆی و بەگشتی جیهان بگۆڕێتەوە، بەدڵنیایی هێزەکانی دژ بەو زۆر بەهێزترن، نیهیلیزم و رەشبینی، هیوابڕاوی و دڵەراوکێ، گومان و بێزاربوون لەخود بەرهەمی ئۆتۆماتیکیی کۆمەڵگای سەرمایەدارییـن کە روناکبیران ناچارن تێیدا بژین.

زۆر کەس لەپەروەردەو شوێنەکانی دیکە بەدژی ئەو راوەستان، بۆنمونە ئەوە بزانن کە رەشبینی بۆ دەستەبژێرانی رووناکبیر فەلسەفەیەکی ئەریستۆکراتی و بایەخدارە هەتا ئەوەی بڕوایەکی بەپێشکەوتنی مرۆڤ هەبێ، یان ئەم بڕوایە راست وەک ئەندامێکی دەستەبژێران بەناچاریی قوربانیی هێزە مێژووییەکانە، یان ئەم بیرە کە سەرهەڵدانی کۆمەڵگای جەماوەریی تەواو کارەساتی، زۆرینەی رۆژنامەکان خزمەت بەجێگیرکردنی ئەم چەشنە لایەنگرییانە دەکەن (لەراستیدا ئەم رۆڵەی ئەوان شێلگیربوونە لەسەر بەربەرەکانیکردن لەشەڕی ساردا).

وادیارە رووناکبیران تەنیا بڕوایان بەبۆچوونە تەواو مۆدێرنیستییەکان هەیە کە دەپەرژێتە سەر ژیان و هونەرو فەلسەفە، لایەنگریکردن لەریالیزم لەهونەردا، لێکۆڵینەوە لەسەر بوارەکانی پێکەوەژیانی پڕ لەتەبایی لەنێوان وڵاتاندا، هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندنی بێلایەنانەی ئەنترۆپۆلۆژی، گشتی ئەوانە رەنگە نووسەر لەهاوکارانی و ئەو کەسانە دووربخاتەوە کە ئەو بۆ درێژەدان بەژیان پشتی پێبەستوون، نووسەرێکی لەئاستی "سارتەر"دا ناچارە لەبەرامبەر ئەم چەشنە هێرشانەدا خۆڕاگریی بکا، بەڵام رەنگبێ بۆ نووسەرێکی گەنجترو نەناسراوتر زۆر مەترسیدارتر بێ، ئەمانەو زۆر شتی دیکە راستیگەلێکی دژوارن، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیربچێتەوە کە هێزەکانی دژ بەتوانستی بەتایبەتی ئەمڕۆژین چالاکن. نووسەرێک کە سەرنجی بەرەو لای بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی خۆی و نەتەوەی خۆی و چەشنی مرۆڤەو بڕیاردەدا کە دژ بەهێزە زاڵەکانی سەر کۆمەڵگا بەربەرەکانی بکا ئەمێستا ئیتر تەنیا نییە، هەرچەندە ئەو لەلێکۆڵینەوەکانیدا سەرکەوتوتر بێ هەڵبژاردنی بەمتمانەترەو هەستی بەتەنیاییشی کەمتر دەبێتەوە، لەبەرئەوەی خۆی بەو هێزانە لەدنیادا گرێدەدا کە رۆژێک بەدەسەڵات دەگەن. سەردەمایەکی کە تێیدا فاشیزم بەدەسەڵات گەیشت وەکو سەردەمای دەسەڵاتی فاشیستەکان و سەردەمای شەڕی ساردی پاش ئەو دەسەڵاتە بەهیچ شێوەیەک بۆ گەشەی ریالیزمی رەخنەیی گونجاو نەبوو، بەمحاڵە چەند کارێکی گرنگ لەم سەردەمایەدا ئەنجامدرا کە نە رەشەکوژیی فیزیکی توانی پێشیان پێبگری و نە گوشاری هزریی، هەمیشە نووسەرانی ریالیزمی رەخنەیی بوون کە لەگەڵ شەڕی ساردو گەرم و هەروەها لەناوبردنی هونەرو کلتوردا دژایەتییان کردووە، بەدرێژایی ئەم بەربەرەکانییە زۆر بەرهەمی هونەریی مەزن ئافرێندران.




www.Dibache.com

پەیکەری فرانس کافکا

# شوێنگەی منداڵ لەئەدەبی منداڵاندا

ئەی. ڤی

ئەوە چییە کە ئێمەی گەورەکان کاتی خۆمانی بۆ تەرخان دەکەینو ناوی دەنێین ئەدەبی منداڵان؟

بۆچوونێکی گشتی هۆکاری نووسین بۆ منداڵان وەها ریز دەکاتو ناویان دەبات:

١- زانینی ئەوەی منداڵان چی دەخوێننەوە.

٢- ناسینی توخمەکانی شیعر یان پەخشانێکی باش.

٣- بوونی هەستگەلێک لەچەشنی هەستی منداڵان.

سەرەتا دەمەوێ لەهۆکاری سێیەمەوە دەستپێبکەم، شەوێ منو ژنەکەم بۆ خواردنی شەو میوانی ژنو مێردێ بووین کە دوو منداڵی سێو پێنج ساڵانیان هەبوو، وا دیاربوو ئەو دوو منداڵە نیگەرانن، چونکە دەبوو بەر لەکاتی دیاریکراوی شەوانی پێشتر بڕۆنە ناو جێگاو بخەون، ئەم دانیشتنو میوانییە جێی ئەوان نەبوو، گەورەکان کەمتەرخەم بوون بەرامبەریان، بۆئەوەی لەو نیگەرانییەیان کەمبێتەوە رێگەیان بەکوڕە گەورەکە دا کە ناوی نیکۆلاس بوو، لەمیوانەکان بپرسێ هەر کامەیان حەزیان لەچ خواردنەوەیەکە، نیکۆلاس زۆر جدیو بەلاساییکردنەوەی حاڵەتی گەورەکان دەستیکرد بەپرسیارکردن، هەر کامەیان شتێکیان دەویست، کە گەیشتە من بەرەو پێشەوە نوشتامەوەو ئارام پێموت "نیکۆلاس تکایە پەرداخێ ئاوی زارم بۆ بێنە"، نیکۆلاس بەسەرسوڕمانەوە پرسی "چی؟"، وتم پەرداخێ تف تکایە!

بۆ چەن ساتێ لێم راماو لەپشت ئەو دەموچاوە فریشتەییەوە پێکەنینێکی زرینگانە دەبیندرا، بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد " ئەم پیاوە پەرداخێ تفی دەوێ"، ئەو شتەی دوای ئەم وتە روویدا سەیر بوو، دوو منداڵەکە وەها هەڵسوکەوتیان دەکرد وەک ئەوەی دەرگای قەفەسێکیان لەسەر کرابێتەوە یان بەندیان لەدەست لا برابێت، دەستیان کرد بەهەڵهاتنو شادی کردن، ئەو کاتەی شادی ئەو دوو منداڵەم بینی، هەستمکرد بەو پەرداخە ئاوە زارە گەیشتووم، ئینجا دایکی منداڵەکان رووی کردە منو وتی "ئێستا دەزانم بۆچی بۆ منداڵان دەنووسی، "ئەوەی ئەو دەربڕیبڕی بەو مانایەبوو دەبێ بۆ ئەم کارە هەستێکم هەبێت لەچەشنی هەستی منداڵان، بۆئەوەی بتوانم بچمە دەروونی منداڵانەوە دەبێ وەک منداڵان بنووسم. دووەم هۆکار کە لەنووسین بۆ منداڵاندا پێویستە بزانین، ئەوەیە دەبێ بزانین منداڵان چی دەخوێننەوەو دەیانەوێ چی بخوێننەوە، ئەگەر ئێوە کتێبێکی دڵخوازی خۆتان لەبواری ئەدەبی منداڵاندا لەتەنیشت کتێبێکی وەک "پشیلەی کارفیلد" یان "کلووپی پارێزگاری لەمنداڵان" یان "دۆڵی گەورەی شیرینی" دانێنو داوا لەمنداڵێک بکەن یەکێکیان هەڵبژێرێ، تا ئێستا لەخۆتان پرسیوە کامیان هەڵدەبژێرێ؟ من لاموایە ناسینی توخمەکانی شیعر یان پەخشانێکی باش ماناو ناوەڕۆکی ئەدەبی منداڵان پێکدێنێ، نەک سادە نووسین.

با پرسیارێکی سەرەکی بپرسین، ئەو منداڵە کێیە ئەم ئەدەبەی بۆ دەنووسرێ؟ ئاخۆ ئەو هەمان ئەو منداڵە دوازدە ساڵەیە چەکێکی بەدەستەوەیەو لەشەقامەکانی شاردا دەگەڕێ؟ ئاخۆ تازە لاوێکی ئەمریکاییە کە خوێندنی کۆلێژی تەواوکردوەو کۆتایی حەوتەو دێتەوە ماڵ بۆئەوەی دایکی جلەکانی بشوات؟ ئەمڕۆ لەپەراوێزی شارەکاندا ئەو منداڵانەی کەس دەکوژن زۆرن، بەڵام ئەوان لەبەر تەمەنیان پێیان دەوترێ منداڵ، بۆچی ئەم کارانەیان لێ دەوەشێتەوە؟ چونکە کلتوری ئێمە ئەوانی لەخۆی دوورخستۆتەوە، ئەوان سەردەمی منداڵییان نییەو بۆ زیندوو مانەوە کاری گەورەکان دەکەنو وەک ئەوان هەڵسوکەوت دەکەنو کەس دەکوژن، کەوایە ئەو کاتەی دەربارەی ئەدەبی منداڵان قسە دەکەین زۆر گرنگە لەخۆمان بپرسین کامە منداڵ؟ خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە ئەدەبی منداڵان بەپێی کات، شوێن، نەتەوەو.. جیاوازی هەیە. با ئێستا بزانین ئەدەبی منداڵ چی دەگرێتەوەو چی ناگرێتەوە؟ بۆ ئەم مەبەستە با رۆڵی منداڵ لەئەدەبی منداڵاندا لێکبدەینەوە، منی نووسەر کتێبێ دەنووسمو دەیدەم بەناوەندی چاپو بڵاوکردنەوە، لەوێدا بڕیاردەدەن نووسراوەکەم چاپ بکەن یان نا، ئەگەر چاپ ببێ لەلایەن گەورەکانەوە، دیزاین، هەڵەچنی، پڕوپاگەندە، هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێو تەنانەت لەلایەن ئەوانەوە خەڵات دەکرێ، سەرەنجام ئەمە گەوەرەکانن کتێبەکان دەخەنە ناو قەفەسەکانەوەو دەیچننو دەیفرۆشن، تەنهاو تەنها لەم کاتەدا کتێبەکە دەکەوێتە دەست منداڵان، لەم کاتە دایە دێتە دنیای ئاڵۆزی ئەدەبی منداڵانەوە، بەم شێوەیە، منداڵان دەکەونە پلەی کۆتایی، ئەوان خوێنەرو کەڵک لێوەرگرن، نەک داهێنەر.

دەزانین ئەدەبی منداڵان لەلایەن گەورەکانەوە دەنووسرێو منداڵان تەنها لەرووی نێوو رواڵەتی کتێبەکەوە دەیکڕن، هەرچەند زۆربەی کات ئەو کتێبەی دەیکڕن لەلایەن قوتابخانە، دایکو باوک یان رادیۆو تەلەڤزیۆنەوە بەسەریاندا دادەسەپێ، با بێپەردە ئەم راستیە بخەینەروو کە ئەدەبی منداڵان زۆرتر پەیوەندیدارە بەگەورەکانەوە نەک منداڵان، ئەمە پاڕادۆکسێکە، ئەدەبیاتی منداڵان لەلایەن ئەو گەورانەوە دەنووسرێ کە نازانن منداڵان هۆگری چ دەقگەلێکن، یان ئەوەی دەینووسن لەباری سیاسیو ئایینەوە بۆ منداڵان باش نییە.

بۆئەوی نووسراوێکی باشو شیاو بۆ منداڵان بنووسین نابێ بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی منداڵی، بەڵکو دەبێ تێگەیشتنی گەورەکان لەمنداڵی لەبەرچاو بگرین، دەبێ منداڵانو جیهانی منداڵی بەو شێوەیەی درکیان دەکەینو لێیان دەگەین لەکتێبەکاندا بێنین، ئەگەر ئاوڕ لەچیرۆکە خەیاڵییەکان بدەینەوە زۆر باشتر لەم شتە دەگەین، ئەو شتانەی لەچیرۆکە خەیاڵییەکاندا باسیان لێدەکرێ راستن، ئێمە راستییەکان ناگۆڕین بەوەی بەدڵی منداڵان بێت، بەڵکو مەبەستمان لەپەیوەند لەگەڵ راستییەکان دەگۆڕین، تێگەیشتنی نازانستیانەی منداڵ رەنگە ئەمە بێت کە خۆر بەدەوری زەویدا دەگەڕێ، ئێمە گەورەکان دەزانین واقیع شتێکی ترە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئاخۆ دڵنیاین ئەم گریمانەیە راستە؟ بۆ خۆم هیچکات ئەم گریمانەیەم تاقی نەکردۆتەوەو ناشتوانم بیسەلمێنم، بەڵام دەزانم بیرکردنەوەی گەورەکان راستە، هەر بۆیە ئەو کتێبە زانستیانەی بۆ منداڵان دەنووسرێن وێنایەک دەدەن بەدەستەوە کە لەگەڵ دنیای ئەواندا جیاوازی هەیە.

لەچیرۆکە ریالیستییەکاندا، ئێمە ئەزمونی جیهانی ئاڵۆزی خۆمان بەجۆرێ دەگێڕینەوە کە منداڵان بتوانن لێی تێبگەن، ئەزمونی راستەقینەی خۆمان ناگۆڕین، بەڵکو بەجۆرێ دایان دەڕێژین کە منداڵان بتوانن لێی تێبگەن ئەمەش سادە نییە، ئێمە بەمشێوەیە راستییەکان بەجۆرێ دەگێڕینەوە بۆئەوەی منداڵان کە کەم ئەزمونترن لێی تێبگەن، وەک چۆن کتێبێکی زانستی راستییەکان دەردەبڕێ، ئەو چیرۆکانەش کە ئێمە دەیاننووسین هەوڵدانێکە بۆئەوەی راستییەکان لەزمانی گەورەکانەوە بۆ منداڵان بگێڕینەوە.

منداڵان دەتوانن وێناگەلێکی جوان پێشکەشبکەن، لەبواری ئەدەبدا شیعرگەلێکی جوان دەهۆننەوە کە زۆرتر لەخەیاڵیانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو پێشکەوتنە سەیرانەی کە لەنووسینی منداڵاندا دەبینرێت، جێگای سەرسوڕمانەو پێویستە شتیان لێفێربین. ئەوە لەبەرچاو بگرن ئەگەر ماوەیەکی زۆر تەرخان دەکرێ بۆ کاری منداڵان بۆ ئەوەیە لەگەڵ رۆشنبیریو ئاستی تێگەیشتنی گەورەکانو هەروەها منداڵانیشدا بێتەوە، ئەم جۆرە بەرهەمانە دڵی هەردوولا رادەگرێو جۆرێ هاوئاهەنگی لەنێوان پارادۆکسەکان تەنها بەشێوەی هونەری پێکدێ، بەڵام ئەگەر جۆرێ هاوئاهەنگی لەنێوان ناکۆکیو پارادۆکسبوونەکاندا نەبێ، مەودا ساز دەبێ، لێرەدایە ئەو کتێبانەی گەورەکان هەڵیدەبژێرن منداڵان نایخوێننەوە؟ من لاموایە، ئێمە لەچوارچێوەی ئەدەبی منداڵاندا، چیرۆکێک دەنووسین بۆئەوەی منداڵان لەدنیای نائارامی گەورەکان ئاگادار بکەینەوە، لێرەدایە هەڵسوکەوتی ریالیستانەو کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێ، هەرشتێ لەجیهانی گەورەکاندا هەڵەیە، زۆربەی کات لەبەرئەوەیە ئارمانەکانی ئێمە لەسەردەمی منداڵیدا بەدی نەهاتوون، ئەدەبی منداڵان رێگەی ئەوە بەئێمەی گەورەکان دەدات بەگەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێک، هەندێ گۆڕان لەم بارەیەوە پێکبێنینو منداڵ دەتوانێ رێکوپێکیان بکات، کەوایە ئێمە دەربارەی منداڵان کتێب دەنووسین، چونکە ئەوان کۆمەڵێک بۆچوون لەپەیوند بەئازار، گوشارو کۆتو بەندەکان دەخەنەڕوو، گوشارێ کە ئێمە لەدنیای گەورەکاندا هەستیان پێدەکەین، بەواتایەکی تر بەشاردنەوەی دڵەڕاوکێو نیگەرانییەکانمان هەوڵمان ئەوەیە بۆ منداڵان بنووسینو ناوی دەنێین ئەدەبی منداڵان، چیرۆکەکان دەربارەی هەڵاواردنو نادادپەروەریو نەسازانە لەدنیای گەورەکاندا، خەباتی بەردەوامی چاکەیە دژ بەشەڕ.

بەم چیرۆکانە بەمنداڵان دەڵێین رزگارمان بکەن لەوەی لەداهاتوودا بەسەرمان دادێ، ئێمە رزگار بکەن لەوەی فێرتانی دەکەین بەوەی وا بن، بەڵام گاڵتەجاڕو پێکەنینهێنەر ئەوەیە کە ئەم چیرۆکانە زۆربەی کات دەربارەی چۆنیەتی چوونە ناو جیهانی گەورەکانە، کەوایە ئەدەبی منداڵان هاوارێکە لەلایەن گەورەکانەوە بۆ منداڵان بەوەی یارمەتیان بدەن، ئەدەبی منداڵان زۆربەی کات قوڵترین مانایەک کە دەیدا بەدەستەوە، چیرۆکی فێربوونی زانستمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام چ بەزمانی راستەقینەو چ بەزمانی خواستراو، ئەم زانستە سەر بەسەردەمی منداڵییە، ئەم کۆتاییپێهێنانە سەرکەوتووانەیەو ئەم هونەرە کە منداڵ هاندەدا بەوەی بێتە دنیای گەورەکانەوە، بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە جۆرێ شکستو داڕووخانە، شکست بەو مانایەی زۆربەی کات کۆتایی چیک کۆتایی واقیعە.

لەئەدەبی منداڵاندا هەندێ جار بەمنداڵان دەڵێین "ئەو کارەی ئێمە کردمان ئێوە مەیکەن، ئێوە لەئێمە باشتر بن، تکایە جیهان بەو شێوەیەی چاوەڕوانی دەکەین دروستبکەن، ئەو هەڵانەی ئێمە کردمان ئێوە مەیکەن، واتە گەورە مەبن"، لەهەمانکاتدا وەک ئەوە وایە بەمنداڵان بڵێین "گەورەبوون ناخۆشترین قۆناغی تەمەنی مرۆڤە"، بەڵام ئێمە دەبێ گەورەبین، وەک ئەو رێبوارانەی دەچنە وڵاتێکی ترو شتی زیاتر دەربارەی وڵاتەکەیان فێردەبن.

ئێمە ئەو کاتەی لەبەهەشت هاتینە دەرەوە بەهەشتمان دۆزییەوە.

و: مستەفا زاهیدی





# پرسی هەڵاواردنی رەگەز لەئەدەبی منداڵاندا

مارێۆن دان بۆر

چەند ساڵ لەمەوپێش، خاتوونێ بەکاغەزێکی دەستنووسەوە کە چیرۆکێکی تێدا نووسرابوو هاتە نووسینگەی کارەکەم، ئەم چیرۆکە یەکەم بەرهەمی ئەو خاتوونەبوو، چیرۆکەکە لەبارەی کچێکی سێزدە ساڵەوەبوو، نووسراوەکەی زۆر جوان بوو، بابەتی چیرۆکەکە زۆر جوان خرابووەڕوو، هەڵسوکەوتی کەسایەتی چیرۆکەکە تەواو بەجێبوو، زۆرکەم شڵەژاوی تێدا دەبیندرا، ئەو کچە سێزدە ساڵە هەندێ بۆچوونی هەبوو سەبارەت بەکوڕەکان، زۆربەی جار لەگەڵ خوشکو هاوڕێکانیدا لەم بارەوە چپە چپیان دەکردو لەخۆڕا پێدەکەنین، کچەکە لەوەی لەلایەن باوکو دایکییەوە بەردەوام چاودێری دەکراو کارەکانی کۆنترۆڵ دەکرا، زۆر نیگەرانبوو، ئەم کارەی پێناخۆشبوو.. دەربڕینی بەهێزو نووسینی جوانی نووسەر، کۆمەڵێک راستی دەربارەی کچانی تازە لاو بۆ خستمەڕوو، بۆوێنە بۆچی بابەتی کچانی تازەلاو، بەپێی گرنگیان، لەچیرۆکەکانی ئێمەدا کەمتر باسیان لێوە کراوە؟ بۆچی کێشەو گرفتو ئەزمونو بابەتەکانی پەیوەندیدار بەپیاوان پڕبایەخن، بەڵام کێشەو پرسو ئەزمونو بابەتەکانی تایبەت بەژنان بێبەهان؟ لێکۆڵەرو نووسەرێکی هاوچەرخ بەوردبوونەوە لەو کتێبانەی خەڵاتی نێوبریان پێبەخشراوە دەڵێ "لەم کتێبانەدا ژمارەی کەسایەتییە سەرەکییە نێرەکان لانیکەم دوو بەرابەری کەسایەتییە سەرەکییە مێیەکانە، تەنانەت ئەگەر قارەمانی چیرۆکەکان ئاژەڵ بن، ژمارەی کەسایەتییە نێرەکان چوار ئەوەندەی کەسایەتییە مێیەکانە."

ئاخۆ نێر بوونو ژیانیان بۆ منداڵان گرنگترو پڕبایەخترە؟ بۆ خۆمان چی؟ ژنانو کچان لەماوەی پێنج دەیەی رابردوودا رێگایەکی دوورو درێژیان لەئەدەبدا بڕیوە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەو ئامارانە ئاماژەن بەوەی ئێمە هێشتا لەکۆمەڵگایەکدا دەژین کە لەودا گرنگییەکی تایبەت دەدرێ بەرەگەزیو جێندەر. بەم دواییانە لەکتێبی منداڵاندا جەختی زۆر کراوەتەوە بۆ خولقاندنی کەسایەتی بەهێزی مێ، ئەو کتێبانەی تێدەکۆشن "سەرچەشن"و ئولگویەکی باش بۆ کچانو ژنانی گەنج بدەن بەدەستەوە، بەڵام دەبێ ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت ئێمە چ چەشنە کەسایەتییەک بە"بەهێز" دەزانینو بەشوێن چ جۆرە ئولگوو، تیپو سەرچەشنێکەوەین.

بۆ وەستانەوە دژ بەپرسی هەڵاواردنی رەگەزیی دەبێ بەشوێنێ بگەین کە لامان وابێ وانییە کە هەردەم دایکان خەریکی چێشتلێنانو جلشۆردن بن، یان کچان لەژیانیاندا کەسانێکی بێتواناو بێئیرادەنو ئەوەی کە تەنها ببن بەگراوو خۆشەویستی کوڕێ ئامانجی ژیانی ژنانی گەنجە.

ئەم شتە زۆر گرنگە کە ئێمە وەک بارهێنەرانی دکتۆرەکان، سەربازو بەڕێوەبەرانی داهاتوو چاو لەدایکان بکەین، کچان وەک کەسانێکی بەتواناو بەرپرس بناسین کە رۆڵێکی زیاتریان هەیە لەوەی ئێمە بیری لێدەکەینەوە، رۆڵێک سەرتر لەزەماوەندکردنو پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی.

هێشتا رێگایەکی دوورمان لەبەرە بۆ نەهێشتنی کێشەی هەڵاواردنی رەگەز کە درزی کردۆتە ناو تانوپۆی ژیانو ئەدەبی ئێمەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین لەرێگای هەڵبژاردنی ئەو چیرۆکانەوە کە لەودا کچان "بەڕادەی" راست "وەک" کوڕان بەکەڵکنو بەهەڵبژاردنی ئەو چیرۆکانەی کە لەودا ئەزمونو وێناکانی ژنان زۆر گرنگو بێوێنە خراونەتەڕوو، دەتوانین دژ بەپرسی هەڵاواردن بوەستینەوە.

# گفتوگۆی گۆڤاری (سیسیرۆ) لەگەڵ کۆنراد پاوڵ لیسمان

## پرۆفیسۆری فەلسەفە لەزانکۆی ڤییەناو نووسەرو رەخنەگری کلتور

لەئەڵمانییەوە بۆ کوردی:
سەلام عەبدوڵڵا

**بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٥٠ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شۆپنهاوەر کە یەکێکە لەفەیلەسوفە بەناوبانگەکانی سەدەی نۆزدەیەم، ئۆلیڤەر ییەگش بۆ گۆڤاری (سیسیرۆ) ئەم گفتوگۆیەی سازداوە لەگەڵ فەیلەسوف لیسمان لەبارەی رەشبینییە بەناوبانگەکەی شۆپنهاوەرو فەلسەفەکەیو تا چ رادەیەک پەیوەندی لەگەڵ ئاژەڵناسیو توێژینەوەی ئەمێستای مێشکو کارەساتە سروشتییەکانەوە هەیە.**

........................................

**سیسیرۆ:** ئەمڕۆ (ئارتوە شۆپنهاوەر) وەک رەشبینو میسانتروپ (دژایەتی مرۆڤ)و دوژمنایەتی ژنان بەبیردەهێنرێتەوە، ئایا ئەمە کلێشەیەکە یان حەقیقەتە؟

**لیسمان:** وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، ئەوەی بەدڵنیاییەوە راست بێت، شۆپنهاوەر کەسێکی رەشبینبوو، بەڵام بەمانایەکی فەلسەفی ورد، گەشبینی بەمانا فەلسەفییەکەی ئەو باوەڕهێنانەیە کە ئێمە لەگونجاوترین هەموو توانا جیهانییەکان دەژین کە ئەمەش پرۆژەکەی (لایبنز) بوو، لەبەرامبەریدا شۆپنهاوەر ئاوازگەلێکی زۆری نووسیبوو بەمانایەک کە ئێمە نەک لەگونجاوترین جیهان دەژین، بەڵکو لەخراپترین هەموو توانا نەشیاوەکانی جیهان ژیان بەسەردەبەین، بەبۆچوونی شۆپنهاوەر، جیهان بەشێوەیەک ئەفرێندراوە کە ئەگەر هەموو شتێک نەختێک خراپتر ببێت، بۆنمونە مەرجەکانی کەشوهەوا، لەناودەچێت.

**سیسیرۆ:** ئەی لەسەر ئاستی کەسایەتییەکەی؟

**لیسمان:** سەرەتا وەک گەنجێک لەگەشتەکەیدا بۆ وڵاتە ئەوروپییەکان، بەو تێگەیشتنە گەیشت کە (ئازار) کاکڵەی ژیانی مرۆڤەو ژیانێک کە زۆر لەژێر ئازاری سەپێنراو بێت، ناتوانرێت چاوەڕوانی ژیانێکی باش یان خۆشبەختی لێ بکرێت، تا رادەیەک بۆ ئەم تێگەیشتنە، جۆرە دژایەتییەک بۆ مرۆڤ لەگەڵ کەسەکانی دەوروبەری هاتە پاڵیەوە، لەپەیوەندییە نەگبەتیەکانی لەگەڵ ژنانو نائارامیەکەی لەگەڵ دایکی، بوون بەهۆی دروستبوونی وێنەیەکی خراپ سەبارەت بەمێیینە لەلای شۆپنهاوەر.

**سیسیرۆ:** بۆچی دەبێ مرۆڤ لەو سەردەمە کە هەوڵدان بۆ خۆشبەختیو بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ برەوی هەبوو، پەنایان بۆ ئەم دەبرد؟

**لیسمان:** دەتوانم بڵێم لەبەرئەوەی شۆپنهاوەر لەسەدەیەکدا دەژیا کە زۆر بەرەو پێشکەوتن هەنگاوی دەناو زۆر پۆزەتیڤبوو، گەورەترین بزاوتی سروشتناسیو تەکنیکی بەخۆیەوە بینی، هەروا بەم مانایە وتویەتی کە سەرەڕای شەمەندەفەرو باڵۆنو تەکنیک، مرۆڤ رووەو بەربەرییەت دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئێمە بیر لەجەنگ، کۆمەڵکوژیو وێرانکارییەکانی سەدەی بیست بکەینەوە، ئەوا دەبێ دان بەهەندێ لەپێشبینییە بەهێزەکانی بنێین.

**سیسیرۆ:** بەختەوەری بەبۆچوونی شۆپنهاوەر ناتوانرێت بەبەردەوام دروستبکرێت؟

**لیسمان:** شۆپنهاوەر بڕاوی وابوو کە ئەو بۆچوونە کە پێیوایە دەکرێ بەرێگای بیرکردنی پۆزەتیڤەوە بەبەردەوام بەبەختەوەری بگەینو شتەکان بەرەو باشی برۆن، هەڵەیەکی بنەڕەتییە، گومان نییە لەبوونی چرکەساتی خۆشی، بەڵام لەبەراوردکردنی بایەخەکەی لەگەڵ ژیانی واقعیمانەوە، دەبینین تەنها هەر چرکەساتە، هەروا بۆ ئەم هەوڵەو بۆ ئەوەی شتەکان وەک خۆیان ناویان بنێین نەک بەخۆ وێناکردن نائومێد ببین، دەیهێنێ نووسینەکانی شۆپنهاوەر بخوێنینەوە.

**سیسیرۆ:** بارودۆخی شۆپنهاوەر چۆن بوو؟ بەرهەمە گەورەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ نەفرۆشرا؟

**لیسمان:** لەراستیدا ئەوە یەکەم لەچاپدانی شابەرهەمەکەی بوو (جیهان وەک ویستو لێکدانەوە) کە بەدەگمەن لێی فرۆشراو خەریکبوو بەتەواوەتی بێکەڵک ببێت، ئەگەر بژێوییەکەی شۆپنهاوەر لەسەر نووسین بوایە، ئەوابەنەگبەتی برسی دەبوو، بایەخو بەناوبانگیو کاریگەرییەکەی رووبەڕووی دواکەوتن دەبووەوە، ئەگەر تەنها بیر لەریشارد ڤاگنەر بکەینەوە ئەوا دەبینین بەرهەمەکەی (Ring des Niblungen) پێشکەش بەئەو کرد، لەراستیدا شۆپنهاوەر لەهەموو کەسایەتیەکانی سەردەمەکەی کە لەخۆی بەرزتربوون وەک هیگل، شیلینگ یانفیختە، بەناوبانگتربوو، پێش هەموو شتێک لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست کاریگەری گەورەی لەناو هونەردۆستانو هونەمەندان هەبوو، هەروا پاشان لەهەمووی زیاتر جوانناسیو لێکدانەوەکەی بۆ جوانییەکان زیاتر لەناوەندە راستییەکانی مەعریفەدا کاریگەری خۆی دانا.

**سیسیرۆ:** لەمشتومڕە فەلسەفییەکان کامەیان زیاتر ماونەتەوە، حیکمەتەکەی یان سیستمەکەی شۆپنهاوەر؟

**لیسمان:** لەناو فەلسەفەی ئەکادیمی هیچیان رۆڵی گەورەی خۆیان نەبینیوەو ئەمەش جێگای داخە، چونکە پێموایە لێکدانەوە سیستماتیکیەکەی بۆ تیۆری مەعریفە، جوانناسیو رەوشتیش لەرادەبەدەر بەرهەمدارن، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانیشە ئێستا لەرێگای توێژینەوەی هاوچەرخ بۆ مێشکو رۆشنایی بیروڕاگۆڕینەوە لەبارەی ئازادی ئیرادە بۆ شۆپنهاوەر ناگەڕێنەوە، چونکە ئەو یەکەم کەسبوو نوێنەرایەتی تێزی (ئازادی وەهمە) کردو بەهەمان ئەم بەڵگەهێنانەوە کە ئەمڕۆ دەیهێننەوە، بەڵێ، بەبۆچوونی شۆپنهاوەر مرۆڤ دەتوانێ ئەو شتە بکات کە دەیەوێت، بەڵام ناتوانێ ئەو شتەی بوێت کە دەیەوێت، ئەوەی بەویستەکانمان دەیزانین هەمیشە لەلایەن خۆمانەوە وەک حەقیقەتگەلی کۆنترۆڵکراو پێناسە نەکراون، ئەگەر یەکێک شۆپنهاوەر بخوێنێتەوە دەردەکەوێ کە هەندێ لەتێزەکانی توێژینەوەی مێشک کە ئەمڕۆ دەکرێ، رەسەن نین وەک هەندێ جار بەرەسەن پیشانیان دەدەن.

**سیسیرۆ:** ئەی لایەنگرییەکەی؟

**لیسمان:** ئەوەی پەیوەندی بەشەعبیەتییەکەیەوە هەیە ئەوامۆرکی حیکمەتەکانی (ئەفۆریستەکانی) و هەوڵەکەی بۆئەوەی فەلسەفە وەک حیکمەتی ژیان دابرێژێتو وەک رێپیشاندەر لەمشتومڕە گشتییەکاندا بەهێزی بکات، یەکێک دەبێ بڕوانێت چ بەرهەمێکی شۆپنهاوەر لەبازاڕەو کامەیان دەکڕدرێتو دەخوێنرێتەوە، هێشتا بەرهەمەکانی (Die Kunst، Recht zu behalten) یان (Die Kunst، mit Frauen umzugehen) زیندووەو بەلانی کەمەوە دەست بەدەست دەکرێنو ئەمەش هۆی باشی خۆی هەیە، لەبیری نەکەین، شۆپنهاوەر یەکەم کەس بوو پەی بەوەبرد کە ژیانمان چەندە لەلایەن تەماحو غەریزەکانو هاندەرە ناکۆکەکانو سێکسوالیتییەوە دەسەڵاتی بەسەردا دەگیرێتو بەمە شۆپنهاوەر پێشەنگی شەرعی سیگمۆند فرۆیدەو ئێمەش وەک جاری جاران بەرژەوەندیمان لەوەیە بزانین چ شتێک، بیرو هەستو مامەڵەکردنمان بەڕێوە دەبات.

**سیسیرۆ:** شۆپنهاوەر زۆر لەژێر کاریگەری ئەفلاتۆنو ئیمانوێل کانتە، ئایا لەفەلسەفەکەیدا چ شتێکی تازەو تایبەتمەند هەیە؟

**لیسمان:** هەوڵەکانی بریتی بوون لەوەی کە ئێمە بەرێگای بڕواکردنمان بەهۆشیاری خۆ، ئەقڵانییەتو تاکایەتیمانەوە بتوانین هەستکردن بەخۆمان بەجدی وەرگرینو هۆکارەکان بەتۆکمەیی هەڵسەنگێنین، واتە ئەو زاراوەیە کە بەدحاڵیبوونی لەسەرەو شۆپنهاوەر "ئیرادە"ی بۆ بەکارهێنا، ئیرادە: ئەمە باڵادەستی کارتێکردنی شاراوەی یاسای سروشتە کە هەموو لەسایەیدا دەژین، لەبەرامبەریدا "تێڕامان"ەکانمان لەبارەی خۆمانو جیهان چەقیخواردووەو بەهەمان شێوە هەوڵە زۆرەکانمان کە زۆر جاریش بەهەڵەدا دەچووین بۆ وەسفکردنو شرۆڤەکردنی جیهان، ئەوەی لەئاستی فەلسەفەدا سەرەنجراکێشە ئەوەیە، چۆن هەوڵیداوە رەهەندەکانی بوونمان لەجیهان پێکەوە گرێبدا، لەم هەوڵەیدا هونەر بەتایبەتی مۆزیکا رۆڵی بڕیاردەر دەبینێ. دووهەم خاڵی بۆچوونە رەسەنەکەی لەرەوشتی بەزەییدایە، لەم بۆچوونە شۆپنهاوەر بڕیاریدا لەرەوشتی عەقڵی کانتو لەئەریستۆتالیسو پرۆژەی رەوشتی مەسیحی دوور بکەوێتەوە، بەبۆچوونی ئەم رەگوڕیشەی رەوشت لەچالاکییەکانمانەوە سەریهەڵداوە، چونکە خۆمان بوونەوەرگەلێکی بەئێشو ئازارینو لەگەڵ ئەوانیتر ئازار دەکێشین، کارتێکردنی لابەلای سەرنجڕاکێشی تری ئەم رەوشتی ئازارکێشانە ئەوەیە کە مەبەستی شۆپنهاوەر لەم توانایە تەنها لەپەیوەست لەگەڵ ئازاری مرۆڤ نییە، بەڵکو لەگەڵ توانای ئازارکێشانی ئاژەڵەکانیشە، لەبەر ئەم هۆیە مافی خۆمانە بەزانای گەورەی رەوشتناسی ئاژەڵانی بزانین.

**سیسیرۆ:** شۆپنهاوەر لەیەکەم بیرمەندە رۆژئاواییەکانە کە زۆر لەژێر کاریگەری حیکمەتەکانی رۆژهەڵاتەو لەپێش هەموویانەوە، لەژێر کاریگەری بودایزمە؟

**لیسمان:** زۆرێک لەفەلسەفەکەی تێگەیشتنەکانی بودایزممان بەبیردەهێنێتەوە، وەک دووپاتکردنەوەی ئازارکێشانو بەهەمانشێوە تێگەیشتنی ئەوەی کە جیهان بەڕاستی وەهمەو لە"پێچەکەی مایا"ی بەناوبانگ باسی دەکات، لەژیانماندا دەبێ سەرکەوتن بەسەر ئازارکێشان ئامانجی راستەقینەمان بێت، ئەمەش نەک بەبڕوامان بەیۆتوپیای خۆشحاڵی یان بەبەڵێنی پێشکەوتن دەکرێت، بەڵکو لەهەوڵدانمان بۆ سەرکەوتن بەسەر غەریزەی ئارەزوو کە لەرێگای ژیانماندا قامچیکاریمان دەکات.

**سیسیرۆ:** ئایا شۆپنهاوەر بەشێوەیەکی کۆنکرێت رێگای دەربازبوون لەئازارکێشان، بەدەستەوە دەدا؟


**لیسمان:** شۆپنهاوەر دوو ستراتیژی دەناسی: رێگای زوهد کە مەبەستی خۆئازاردان نەبوو، بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ کپکردنی ئارەزووەکانو ئەویتریان هونەری تێڕامانە کە دەتوانین تێیدا نوقم ببینو وامان لێدەکات هەموو شتێکی ترمان لەبیربچێتەوەو لانیکەم بۆ چرکەساتگەلێک لەئارەزووەکانمان ئازادمان بکات، ئەم بارودۆخە دووبارە حاڵەتی بێئازاری نێرڤانامان بەبیردەهێنێتەوە، وەک لەبودیزم روودەدا.

**سیسیرۆ:** هێشتا دەتوانین ناوی فەلسەفەی شۆپنهاوەر بنێین مۆدێرن یان دەمێکە رۆشناییەکەی لەدەستداوە؟

**لیسمان:** فەلسەفەی شۆپنهاوەر دەتوانێ بەبەردەوام ئامادەیی خۆی دووپاتبکاتەوە، بەتایبەتی کاتێک گەشبینییەکەمانو بڕوامان بەپێشکەوتن رووبەڕووی شکستهێنان دەبێو هۆشیاردەبین بەکۆتایی خۆمانو وێرانبوونی بوون، ئێمە دژی بەڵێنەکانی پزیشکین بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیو پەتاکان تەنانەت لەسەدەی بیستو یەکیشدا، ئێوە تەنها بیر لەکارەساتە سروشتییەکان بکەنەوە، بۆنمونە ئەو بومەلەرزەیەی کە پێش ماوەیەکی کورت لەهایتی روویدا، ئەوە کوتومت وێنەی ئەو ئازارە مرۆییانەیە کە ئێمە بەڕێگای کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە چاومان لێبوو، شۆپنهاوەر بۆ فەلسەفە رەشبینییەکەی نزیککردووە، ئەگەر ئێمە خۆمان لەو ئازارە کە خۆی لەو وێنانە دەردەبڕێ، نەدزینەوە، ئەوا ئێمەش زیاد یان کەم وەک شۆپنهاوەر بیرماندەکردەوە.

**سیسیرۆ:** ئەی رێڕەوی ئێوە بۆ شۆپنهاوەر چۆنە؟

**لیسمان:** لەپاڵ جوانناسیو رەوشتناسی بەزەیی دەتوانم پێش هەموو شتێک زۆر لەزمانەکەی سودمەند ببم، ئەو لەئاستی زمانەوانی بلیمەتبوو، زنجیرەیەک لەرستەگەلی دەگمەنی نووسیبوو، دێڕو وێنەگەلی دۆزیوەتەوە کە هێشتا برەوی هەیەو دەتوانین بەسەرسوڕهێنەریان ناوزە دبکەین، ئەوەی بەشێوەیەکی تایبەتی شەیدای شۆپنهاوەری کردووومو کەمتر پەیوەندی بەهەوڵەکانییەوە هەیە بۆ دارشتنی سیستمێکی فەلسەفیو زیاتر ئەو لایەنەیە کە فەلسەفەکەی خۆیشم دیاریکردووە، ئەوەیە کە هەمیشە دووپاتی پەیوەندی فەلسەفە لەگەڵ ژیان کردووە، فەلسەفە تەنها بوارێکی ئەکادیمی نییە، هێرشی شۆپنهاوەر لەسەر فەلسەفەی ناو زانکۆ لوتبەرزەکان ئێستاش ئامادەیی هەیە، مرۆڤ بیرناکاتەوە لەوەی داخۆ وتارەکەی لەچ رۆژنامەیەک بڵاودەبێتەوە کە رەنگە لەلایەن پێنج هاوپیشەوە بخوێنرێتەوەو پاشانیش بڕیار بدەن داخۆ بۆ سەرکەوتنی ئەکادیمی بەس دەکات یان نا، بەڵکو مرۆڤ بیردەکاتەوە، چونکە پەیوەندی بەژیانو مردنو لەلایەکی ترەوە بەژیانو مردن لەگەڵ کەسانی ترەوە هەیە، چونکە پەیوەندی بەشێوەو پرسیارو کێشەکانی پێکەوە ژیانمانەوە هەیە، ئەمانەن کە منیان بەشۆپنهاوەر سەرسامکردووە.


شۆپنهاوەر

> بەبۆچوونی شوپنهاوەر مرۆڤ دەتوانێ ئەو شتە بکات کە دەیەوێت، بەڵام ناتوانێ ئەو شتەی بوێت کە دەیەوێت، ئەوەی بەویستەکانمان دەیزانین هەمیشە لەلایەن خۆمانەوە وەك حەقیقەتگەلی کۆنترۆڵکراو پێناسە نەکراون

> شوپنهاوەر یەکەم کەس بوو پەی بەوە برد کە ژیانمان چەندە لەلایەن تەماحو غەریزەکانو هاندەرە ناکۆکەکانو سێکسوالیتییەوە دەسەڵاتی بەسەردا دەگیرێت

# بنەماکانی ریفۆرمی ئایینی

سەلمان نادر
بەشی دووەمو کۆتایی



## ئایا ریفۆرم لەکوێدا دەکرێت؟

ئایینی یەکەم وەک خۆی هەڵگری ریفۆرم نییە بەو مانایەی ئێمە ناتوانین قورئان بەرهەمبهێنین، ناتوانین لێی لاببەینو ناشتوانین بۆی زیادبکەین، ناتوانین فەرمودە ئەگەر بۆمان سەلما فەرمودەیە لاییببەین، ناشتوانین بۆ خۆمان فەرمودە زیادبکەین، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەکرێ بیکەین لابردنی هەموو ئەو کەسو مرۆڤانەی ترە کە بوونەتە موقەدەس، یا راستتر بڵێین موقەدەس کراونو بۆچوونەکانیان براونەتە ئەو ئاستەی وەک ئاینی ١ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت کە زۆر بەڕوونی لەئاینزای شیعەدا دەردەکەونو لای هەندێک لەتەریقەتەکانی سۆفیگەریش (دەروێشیزم) دەردەکەون کە کەمتر لەتەریقەتی نەقشبەندیدا بوونی هەیە (وەک تەریقەتێکی باو)، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نا لەو تەریقەتەدا کەسانێک نین بەوشێوەیە بن، ئەو کەسانە بگرە لەڕووی تەقدیسکردنەوە زیاتر لەو ئاستەشیان پێدراوە، قەیرانی سیاسی ئێران لەیاسای بنەڕەتیدایە کە قەیرانێکی ئایینیە کە ولایەتی فەقیە براوەتە ئەو ئاستەی بۆچوونەکانی وەک ئاینی ١ تەماشا بکرێن، هەرچەندە هەموو شیعە مەزهەبەکان بەتایبەت ریفۆرمخوازەکان ئەوەیان قبوڵ نییە.

شیعەی ١٢ ئیمامی بڕوایان بەمەعسومیەتی ئیمامەکانیان هەیەو بۆچوونەکانیان بردونەتە ئاستی ئایینی ١، کەواتە ئەو ریفۆرمەی لێرەدا پێویستە بکرێت، بریتیە لەکەمکردنەوەی موقەدەسەکانو لابردنی ئەو هەموو گەندەڵییەی لەچوارچێوەی موقەدەسدا روویداوە.

هەرچی ئاستی دووەمی ریفۆرمە پێویستە لەئاینی ٢دا بەرجەستەبکرێت، بەرجەستەکردنی ئەو ریفۆرمەش لەپێش گریمانەیەکەوە دەستپێدەکات کە ئاینی ٢ بەشێک نییە لەئایین، بگرە زۆرجار کۆسپی بەردەم ئاین بووەو نەیهێشتوە ئاین وەک هێزێکی سەرو مرۆیی خۆی نمایشبکات، بەڵکو ئاینی مرۆییانە کردووەتەوەو خەسڵەتی ئاینیشی بەسەر ئەو مرۆیی بوونەدا سەپاندوە، لەئاینی ٢ مرۆڤەکان لەبەرگی ئایندا بەرجەستەدەبن، دەسەڵاتی مرۆڤەکان دەبنە دەسەڵاتی ئاینو پیرۆزی بەبەری خۆیاندا دەکەن، سنوورو چوارچێوە بۆ مرۆڤەکانی تر دادەنێنو رێگای تێگەیشتن لەئاین دیاریدەکەن، ئەڵبەتە ناکرێت لێرەدا ئێمە ئەم بۆچوونەمان بەئاراستەی دژە تەفسیرکردنی دەقدا ببەین، چونکە دەقەکان هەمیشە پێویستیان بەتێگەیشتنە، ئێمە هەمیشە تێگەیشتنمان هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت ئەوەیە کە ئەو تێگەیشتنانە وەک تەفسیر تەماشا بکرێن، ئەو تێگەیشتنانە نەبنە ئاینو چوارچێوەی ئاین، ئیمامی عەلی زۆر بەجوانی ئەو مەبەستەی روونکردوەتەوە کە دەڵێت: دەقەکان قسە ناکەن، ئەوە مرۆڤەکانن دەقەکان دێننە گۆ، لەقورئانی پیرۆزدا زۆر بەڕوونی باس لەبەئاینکردنی ئاینی ٢ کراوەو سەرکۆنەی ئەهلی کیتاب دەکات بەوەی ئاینی ٢یان کردوەتە ئاینی ١، بەو مانایەی تەفسیر شوێنی دەقی گرتوەتەوە، دەفەرموێت (اتخذ احبارهم ورهبانهم اربابا من دون الله) کە ئەگەر تەفسیری ئەو ئایەتە پیرۆزە لەهەر راڤەکارێک بپرسین، دەڵێت ئەوەی تەنها بۆ خوایە دەیاندایە راڤەکارانی ئاینەکەیان، بەڵام بەشێوەیەک لەشێوەکان ئێستاکە خوی ئەو حەقەش دەداتە کەسانی تر، د. عبدالكريم زەیدان لەپێشەکی کتێبی (الوجيز في اصول الفقه)دا دەڵێت زانستی ئسوڵ لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا دانرا، ئەویش لەئەنجامی بەرفراوان بوونی جیهانی ئیسلامیو زۆربوونی ئیجتهاد، ئەوەش بۆئەوەی رێگری بکرێت لەخراپ تەفسیرکردنی ئاین.

ئەڵبەتە پێویستە لێرەدا ئێمە دوو خاڵ لەو بۆچوونەی زەیدانەوە دەربهێنین، خاڵی یەکەمیان ئەوەیە کە ئاین وەک هەرشتێکی دی گریمانەی خراپ تەفسیرکردنی هەیە، گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت خراپ بەکاربهێنرێت، زانای پایە بڵندی کوردیش مامۆستا ناسری سوبحان بۆچوونێکی لەو جۆرەی هەیە کە ئەو بەوشێوەیە باسی دەکات کە ئاین وەک رێپیشاندەر یا ئاین وەک پاساو، ئاین وەک ئەوەی کە بخوێندرێتەوەو لێیەوە گریمانەکانی ژیانی باوەڕدار دابڕێژرێن یا ئاین وەک ئەوەی ئێمە پێش گریمانەیەکمان هەبێتو بگەڕێینەوە بۆ ئاین پاساوی بۆ بدۆزینەوە کە ئەو پێیوایە تەنانەت سەدامیش دەتوانێت لە جۆری دووەمدا پاساو بۆخۆی پەیدا بکات وەک چەمکی ئەنفالی تەوزیف کردەوە، خاڵی دووەمیشیان ئەوەیە ئێمە دەتوانین رێگری بکەین لەخراپ تەفسیرکردنی ئاین، ئەڵبەت ئەم خاڵەیان هەڵدەگرین تاوەکو دواتر قسەی لەسەر بکەین، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە هەموو راڤەکان نەک بەشێک نین لەئاین، بەڵکو زۆرجار خراپ بەسەریدا شکاونەتەوە، دانانی یاساکانی ئیجتهاد زادەی عەقڵی مرۆڤنو مرۆڤەکانیش دەتوانن بیانگوزەرێنن، هەرچەندە لەوانەیە رێگریشیان لەخراپ بەکارهێنانی ئاین کردبێت، بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێین رێگریشیان لەباشتر بەکارهێنانی ئاین کردوە، رێگریشیان لەگەشەپێدانی کۆمەڵگا کردوە. ئالێرەوە وەک لەپێشەوەش باسمان کرد ئێمە لەپێش گریمانەیەکەوە دەستمان پێکردوە کە ئەویش ئەوەیە ئەو تەفسیرانە ئاین نینو زۆر جیاوازن لەئاین، ئالێرەوە تێکڕای بەرنامەی سەلەفیەت دەکەوێتە بەردەم پرسیارەوە، چەمکی سەلەفی ساڵحو زانایانی پێشینو ...هتد رەچاو ناکرێن، ئالێرەوە دەرگا بەڕووی تەفسیردا دەکەینەوە، ئالێرەوە ئاین جارێکی دی دێتەوە ناو بازنەی تەفسیرکردنەوە، بەسەردەمی کردنەوە، ئالێرەوە ئیجتهاد بێسنوور دەبێتو ئەو یاسایانەی کە بۆ ئیجتهاد دانراون پەیڕەو ناکرێن.

کەواتە تەنها بەقبوڵکردنی ئەو پێش گریمانەیە ئێمە لەهەموو ئەو قەیرانانەی ئاین رزگارمان دەبێت، چەند جارێکی تریش ئەم خاڵەم ئاماژە پێکردوە، چاوەڕوانیو پرسیاری مرۆڤی ئەم سەردەمە جیاوازترە لەمرۆڤی کۆن، پێویستە ئاینیش لەئاست ئەو چاوەڕوانیانەدا بێت.

سروش دەباغ پۆلێنکردنێکی بۆ فیکری باوکی کردوە لەسەرەتای ئەو کتێبەیدا کە بەناوی (اين در اينه) بڵاویکردوەتەوەو باس لەنهێنییەکانی بەدەمەوەچوونی بانگەوازی پێغەمبەران دەکات (علل اقبال بدعوت انبيا) خاڵێکی زۆر روونی وروژاندوە ئەویش لەئاست چاوەڕوانیدا بوونە، هەر ئەوەش دەتوانرێت وەک جارێکی تر لەپانتایی تەفسیردا بەرجەستە بکرێتەوە.

ئالێرەوە بەرنامەی تەفسیری ئاینی پێشینو شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەقداو بەراوردکردنی عەقڵو دەق گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لەو بوارەشەوە دەتوانرێت رۆڵێکی زیاتر بۆ عەقڵ بگێڕدرێتەوە لەبەرامبەر نەقڵدا، ئەو بۆچوونەی کە تەفسیر وەک ئاین تەماشابکرێت زادەی دوای داخرانو هەستکردن بەلاوازی شارستانیەتی ئیسلامیە، یا روونتر بڵێین رەها نییەو بەشێک لەزانایانی ئاینیش دژی ئەو بۆچوونە بوون، تەنانەت ئیمامی شافیعی دەڵێت بۆچوونەکەی خۆم بەڕاست دەزانم ئەگەری ئەوەش هەیە هەڵەبم، ئەو دەستەواژەیەی بەرامبەر بەهەموو ئەو تەفسیرکردنانەی خۆی بەکارهێناوە.

هەرچی پانتایی سێیەمی ریفۆرمی ئاینیشە بریتیە لەتەحیقیقاتی دەرەکی ئاین، هەموو بۆماوە کلتوریو فەرهەنگیەی کە بەهۆی ئاینەوە یا لەژێر قەڵەمڕەوی ئایندا بەرهەمهاتوون کە وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئەم بازنەیەیان گەندەڵترین بازنەی ئاینە، ئەم بازنەیەیان پڕە لەخورافەو لادانو بچوککردنەوەی مرۆڤ، پڕ لەتەقدیسکردنی بێسەروبەر پڕ لەمامەڵەی هەڵە.

مێژوو ئەوەی دەرخستوە کە لەسەرەتای ئاینەوە ئاین خاڵی بووە لەخورافە وەک سروش دەڵێت سازگار بوو لەگەڵ مرۆڤدا تینویەتی مرۆڤی دەشکاند، بەڵام هەنوکە پڕ بووە لەخورافە، سروش کە خۆی لەدایکبووی منداڵدانی قەیرانی دەسەڵاتی ئاینیە، زۆر جوان دەرکی ئەوەی کردوە، دەرکی ئەوەی کردوە کە ئێستاکە تەنها بەرەخنەگرتنی لەولایەتی فەقیە فەتوای کافربوونی بۆ دەردەکرێت، سروش باش لەوە تێدەگات پێویستە ئاین نەکرێتە تریانکی گەلان، تریانکی بەنگکردنی گەنجانو هاندانیان بۆ توندوتیژی، بەنگکردنیان رێگریکردن لەگەشەی عەقڵیان.

ئاستی سێیەمی ریفۆرم خوازیاری ئەوەیە پەیوەندیەکانی مرۆڤو تەتبیقاتی ئاین دووبارە دابڕێژرێنەوە، هەستی ئاینی مرۆڤ جارێکی دی دابڕێژرێتەوە، پانتاییە جیاوازەکانی ئاین تەوزیف بکرێنەوە، ئاین بکرێتەوە بەپەیامی رەحمەت بۆ مرۆڤایەتی، پلۆرالیزمی مەعریفەی ئاینی بێتەوە کایە، چونکە ئاین ئەگەر بڕوای بەعەقڵ هەبێت پێویستە دەرەنجامەکانی عەقڵیش قبوڵ بکات، ئاین بێتەوە بەرەو قبوڵکردنی سەرچاوەکانی دەرەوەی ئاینو تەفسیری تەفسیر کۆتای بێت.

# چەمکی فەلسەفە لای شەریعەتی



و: ئیسماعیل سەعدی

فەلسەفە لەبەشەکانی زانستدا بەمانای فراوانی ئەو دێت، واتە جۆرێک لەبەئاگابوون لەجیهان دێت، بەڵام ئەم بەئاگابوونە لەگەڵ بەئاگایی هەستو ئەزموندا جیاوازی هەیەو لەم روانگەیەوە فەلسەفە لەبەرامبەر زانستدا بەواتای دووەم (ئاگایی ئەزمون) دێت.

لەسەدەکانی رابردوودا وشەی فەلسەفە وەک هاومانایەک لەبەرامبەر وشەی زانست بەکاردەهێنرا، نیوتنو کپلرو گالیلۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانی خۆیان زیاتر لەفەلسەفەی سروشتیدا دەبینییەوە، هەمان ئەو زانستەی کە ئەمڕۆ خوێندکاران لەزانکۆو خوێندنگاکاندا دەیخوێنن، چەندەها بەشی تایبەتی لەزانکۆکاندا هەیەو بەناوی "بەشی خوێندنی فەلسەفەی سروشتی"، مەبەستیشی فێربوونی زانستی سروشتییە، فەلسەفە لەلای ئەرستۆگەراکان تایبەت بوو بەدوو بوارەوە، ئەوانیش حیکمەتی پراکتیکی "عەمەلی"و حیکمەتی تیۆری "نەزەری"،

حیکمەتی تیۆریش سێ بواری هەیە ئەوانیش بریتین لە:

١- حیکمەتی سروشتی.

٢- حیکمەتی ماتماتیک.

٣- حیکمەتی میتافیزیکی.

هەروەها حیکمەتی پراکتیکیش سێ بوار دەگرێتەوە کەئەوانیش:

٤- ئەخلاق "مۆراڵ".

٥ - بەڕێوەبردنی وڵات "سیاسەتی شار".

٦ - بەکارهێنانی بیرو فیکر لەبەڕێوەبردنی ماڵدا.

فەلسەفە بەواتای تایبەتی تەنها لەحیکمەتی میتافیزیکەوە سەرچاوە دەگرێتو لەراستیشدا ئەم بەشەی دوایی بوو کە گەشەی فراوانی بەخۆیەوە بینیو فەیلەسوفانی هەرشوێنێکیش هەرکاتێک ناوی وشەی فەلسەفەیان ببردایە ئەوا مەبەستیان حیکمەتی میتافیزیکی بوو، فەیلەسوفیش کەسێک بوو کەبەباشی شارەزایی هەبوو لەمیتافیزیک.

لەلایەکی ترەوە فەیلەسوف بوونو بوون بەحەکیم بەهۆی شارەزایی بوون نییە لەماتماتیکو فیزیا، بەڵکو بەهۆی بەئاگابوونی ئەو کەسەیە لەحیکمەتی ئیلاهی.

ئەو قسەیەش کە دەڵێن زانستی ئەزمونیی بەپلەپلە لەفەلسەفە جیابووەتەوەو سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووە، قسەیەکی زۆر بێماناو گومڕاکەرانەیە، چونکە ئەگەر مەبەست لەفەلسەفە بەواتای گشتی بێت ئەوا هەموو زانستەکان بەشێکن لەفەلسەفە، واتە فەلسەفە ناوێکە بۆ هەموو ئاگاییەکانی مرۆڤو لەناو ئەوانیشدا زانستی ئەزمونیی.

ئەگەر فەلسەفەش بەمانای تایبەتی واتە "میتافیزیکی" بێت، ئەوا لەم بارەشدا زانستی ئەزمونی هیچ کاتێک نەبووەتە بەشێک لەفەلسەفە تاوەکو لەو جیابوبێتەوەو سەربەخۆیی خۆی وەرگرتبێت.

بۆیە لەم رووەوە کاتێک فەلسەفە لەبەرامبەر زانستی ئەزمونییەوە دائەنێین، ئەوا مەبەست لەمیتافیزیکە، ئەگەرنا فەلسەفە بەمانا فراوانەکەیو زانستیش بەمانا فراوانەکەی دوو وشەی هاوواتان.

فەیلەسوفیش واتە زانستدۆست یان هاوەڵی زانست، لەم بارەیەوە کاهینی کەنیسەی دلفی لەبەرامبەر پرسیارێکدا کەلێی دەکرێت کەئایا زاناترین کەس کێیە؟ لەوەڵامدا وتبوی "سوکراتە"، بەڵام سوکرات دەڵێت من لەهەمووان نەزانترم، بەڵام هۆکاری ئەوەی کەمنیان بەزاناترین کەس داناوە ئەوەیە کە بەنەزانینی خۆم زانام، بۆیە لەم رووەوە وشەی فەیلەسوفی بۆخۆی هەڵبژاردبوو.

فەلسەفە لەئەمڕۆدا لەفەرهەنگی رۆژئاواییەکاندا واتای وێژەی وەرگرتووە، زانستەکانی وەک فەلسەفەی مێژوو، فەلسەفەی زانست، فەلسەفەی ئەخلاق، فەلسەفەی هونەر ..... هتد لەفەلسەفەوە بەرهەمهاتوونو گەشەیان کردووە، لەم بارەیەوە پێویستە بەوردیو بەئاگاییەوە بەواتای ئەم وشەیە لەبەرکارهێنانیدا مامەڵەبکەین.

فەلسەفە لەهەموو ئەم بوارانەدا بەواتای "زانستناسی" دێت، بۆنمونە فیزیا زانستێکە کە لەگۆڕانی مادەوزەو پەیوەندی تەنەکان، هێز، خێرایی، بەردەوامی، پەستان، وزەی ئەلکترۆنی، رووناکی، بواری موگناتیسی ...... هتد دەکۆڵێتەوە، راستیەک کە لەفیزیادا هەیە ئەویش ئەوەیە کە فیزیا زیاتر توێژینەوە لەسەر سروشتی دەرەوەی دەکات، ئەو زانستەش کەئێمە بەئەم بوارە ئاشنادەکات "فیزیای ناوە".


دوای ئەوەش کە لەسروشتی دەرەکی زانیارییەکان بەدەستهاتنو زانستی فیزیا لەدایکبوو، لەئێستادا خودی ئەم زانستە "واتە فیزیا" وەک زانستێکی هەبوو کاریگەر توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەردەکرێت، واتە لەچۆنیەتی لەدایکبوونو گەشەسەندنو سەرهەڵدانی زانستی فیزیا، لەجۆری تیۆرییەکانی ئەم زانستە، لەو گۆڕانانەی کە بەسەریدا هاتوون، لەو یاساو رێسایانەی کەپەیوەندییان بەم زانستەوە هەیە، لەو بوارەی کەکاری تیادەکات .... هتد، بەردەوام پرسیاری لەبارەوەدەکرێتو بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن، ئیتر لێرەوە فەلسەفەی زانستی فیزیا دەردەکەوێت.

فەلسەفەی زانستی فیزیا لەراستیدا خۆی زانستێکە کە لەزانستی فیزیاو ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانە دەکۆڵێتەوە کەتایبەتە بەزانستی فیزیاوە، ئەمە لەکاتێکدایە کەخودی زانستی فیزیا زانستێکە لەدەرەوەی ئەم لایەنەوە دەدوێت، دەبێت ئەوەش بڵێین کەزانستی فیزیاو فەلسەفەی زانستی فیزیا دوو زانستی دژبەیەک نین وەک هەندێ کەس واگومان دەبەن، چونکە بەزیاتر شارەزابوون لەزانستی فیزیا بەفەلسەفەی زانستی فیزیا دەگەی، هەروەها فەلسەفەی زانستی فیزیاو خودی زانستی فیزیا لەباری درێژیدا ئەگەنەوە بەیەک، نەک لەباری پانیدا، لەبارەی زانستی مێژوو، فەلسەفەی زانستی مێژووشەوە وەک دەزانین زانستی مێژوو زانستێکە قسە لەسەر رووداوەکانی رابردوو، گواستنەوەو شیکردنەوەیان دەکات، بەڵام فەلسەفەی زانستی مێژوو زانستێکە لەبارەی چۆنیەتیو تواناو سنورەکانی زانستی مێژووەوە دەدوێت، ئەو پرسیارانەی کە لەزانستی مێژوودا دەکرێن، لەم پرسیارانەن بۆنمونە راپەرینە گەورەکەی فەرەنسا چۆن سەریهەڵدا؟ هۆکارەکانی چی بوون؟ ئەنجامەکەی بەچی کۆتاییهات؟ کاریگەری ئەو لەسەر پیشەسازی چی بوو؟ لەڕووی سیاسییەوە چ گرنگییەکی هەبوو؟ چ کاریگەریەکی لەسەر وڵاتانی تر دانا..؟ بەڵام ئەو پرسیارانەی کە لەبارەی فەلسەفەی مێژووەوە دەکرێن، لەم شێوازانەن بۆنمونە: چۆن دەتوانی لەمێژوودا پێشبینی رووداوەکان بکەین؟ ئایا زانستی مێژوو زانستێکی ئەزمونییە؟ ئایا دەکرێ یاسای مێژووییمان هەبێت؟ ئایا مێژوو هونەر یان زانستە؟ ئایا ماوەی گەڕانو لێکۆڵینەوە ماوەی ئەزمونییە؟ لەم جۆرە پرسیارانە لێرەوە بەباشی تێدەگەین کە جۆری پرسیارەکان جیاوازن، لەکاتێکدا کۆمەڵەی پرسیارەکانی پێشوو تایبەتن بەرووداوەکان لەدەرەوەی مێژوو، بەڵام کۆمەڵە پرسیارەکانی دووەمجار ئەو پرسیارانەن کەتایبەتن بەخودی زانستەکەوە.

لەکۆتاییدا دەڵێین فەلسەفە تێکەڵیەکە لەمەنتقو رەوشناسیو بەهیچ شێوەیەک فەلسەفە بەمانای مابعد الطبيعة (فیزیا) لەگەڵ فەلسەفە بەواتای فراوانی ئاگایی، هاوواتای یەکتری نینو ئەم دوو شتە نابێت یەک واتایان بۆ دابنرێ.



# کۆمپیوتەرێك بۆ خوێندنەوەی مێشك



زاناکانی وڵاتی بەریتانیا پرۆگرامێکی کۆمپیوتەرییان دروستکردووە کە دەتوانێ بەناو مێشکی مرۆڤدا بگەڕێتو یادەوەرییە تێکەڵو پێکەڵەکانی ناوی لێک جیا بکاتەوە.

ئەم کارە هەنگاوێکی پێشکەوتووترە لەدیاریکردنی ئەو جیاوازییانەی لەکاتی پرۆسەی بیرکەوتنەوەدا ڕوودەدەن، لەڕێی ئەم پرۆگرامەوە دەتوانی بزانی کە یادگارییە جیاوازییەکانت کەوتوونەتە کوێی مێشکتەوە، هەروەک دەتوانی بزانی ئەو یادەوەرییانەی لەداهاتوودا دێنە مێشکەوە دەچنە کام جێگەیەو چۆن دەشاردرێنەوەو چ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا دێت.

# بیری ژنان لەهی پیاوان تیژترە



بەپێی لێکۆڵینەوەیەک ژنانی تەمەن مامناوەند بیریان لەبیری هاوتەمەنەکانیان لەڕەگەزی بەرامبەر کە پیاوە باشترە، لێکۆڵینەوەکە لەڕۆژنامەی دەیلی تەلەگرافدا بڵاوکراوەتەوەو تێیدا هاتووە لەتێستی بیری ژنانی تەمەن ٥٠ساڵو پیاوانی هاوتەمەنیانەوە دەرکەوتووە کە ئەدای بیری ژنان لەهی پیاوان باشترە لەڕووی خێرایی بیرهاتنەوەو وتنەوەی ئەو ناوانەی کە بیستوویانە بەشێوەیەکی دروست.

لەلێکۆڵینەوەکەدا زیاتر لە٩٦٠٠ ژنو پیاو بەشدارییان پێکراوەو تێستی بیرتیژییان بۆ کراوە، تێستەکان بەسێ قۆناغ ئەنجامدراونو لەیەکەم تێستدا ژنان بەڕێژەی لەسەدا ٥ لەپیاوان سەرکەوتووترو لەدووەمیاندا بەڕێژەی لەسەدا ٨ سەرکەوتووتر بوون، لەتێستی سێیەمیشدا دەرکەوتووە ژنان لەپیاوان خێراتر شتەکانیان بیردەکەوێتەوە.

# بیۆنس یارمەتی ئالودەبووەکان دەدات

بیۆنسی گۆرانیبێژی بەناوبانگ سەنتەرێکی جوانکاری تایبەت بەخۆی کردەوە، سەنتەرەکە لەبرۆکلینەو ناوی ناوەندی جوانکاری بیۆنسە، ناوەندێکی پەروەردەییەو مەبەست لەدامەزراندنی خزمەتکردنە بەو کەسانەی ئالوودەی مادە هۆشبەرەکان بوونو دواتر وازیان لێهێناوە،بۆئەوەی فێری کارێک ببن.

# سارکۆزی هەرگیز خیانەتم لێناکات



کارلا برونی هاوسەری نیکۆلا سارکۆزی سەرۆک کۆماری فەرەنسا ئاشکرایکرد دوای سێ مانگ لەناسینی سارکۆزی، چوونەتە نێو ژیانی هاوسەرگیرییەوە، ئەوەش لەبەرئەوە بووە کە خەڵک زۆر باسیان نەکاتو گۆڤارو ڕۆژنامەکان لەسەریان نەنووسن.

سەبارەت بەو پڕوپاگەندانەی بەم دواییە بۆ هەریەک لەو دوو هاوسەرە کرا لەبارەی ئەوەی ناپاکییان بەرامبەر بەیەکتر کردووە، برونی وتی "ئەو عەشقە ئەفسانەییەی لەنێوانماندایە هەرگیز ڕێگە بەوە نادات خیانەتم لێ بکاتو ناپاکیم لەبەرامبەر ئەنجامبدات".

# مادۆنا دیزاینی جلی منداڵان دەکات





لوردیسی کچی مادۆنا

مادۆنای گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەمریکیو لوردیسی کچە ١٤ ساڵانەکەی بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن ئەو بەرهەمانەی کە تایبەتن بەمنداڵانو بریتین لەجلو جانتاو پێڵاوو پێداویستییەکانی خوێندنگە، لەڕێگەی کۆمپانیایەکی بەناوبانگەوە دەخەنە بازاڕەوە.

هەموو ئەو بەرهەمانە لەدیزاینی مادۆناو کچەکەینو بەناوی گۆرانییەکی مادۆناوە ناونراون کە "ماتریاڵ گێڵ"ە، هەروەک پێشبینی دەکرێت مادۆنا لەساڵی ٢٠١١دا بچێتە نێو سێکتەری بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی جوانکاریشەوە.

# نزیکەی یانزە هەزار کەس پێکەوە ژمارەی پێوانەییان شکاند

لەویلایەتی میزۆرام لەباکووری ڕۆژهەڵاتی هندستان ١٠ هەزارو ٧٨٠ کەس بەجلی کلتوری خۆیانەوەو پێکەوە سەمایان کردو ژمارەی پێوانەییان لەو بوارەدا شکاند. سەماکە بەمەبەستی پێشوازیکردن لەوەرزی هاوین لەڕووبەرێکی زیاتر لەسێ کیلۆمەتر دووجادا ڕێکخرابوو کە بۆ ماوەی ٨ خولەک بەردەوامبوو.

پێشتر ژمارەی پێوانەیی لەم بوارەدا بەناوی فلیپینییەکانەوە بوو کە لەسەمایەکی بەکۆمەڵدا ٧٧٠٠ کەس بەشدارییان کردبوو.





# ئەو منداڵانەی لەگەڵ مۆزیکدا گەورە دەبن سەرکەوتوونو بەختەوەرترن



منداڵەکان بەملیارەها خانەی مێشکیانەوە دێنە نێو دنیاوە، لەساڵانی سەرەتای تەمەنیاندا ئەم خانانەی مێشک هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دەدەن لەنێوان خۆیاندا، بەتێپەڕینی کاتیش پەیوەندییەکان بەهێزتر دەبن، ئەو خانانەش کە بەکارناهێنرێن دەمرنو لەناودەچن.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە گەر منداڵێک وای لێبکرێت گوێ لەمۆزیکا بگرێت، ئەوا مۆزیکاکە دەبێتە هاوکاری دروستبوونی پەیوەندیو ڕێگەی نوێ لەنێوان خانەکاندا،

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەو منالانەی لەسکی دایکیاندا بەگوێگرتنی دایکەکە لەمۆزیکاو دوای لەدایکبوونیشیان بەمۆزیکا گەورە دەبن لەبوراەکانی داهێنانو بوارە کۆمەلایەتییەکانو بیرتیژیو بیرکاریو زمانو زیرەکییە هەستییەکاندا پێشکەوتنی زۆر بەرچاویان پێوە دیارە وەک لەوانی دیکە.

# ئەپڵ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ناوازەکەی دوادەخات



کۆمپانیای ئەپڵ بڵاویکردەوە ئەو ئامێری "ئای پاد"ەی چەند مانگێکە ریکلامی بۆ دەکرێت، بریتییە لەتەلەفۆنێکی زیرەکو کۆمپیوتەرێکی گوازراوە پێکەوە، لەکۆتایی ئەم مانگەدا ناخرێتە بازاڕەوە، بەڵکو دوا دەکەوێت بۆ سەرەتای مانگی داهاتوو.

بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەیەی لەگروپی ئەپڵەوە بڵاوکراوەتەوە هەموو جۆرەکانی ئای پادە نوێیەکە لەسێی مانگی نیسانەوە تا کۆتایی مانگ دەخرێنە بازاڕەکانەوەو بەسەرانسەری جیهاندا بڵاودەکرێنەوە.

# میوە گورچیلەکان دەپارێزن

چەند لێکۆڵینەوەیەک دەریانخستووە کە هەندێک میوە هەن سوودی زۆریان بۆ گورچیلەکان هەیەو دەیانپارێزن لەدروستکردنی بەردی گورچیلە.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستوە خواردنی ئەو میوانە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە پێشتر بەردیان هەبووە ڕێگری دەکات لەدووبارە دروستبوونەوەی بەرد لەگورچیلەدا، ئەوانەش بریتین لەلیمۆو پرتەقاڵو سندیو نارنج، هەروەک دەریشیانخستووە بۆ ڕێگریکردن لەدروستبوونی بەرد لەگورچیلەکاندا سپێناخو گوێزو کاکاوو گەڵای چاو کەپەکی گەنم سوودی زۆریان دەبێت.



# پیاوێك بەسەیرکردنی فیلم کارتۆن ژمارەی پێوانەیی دەشکێنێ



پیاوێکی تەمەن ٥٢ ساڵ کەخەڵکی هەنگاریایە، بەسەیرکردنی فیلم کارتۆن بۆ ماوەی ١٠٤ سەعات بەبێ وەستان، ژمارەی پێوانەیی شکاند.

لەبۆدابستی پایتەختی هەنگاریا پێشبڕکێیەک بۆ سەیرکردنی فیلم کارتۆن لەیەکێک لەسینەماکانی ئەو وڵاتە سازکراو ١٤ کەس بەشدارییان تێدا کرد، بەڵام لەسەری ١٠٤یەمین سەعاتدا تەنها کەسێک لەهۆڵی سینەماکەدا مابۆوە ئەویش لەکۆتایی ئەو سەعاتەدا هۆڵەکەی بەجێهێشت.

ئەو پیاوە نەیتوانی ناوی خۆی بخاتە نێو کتێبی گینسەوەو ژمارەی پێوانەیی پێشوو بشکێنێ کە١٢٤ سەعاتە، بەڵام لەسەر ئاستی وڵاتەکەی یەکەم بوو.

## کاور



(٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

لەجیاتی کارکردنی زۆرو جدی ئەم هەفتەیە بەفەنتازیاوە بەسەر دەبەیت، بیرۆکەی زۆر داهێنەرانە لەمێشکتدا دروستدەبن، نیازێکی تەواوت هەیە بۆ وەدی هێنانی خەونەکانت.

## گا



(٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

هەوڵ مەدە لەم هەفتەیەدا بەتەنها بیتو لەماڵەوە بمێنیتەوە، چونکە پەشیمانی بەدوادا دێت، لەوانەشە بەوهۆیەوە هەلێکی بەنرخت لەدەستبچێت، لەگەڵ کەسانی دەوروبەرو هاوڕێکانتدا دڵخۆش دەبیت.

## دووانە



(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوو پێویست ناکات خەمی بەرپرسیارێتییەکانت هەبێت، لەوانەیە دڵخۆش نەبیت بەژیانی ڕۆژانەتو هەستێکی بەهێزت هەبێت بۆ دەربازبوون بەهەر هۆکارێک بێت.

## قرژاڵ



٢١ حوزەیران - ٢٢ تەمموز

کاریگەری هەسارەکان لەسەرت کەمو کورتخایەن دەبن، هەندێک شەو لەم هەفتەیەدا زۆر ماندووت دەکات، پێویستە خۆتی بۆ ئامادە بکەیت پێش دەستکردن بەهەر کارێک.

## شێر



(٢٣ تەمموز - ٢٢ ئاب)

پێویستە بەتەنگ هاوڕێکانتەوە بیت، بەتایبەت ئەوانەی بۆنەیەکیان هەیە لەبیریان نەکەیت، خۆتت لەبیرنەچێتو هەندێک کات بۆ خۆشیو گەڕانەکانت دابنێ.

## فەریک



(٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

پێویست ناکات لەبارەی هیچ شتێکەوە دوودڵ بیت، لەمۆراڵێکی باشدایتو دەتوانی لەزەت لەشتە بچوکو سادەکانی ژیان ببینیت، لەم هەفتەیەدا خۆت بەپەیداکردنی پارەوە سەرقاڵ مەکە.

## تەرازوو



(٢٣ ئەیلول - ٢٢ تشرینی یەکەم)

پێویست بەشاردنەوەی هەستە زۆر قوڵەکانت ناکات لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا کە زۆر لێت نزیکن، بەتایبەت کە ناتوانی لەبەرامبەر کەسانی کاوڕ یان قرژاڵدا هەستەکانت سنوردار بکەیت.

## دووپشک



(٢٣ تشرینی یەکەم - ٢١ تشرینی دووەم)

بڕوا بەخۆبوونت لەئاستێکی باشدایە، پێدەچێت لەم هەفتەیەدا سەرەتا بۆ پەیوەندییەکی سۆزداری نوێ دابنێیت، ئەوەش لەڕێی یەکتر بینینێکەوە دەبێتو پەیوەندییەکی درێژخایەنە.

## کەوان



(٢٢ تشرینی دووەم - ٢٠ کانونی یەکەم)

ئەم هەفتەیە لەهیچ شتێک مەترسەو بەوپەڕی ئازایەتییەوە ڕووبەڕووی شتە ناخۆشەکان ببەرەوە، مەرج نییە ئەو کەسانەی دەوروبەرت هەموو کاتێک قسە ڕاستەکانت بۆ بکەن.

## گیسک



(٢١ کانونی یەکەم - ١٩ کانونی دووەم)

لەوانەیە ڕۆحی ئازادت لەم هەفتەیەدا هەندێک کێشەی بچوکی بۆ دروست بێت، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرت پلانەکانت هەڵوەشێنیتەوە با هاوڕێکانیشت پێیان خۆش نەبێت.

## سەتڵ



(٢٠ کانونی دووەم - ١٨ شوبات)

پێویست ناکات لۆمەی خۆت بکەیت لەنەبوونی تەرکیز، کاتی خۆش لەم هەفتەیەدا بەسەر دەبەیتو چەندین کەس دەناسیت کە سوودی زۆریان بۆ ژیانی داهاتووت دەبێت.

## نەهەنگ



(١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

پێویستە ئیرادەی خۆت پیشانی هەموان بدەیت، چونکە کاتێکی گونجاوترت لەم هەفتەیە دەست ناکەوێ بۆ ئەو کارە، پێویستە ڕێگە بەو کەسانە نەدەیت کە هەوڵ بۆ پەراوێزخستن دەدەن.

دەستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە. هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی

هەرێمی کوردستان، سلێمانی ـ شارێی سالم،
تەلاری میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١

ژمارە (٢٣) ، ساڵی یەکەم
چوارشەممە، ٢٠١٠/٣/١٧
www.destur.net
info@destur.net

## دەلاقە

خالیدی حاجی ئەحمەد

# ئیش کە رووی ئێستا لەهەورازە سەرەولێژی نەکەی

هێشتا دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان بەتەواوی لای کەس روون نییە، تەنانەت کەفوکوڵی بانگەشە بەدروستی کۆتایی پێنەهاتووە، وا لایەنە سیاسییەکان بەگشتیو بەتایبەتیش عەرەبەکان کە کاربەدەستی یەکەمی عێراقن لەهەوڵی پێکهێنانی حکومەتدانو پێدەچێت ئەمەش دواجار بێت لایەنە عەرەبەکانی شیعەو سوننە پێویستیان بەکورد ببێتو لەهەوڵی کەمێک رازیکردنیدا بن.

سەرەتا دەبێت سیاسەتمەدارانی کورد ئاگاداری ئەو راستییە بن کە خەڵکی کوردستان گلەییەکی زۆری لەهێزە سیاسییەکانمان هەیە (بەهێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانیشەوە)، بەتایبەت ئەو دەنگە زۆرەی لیستێکی عەرەبی کە لەلیستە کوردییەکانی تێپەڕێنێت لەهەڵبژاردندا، ئەو پرسیارە دەوروژێت کە چۆن تورکمانو عەرەبی شیعەو سوننە وا دەتوانن کۆک بنو کوردیش لەقودسو دڵەکەیدا نەتوانێت ئەو پێگە سیاسییە بەدیبهێنێت، ئەوەی جێی داخە دوای دەرەنجامەکەش هێشتا ماڵی کوردیی رووی نەکردۆتە گفتوگۆیەکی جدی نێو پێکهاتەکانی، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەهەوڵی ئەوەدایە ئەو کورسیو پێگانەی لەم هەڵبژاردنەدا کە گوایە بۆ بەغدایە، لەکوردستاندا تەوزیف بکاتو سودی ناوخۆیی لێ ببینێت.

هەرچی سەبارەت بەلێک تێگەیشتنو گفتوگۆیە هێشتا هێزەکانمان وەک لەڕاگەیاندنەکانیانەوە دەردەکەوێت لەبازنەی حکایەتی مێشیان تێنەپەڕاندووە، دەسەڵات، کە زیاتر ئاماژەیە بۆ یەکێتیو پارتی، دەڵێت ئێمە داواکاربووین کورد بەیەک لیست دابەزێت لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا تا دەنگی کورد بەفیڕۆ نەڕۆشتایە، هەرچی ئۆپۆزیسیۆنیشە دەڵێت دەبێت جارێ ماڵی خۆمان لەکوردستان رێکبخەین ئەوجا داوای یەکڕیزیی بەغدامان لێبکرێت، لەم گێژەنەدا ئەوەی زیانی کردوە کوردستانو دانیشتوانەکەی بووە کە تێکڕا دەبنەوە لایەنگرانی دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن، ئەم خاڵە مەترسیدارە کەمتر گرنگی پێدەدرێتو بەدروستی وەک شێوازی شەڕی ناوخۆ، بەڵام لەئاستی شەڕێکی دەروونیدا هەردوولا لەهەوڵی ئەوەدان لایەنگرێکی زیاتر بۆ بۆچوونەکانیان کۆبکەنەوە، زیاتر لەوەی هەوڵی چارەسەری بدەن.

من پێموایە سەرەتای کردنەوەی ئەم گرێکوێرەیە دەکرێت لەڕوانگەیەکی ترەوە چارەسەر بکرێت، کێشەی کورد لەهەوڵی ئەوەدایە لەخودی خۆیدا قۆناغی مەترسی لەناوچوونی تێپەڕانیو ئەمەش بەشێوازێک (لەخۆڕوانین) لەلێکدانەوەو مامەڵەی هەستو سۆزەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستی هوشیاریو ئەقڵانیەتو دروستبوونی زاکیرەی کوردیو کوردستانی، لێرەشەوە هەرهێزێک بتوانێت دەستپێشکەری تێپەڕاندنی ئەو گرێیە بکاتو ماڵی کورد بەرەو تەبایی بەرێت ئەوا سەروەری بۆ دەنووسرێت، جا ئەو هێزە دەسەڵات بێت یان ئۆپۆزیسیۆن، بەتایبەتیش کە ئێستا راگەیاندێکی بەرفراوان لەکایەدایەو دەتوانێت بەئاشکراو بەدەنگێکی بڵند بڵێت کە چ تەنازولێکی بۆ لایەنەکەی تر کردوەو لەچ روانگەیەکەوەو بەچ نرخێک، من پێموایە جگە لەو لێکدانەوەیەش ئەرکێکی گەورە لەسەرشانی سەرۆکی هەرێمو لیستی هاوپەیمانییە کە ئەو دەستپێشکەرییە بکات، راستە لیستی هاوپەیمانی زۆرینەی دەنگی بەدەستهێناوەو لەلایەنی یاساییەوە ئەو مافەی هەیە کە لەهەوڵی دروستکردنی حکومەتدا بێت لەگەڵ لایەنە عێراقیە براوەکاندا، بەڵام مافی یاسایی ناکرێت بەرانبەر بەمافی دیموکراسیانەی کەمینەو مافی نەتەوەییو نیشتیمانی وەربگیرێت، هەروەک بۆنمونە لەبردنەوەی لیستی حەدبا لەموسڵدا دەبینرێت، وەک زۆر جار باس لەوە کراوە، مامەڵەی کورد لەبەغدا لەگەڵ حکومەتێکی دیموکراتیدا گەرچی بەرووکەش باشترە لەمامەڵە لەگەڵ حکومەتێکی دیکتاتۆردا، بەڵام کێشەی کورد بەپلەی یەکەم کێشەی مافەو مافیش یەکدەنگیەکی کۆنکرێتی دەوێت کە درزیی یاسایی تێنەکەوێت، بەتایبەت کە لەگەمەی دیموکراسیدا هەمیشە لایەنگریی لەکێشە رەواکەی کوردستان کەمتر دەبێتەوە. بۆیە باشترە بەر لەدروستکردنی حکومەتی بەغدا، سەرۆکی هەرێم هەموو لیستەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆبکاتەوەو لەکۆی لیستی هاوپەیمانیو ئۆپۆزیسیۆن، لیستێکی کوردستانی هاودەنگ پێکبهێننو هەمووان گفتوگۆو شەڕی خۆیان لەکوردستان بکەنو ئەوجا بچنە گفتوگۆو شەڕی بەغداوە، لەم رێگەیەشەوە کورد دەتوانێت سەنگێکی زیاتر بەدەستبێنێتو عەرەبەکانیش لەیەکڕیزی کورد بەئاگا بێنێتەوە.

دیسانەوە لەو یەکڕیزیەی بۆ بەغدا دەخولقێنرێت دەکرێت بناغەی گفتوگۆکە بگوێزرێتەوە بۆ ناوخۆی کوردستانو بکرێتە گفتوگۆی دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنو زیاتر چڕکردنەوەی دیموکراسیەک کە لەسەر بناغەی گفتوگۆ بنیات نرابێت نەک دڕدۆنگی دوانەی دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن بەرانبەر بەیەک.

